# دەروازەیەك لەڕووی
# كتێبخانەو زانیارییەكان

نووسین‌و ئامادەكردنی

**یاسین قادر بەرزنجی**

سلێمانی / ٢٠١٠

٠٢٠
ب ٩٢٣ بەرزنجی، یاسین قادر
دەروازەیەك لەڕووی کتێبخانەو زانیارییەکان/ نووسینی
یاسین قادر بەرزنجی .- سلێمانی: چاپوبلاوکردنەوە ، ٢٠١٠.
١٥٤ل: ٢١×١٥سم .-
١- کتێبخانە ، زانست ٢- ناونیشان

## دەروازەیەك لەڕووی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکاندا


- نووسەرو ئامادەکار: یاسین قادر بەرزنجی
- بابەت: توێژینەوە
- پیتچنیو هەڵەچنی: نووسەر
- نەخشەسازیی ناوەوە: پەیام ئەحمەد
- بەرگ:
- سەرپەرشتیاری کتێب:
- زنجیرەی گشتی کتێب:
- تیراژ: ( ) دانە
- چاپ: چاپخانەی
- نرخ ( ) دینار
- ژمارەی سپاردن: ( ) ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی دراوەتێ

# هەندێك زانیاریی گرنگ سەبارەت بەكارهێنانی كتێبخانە

**وتەیەك:**

یەکێك لەو نامیلکانەی سەبارەت بە کتێبخانەیە، بە ناونیشانی (کیف نستخدم المکتبة)یە و لە ئامادەکردنی (خلیل ابراهیم رجب)ـە، ساڵی ١٩٨٧ سەرۆکایەتی پەیمانگا تەکنیکییەکان لە بەغداد بە چاپی گەیاندوە.

ئێمە، کە دەمانەوێت چەند بابەتێکی تایبەت بە زانستو هونەرکاریی نێو کتێبخانەکان بخەینە بەردەستی کارمەندانی ئەم بوارە گرنگە و هەر کەسی دی بیەوێت سوودیان لێ ببینێت، ئەوا ئەم باسەی بەردەست کەم تا زۆر خزمەتی ئەو مەبەستە دەکات، هەرچەندە ئامادەکەری باسەکە نامیلکەکەی بەتایبەت بۆ کتێبخانەی "پەیمانگا تەکنیکییەکان" نووسیوە، بەڵام بە بەشێکی بایەخداری کتێبخانەی پەیمانگاو زانکۆکانو تەنانەت قوتابخانەو خوێندنگاکانییش، دادەنرێت...

**سەرەتا..**

بەوپێیەی کتێبخانەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ توێژەران، پێویست دەکات بایەخی گەورە بدرێت بە هەموو سەرچاوەکانو کەرەستەکانی، تا خوێنەر بتوانێت باشترین سوودی لێ ببینێت.

دەبێ کتێبو چاپەمەنییەکانو سەرجەم سەرچاوەکانی دیکەی بپارێزرێنو لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی وا بخرێنە بەرچاو کە خوێنەر بە ئاسانی سوودیان لێ ببینێت.

هەربۆیە رێکخستنی چاپکراوەکان بە شێوازی راستو گونجاو، کارئاسانی دەکات لەبەردەم خوێنەردا، تا بتوانێت بە ماندووبوونی کەمو لە ماوەیەکی کورتدا، چی دەوێت دەستی بکەوێت. لە هەمان کاتدا ئەم دیاردەیە رێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوان کە بەشوێن زانیاری دیکەدا بگەڕێنو سوودی باشتر لە کتێبخانەکە ببینن.

هەرچەندە گەشەکردن لە کتێبخانەکاندا دەبینرێتەوە، بەڵام لە چاو کتێبخانەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر لە دواوەین، یەك لە هۆیەکانی ئەمەش نەبوونی کادیری پسپۆڕ لە بەڕێوەبردنی کتێبخانەکانی ئێمەدا، هەروەها نەبوونی سیستمو بنەمای زانستیی پێویست بۆ رێکخستنی کتێبخانەکان.

**چۆن کتێبو چاپەمەنییەکان چنگ دەکەون؟**

گەر بتەوێت کتێبێك، یان هەر چاپکراوێکی دیکەت چنگ کەوێت، ئەوا دەبێت پەنا بەریتە بەر پێڕستی گشتیی چاپکراوەکان، واتە (فەهرەست)، ئیتر فەهرەستی هەر زمانێك بێت. پێڕستی گشتی بریتییە لە چەکمەجەکانی پاراستنی کارتی کتێبەکان، کە بەپێی پیتەکانی (ئەلف بێ) بۆ زمانی عەرەبیو زنجیرەی پیتەکان، بۆ زمانی ئینگلیزی



ڕێکخراون. ئیدی بە دۆزینەوەی ناوی نووسەر یاخود نازناوەکەی یان وەرگێڕ بە کاتێکی کەم، ناونیشانو بابەتی کتێبەکە دەدۆزرێتەوە.

بەهەمان شێوە، دەتوانریّ کۆی چاپکراوەکانی نووسەرێکی دیاریکراو، یان بابەتێکی دیاریکراو بدۆزرێتەوە.

کارتی فەهرەست ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر تۆمارە کە پێی دەوترێت ژمارەی پۆلێن (ژمارەی داواکردنی سەرچاوە)، کە دابەشبوونی کتێبەکان دەگەیێنێ بەپێی بابەتەکان، هەر ئەو ژمارەیە لەسەر بەرگی کتێبەکەش تۆمارە، بەپێی ئەو ژمارەیە کتێبەکە لە نێو خانەی دۆڵابدا دەدۆزرێتەوە.

**ژمارەکانی پۆلێن**

زۆربەی کتێبخانەکان پەیڕەوی سیستمی (دیوی دەیی) دەکەن، بەپێی ئەو سیستمە سەرجەم کتێبەکان بەسەر (١٠) بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێتو هەریەك لەوانیش بەسەر (١٠) لقی دیکەداو بەپێی درێژەی بابەتەکانیان دابەش دەبنەوە، (میلڤل دیوی)ی خاوەنی بیرۆکەی پۆلێن

کردنی (دیویی العشریی) ئەو ژمارانەی وەکو هێمایەك بۆ سەرجەم بابەتی زانستەکان داناوەو بەم شێوەیە:



میلڤل دیوی

٠٠٠-٠٩٩ زانیاریی گشتی

١٠٠-١٩٩ فەلسەفەودەروونناسی

٢٠٠-٢٩٩ ئایینەکان

٣٠٠-٣٩٩ زانستە کۆمەڵایەتییەکان

٤٠٠-٤٩٩ زمانەکان

٥٠٠-٥٩٩ زانستە سروشتییەکان

٦٠٠-٦٩٩ زانستە پراکتیکییەکان

٧٠٠-٧٩٩ هونەرە جوانەکان

٨٠٠-٨٩٩ ئەدەبیات

٩٠٠-٩٩٩ جوگرافیاو ژیاننامەو مێژوو

ئەو (١٠) بەشە سەرەکییە، هەریەکەیان بەسەر (١٠) بەشی تردا "بەجۆرە" دابەش دەبنەوە:

**٠٠٠-زانیاریی گشتی**

٠١٠ بیبلیۆگرافیا

٠٢٠ زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

٠٣٠ ئەنسکلۆپیدیا

٠٤٠ (بەکارنەهاتووە)

٠٥٠ خولاوەکان

٠٦٠ رێکخراوەگشتییەکان

٠٧٠ رۆژنامەگەریی

٠٨٠ کۆمەڵە گشتییەکان (جۆراوجۆرەکان)

۰۹۰ دەستنووس و کتێبە دەگمەنەکان

**۱۰۰- فەلسەفەو دەروونناسی**

۱۱۰ میتافیزیکا

۱۲۰ مەعریفە

۱۳۰ دیاردە ناسروشتییەکان

۱٤۰ قوتابخانە فەلسەفییەکان

۱٥۰ دەروونناسی

۱٦۰ لۆژیك

۱۷۰ رەوشت

۱۸۰ فەلسەفەی کۆن و ناوەند و رۆژهەڵات

۱۹۰ فەلسەفەی خۆرئاوایی هاوچەرخ

**۲۰۰- ئایین**

۲۱۰ ئایینی ئیسلام

۲۲۰ قورئانی پیرۆز

۲۳۰ فەرموودەکانی پێغەمبەر

۲٤۰ ئسوولّی ئایینی ئیسلام

۲٥۰ شەرعی ئیسلامی

۲٦۰ سۆفیگەریی

۲۷۰ ئایینی مەسیحی

۲۸۰ کەنیسەو دەستە مەسیحیەکان

۲۹۰ ئایینەکانی تر

**۳۰۰- زانستە کۆمەڵایەتییەکان**

۳۱۰ ئامار

٣٢٠ رامياریی

٣٣٠ ئابووریی

٣٤٠ یاسا

٣٥٠ کارگێڕیی گشتیی‌و زانستە سەربازییەکان

٣٦٠ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان

٣٧٠ پەروەردەو فێرکردن

٣٨٠ بازرگانی

٣٩٠ داب‌و نەریت‌و فۆلکلۆر

**٤٠٠- زمان**

٤١٠ زمانی عەرەبی

٤٢٠ زمانی ئینگلیزی

٤٣٠ زمانی ئەڵەمانی

٤٤٠ زمانی فەڕەنسی

٤٥٠ زمانی ئیتالی

٤٦٠ زمانی ئیسپانی

٤٧٠ زمانی لاتینی

٤٨٠ زمانی یۆنانی

٤٩٠ زمانەکانی تر

**٥٠٠- زانستە سروشتییەکان**

٥١٠ بیرکاری

٥٢٠ گەردوونناسی

٥٣٠ فیزیك

٥٤٠ کیمیا

٥٥٠ جیۆلۆجیا

٥٦٠ زانسته به بەردبووەکان

٥٧٠ زیندەوەرزانیی

٥٨٠ رووەکناسیی

٥٩٠ ئاژەڵناسیی

**٦٠٠- زانسته پراکتیکییەکان**

٦١٠ پزیشکیی

٦٢٠ ئەندازیاریی

٦٣٠ کشتوکاڵ

٦٤٠ ئابووریی ناوماڵ

٦٥٠ بەڕێوەبردنی کار

٦٦٠ ئەندازەیی کیمیایی

٦٧٠ پیشەسازییەکان (گەورە)

٦٨٠ پیشەسازییەکان (بچووك)

٦٩٠ بیناسازیی

**٧٠٠- هونەرە جوانەکان**

٧١٠ هونەری نەخشەسازیو جوانکاریی شارەکان

٧٢٠ تەلارسازیی

٧٣٠شێوەکاریو پەیکەرتاشیی

٧٤٠ نیگارو زەخرەفە

٧٥٠ نیگاری رەنگاو رەنگ

٧٦٠ هێڵکاریو هونەرەکانی چاپ

٧٧٠وێنەی فۆتۆگراف

٧٨٠ موزيك

٧٩٠ خۆشگوزەراندنو نواندنو وەرزش

**٨٠٠- ئەدەبيات**

٨١٠ ئەدەبى عەرەبى

٨٢٠ ئەدەبى ئينگليزى

٨٣٠ ئەدەبى ئەڵمانى

٨٤٠ ئەدەبى فەڕەنسى

٨٥٠ ئەدەبى ئيتالى

٨٦٠ ئەدەبى ئيسپانى

٨٧٠ ئەدەبى لاتينى

٨٨٠ ئەدەبى يۆنانى

٨٩٠ ئەدەبى گەلانى تر

**٩٠٠- جوگرافيا و ژياننامەو مێژوو**

٩١٠ جوگرافياو گەشتنامە



**٩٢٠ ژیننامە**

**٩٣٠ مێژووی دێرین**

**٩٤٠مێژووی نوێو ئەوروپا**

**٩٥٠مێژووی ئاسیا**

**٩٦٠مێژووی ئەفریقیا**

**٩٧٠مێژووی ئەمریکای باکوور**

**٩٨٠مێژووی ئەمریکای باشوور**

**٩٩٠ مێژووی گەلانی تر**

سەرنج:

چەند پۆلێنێك ژمارەکانیان راستکراونەتەوە، چونکە هەڵەیان تێدابوو.

# کتێبخانە نوێیەکان

هەر لەدێرینەوە پەیدابوونی کتێبو دامەزراندنی کتێبخانە پەیوەندیی بەوشــەی نووســراوەوە هــەبووە، هــەروەها بەچــەند دیاردەیــەکی تــرەوە، لەهەمووشــیان ســەرەکی تــر دامەزرانــدنی چــەند دانــشگایەك لەســەدەی سیانزەهەمدا، بەوەش سەرەتایەك بۆ زانستپەروەری درووســتبوو، خوێنــدنو خوێندنەوە لەبواری تەنگەوە رووی لە ئاسۆ ئەکادیمییــە فراوانــەکان کــرد، دەروازەی لەرووی هەمووانداا والآکرد. پاشــانیش گــۆڕان بەســەر هۆیــەکانی تۆمارکردنی وشەدا هات، ئەمەش بــووە هــۆی ئــەوەی پیــشەسازی کاغــەز دروستکردن لەبەغدا بێتە دیو لەلایەن (گۆتنبرگ)یشەوە چاپ داهێنرا.

بەمانە وشەی چاپکراو بەئاسانی گەیــشتە خــەڵکی، دواتــریش لەگــەڵ رەوتــی دەســتکەوتە زانــستییەکاندا پێــشکەوتنی زانــستیو تــەکنۆلۆژی لەبواری تۆمارکردنە بینراوو دەنگییەکانــدا کەوتنــە بەردەســت، هــەروەها دروستکردنی ئامێری پێویستی جۆربەجۆر بۆ کتێبخانە بەئەنجام گەێنرا.

بەو شێوەیە زانــستە نوێیــەکانی کتێبخانــە لەخزمــەتی لێکۆڵینــەوەو توێژینەوەو خوێندنەوەدا بوون، بەهۆی ئامێرە ئەلکترۆنییە نوێیەکانیــشەوە توانرا ئەرکو خزمەتو بایەخی کتێبخانە گەشەبسێنێ.

دیــارە زۆربــوونی ژمــارەی کتێــبو خوێنــەران کــارێکی وایــان کــرد کەزەحمەت بــوو هەرچــی چــاپ دەکــرێن لــە کتێبخانەیــەکی دیــاریکراودا کۆبکرێنـــــەوە، هەرچـــۆن دابەشـــکردنی جـــۆری پـــسپۆڕی لەگـــشت دامودەزگایەکی تردا هەبوو، بەهەمان شێوە لەکتێبخانەشدا ئەوە هاتــەدی، هەربۆیە کتێبخانــەکانیش بــەگوێرەی جــۆرو تایبەتمەنــدێتی هەریەکــەیان دابەشکران.

ئەم دابەشکردنەش سنوورو سەرەتاو کۆتایی دیاریکراویــان بــۆ نــەبوو، بەڵکو بەهۆی ئــەرکو پێداویــستییەکانو ســیفەتەکانی خۆیانــەوە دابــەش دەکرانو هەر کتێبخانەیەش جیاوازبوو لەیەکێکی تر.

## جۆرەکانی کتێبخانە نوێیەکانو ئەرکی هەریەکەیان

### ١-کتێبخانە گشتییەکان:

کتێبخانەی گشتی لەپێناوی خستنە بەردەستی زانیارییەکاندا بۆ ژمارەیەکی زۆری خوێنەران دامەزراوە، کتێبخانەیەکی ئەوتۆیە رابەری خوێنەرەو ئاستی زانینی فراوان دەکات، بەشداریشە لە خولقاندنی هۆشیاریی باڵای مەسەلە گشتیو تایبەتیەکان.

پێویستە ئەم کتێبخانەیە خوێنەرانی زۆر بەلای خۆیدا ڕابکێشێو ئاشنایان بکات بەو سەرچاوانەی بوونەتە سامانی کتێبخانەکە. لەم کتێبخانانەدا کارمەندی پسپۆڕ هەن کە رێنیشاندەری خوێنەرانن، چ بۆ لیستەی پۆلێن کردن یان بۆ شارەزایی لەهەندێك سەرچاوەدا.

جاری وایش هەیە خزمەتگوزاریی کتێبخانەی گشتی بەندە بە پرۆگرامی تایبەتی فێرکردنەوە، وەکو فێرکردنی گەورەکانو هاندان و



کتێبخانەیەکی گشتی لە پورتوگال

ڕێنیشاندانی تازە پێگەیشتوان، ئەمەش بەهۆی ئاشناکردنیان بەکتێبو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو نەخشەو فیلمو مۆسیقاو تۆمارە دەنگییەکانەوە دێتەوەدی، هەروەها پێویستە ئەو خوێنەرانە لە چۆنێتی بەکارهێنانیان ئاشنا بکرێن، بواریش بۆ پیاوانو ژنان لەهەموو تەمەنێکدا بڕەخسێنرێ کەبەردەوام بخوێننەوەو زانیاریی پەیدا بکەن، هەروەها ئاگاداری هەموو گەشەسەندنە زانیارییەکان بن، کتێبخانەی گشتی دەبێ لەپێناوی ئەم ئامانجانەدا تێبکۆشێ:

*بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لەکاروباری ڕۆژانەو پیشەییاندا.

*گەشەکردنی تواناو بەهرەیان لەپێناوی داهێناندا.

*چێژوەرگرتن لەئەدەبیاتو هونەرەجوانەکان.

بوونە هاووڵاتییەکی باش لەڕووی ڕامیاریو کۆمەڵایەتییەوە سوود گەیاندن بەنیشتمانەکەیانو هەموو جیهان.

بەو پێیە، کاریگەریێتی خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتیەکان بەستراوە بەناسینی خەڵکەکەو تاقمو کۆمەڵەکانو پەیوەندی بەردەوام پێیانەوە، دیارە ئەو پەیوەندیەش بەهۆی دابینکردنی خواستەکانی خوێنەرانو هێنانەدی زەوقو خولیایانەوە دێتەدی.

کتێبخانە گشتییەکان لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا لەلایەن گەلەوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوودا دەوڵەت لەو بەڕێوەبردنە بەرپرسیارە.

**٢-کتێبخانەی نەتەوەیی:**

ئەرکی کتێبخانەی نەتەوەیی هەر وڵاتێك بریتییە لە کۆکردنەوەو پاراستنی بەرهەمە نەتەوەییەکان، ئەوانەی کەلەناو وڵاتی خۆیدا چاپ دەکرێن یان لەدەرەوەیدا، لەپاڵ ئەو ئەرکە سەرەکییەشدا، بەهۆی ژمارەی

کتێبـی کتێبخانـەوە ئامـانجی مـیری دەردەکـەوێت بەرامبـەر کتێبخانـەو هەروەها قەوارەی فەرمانڕەوایی وڵاتەکەو ئاستی دارایی دەردەکەوێت.

گرنگترین خزمەتگوزارییـەکانی کتێبخانـەی نەتـەوەیی کەپێـشکەشی دەوڵەتو کەلەپوورو فیکری دەکات لەسـەر ئاسـتی نەتـەوەییو دەوڵـەتی بریتییە لە:

*سپاردنی یاسـایی، کەیەکـەمین ئـەرکی ئـەم جـۆرە کتێبخانەیەیـە، ئەمەش دوای ئەوە مەیسەر دەبـێ کـە نووسـەر دانەیـەك لـە کتێبەکـەی دەسـپێرێ بـە کتێبخانـەو بەمـەش ژمارەیـەکی پـێ دەدەنو لـەدامێنی دوابەرگی کتێبەکەدا مێژووی سپاردنەکە دەنوسرێ، بەمەش دەتوانین کـۆی بەرهەمە فیکرییەکانی هەر میللەتە بزانین، هەربەوەش هۆیەکی سـەرەکی بۆ کاری بیبلیۆگرافیای نەتەوەیی چنگ دەکەوێ، هەر ئـەوەش لەخزمـەتی لیستەو پێڕست دروستکردندا دەبێت، پێڕستی گشتی بێت یان بابەتی.

*ئاڵوگۆڕی کتێب لەنێوان کتێخانەکانی ناوخۆو دەرەوەدا.

*پێناسـەی بەرهـەمی نەتـەوەیی لـەرێگای بڵاوکراوەکـانو پەخـشنامەکانەوەو هـەروەها لـەرێگای دابەشـکردنی کـارتی پێڕسـتو کردنەوەی پێشانگاوە.

### ٣-کتێبخانە قوتابخانەییەکان:

کـارکردنی کتێبخانـەی قوتابخانـەکان لـە چوارچـێوەی فەلـسەفەی پەروەردەکردندایە، ئەمە جگـە لەچـەند ئامـانجێکی تـر کـە ناڕاسـتەوخۆ لەپێناو بایەخدانی سەرەکی پەروەردەکردندایە. خوێنـدن، هەرچـۆن پـشت بەخوێندنی وانـەکانی قوتابخانـە دەبەسـتێت. لەهـەمان کاتـدا فێربـوونو زانیاری قوتابی بەتەنیا بەکتێبە بڕیار لەسەر دراوەکان نایەتـەدی، بـەڵکو

پێویسته خوێندنو فێربوون بەگەشەپێدانی لایەنە زانستیەکانی قوتابیو بیرکردنەوەی بالاوە بێتەدی.

لەم روانگەیەوە ئەركو خزمەتگوزاریی کتێبخانەی قوتابخانەکان ئامانجەکانی رۆشن دەبێتەوە، خۆ ئەرکی ئەم کتێبخانەیە بەتەنیا کتێب خستنە بەردەستو زانیاری هەڵرشتن نییە، بەڵکو یاریدەدانو هەلرەخساندنە بۆ بایەخدانی قوتابی بەخوێندنەوەو چێژوەرگرتن لە نووسینو بەرهەمە چاپکراوەکان.

هەروەها هانیان دەدات بۆ ئەوەی بروا بێنن بەوەی کە فێربوون پێداویستییەکی گرنگەو چێژوەرگرتنە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤ ئەرکی کتێبخانەش ئەوەیە کە خزمەتی هەموو ئاستەکانی قوتابی بکات بەپێی قۆناغەکانی خوێندنیان، دیارە ئەمەش بەمامۆستایانو بەرێوەبەرێتی قوتابخانەو کتێبخانەو هەندێ کەسانی دەرەوەی قوتابخانە دێتەدی.

ئەرکی کتێبخانەی قوتابخانەکانو خزمەتگوزارییان بریتین لە:

*رێنیشاندانی قوتابی بۆ هەڵبژاردنی کتێب لەپێناوی هاتنەدی خواستە کەسییەکانیانو زانیاری پەیداکردن لەسەر پرۆگرامی خوێندنیان.

*خولقاندنی زیرەکی لە قوتابییدا بەهاتوچۆی کتێبخانەو سوودوەرگرتن لێی.

*بایەخدان بەجوانکاریو قەشەنگی هونەریی کتێبخانە، ئەو هۆڵی کتێبخانانەی کەجوانو رازاوەنو کتێبەکانی بەرێکوپێکی دانراون، لەخۆیدا دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ خوێندنەوەی قوتابی.

*هاندانی قوتابی بۆ خوێندنەوەو بەردەوام بوون لەسەری بەدرێژایی ژیانی.

*هانــدانی پــەروەردەکردنی کۆمەڵایــەتی، گەشەســەندنی ئــەو پەروەردەکردنەش لەژیانی کۆمەڵایەتیو دیموکراسی قوتابیدا.

### ٤-کتێبخانەی زانکۆکان:

بــەکارهێنانی زاراوەی (کتێبخانــەی زانکــۆ) دەلالــەت بــۆ ئــەو کتێبخانەیەیە کە بەشێك لەدامــەزراوەکانی خوێنــدنی بــاڵا پێکــدەهێنن، واتە کەلیجو پەیمانگا، یان زانکۆ، ئەمەش بۆ ئەو قوتابیانەیە کەدەرچــووی قۆناغی ئامادەیینو بۆ وەدەست هێنــانی دبلــۆمو پلــە زانــستییە بــەرزەکان دەخوێنن.

دەوری سەرەکیی کتێبخانــەی زانکــۆ پەروەردەییــە، دەبــێ کتێبخانــەی زانکۆ تەنیا گەنجینەی کتێبو هۆڵی خوێندنەوە نــەبێ، بــەڵکو دەبــێ وەك دەزگایەکی پەروەردەیی دینامیکی لــەکاردابێو سەرچــاوەکانی بــیرو زانــین بخاتە پێش چــاوی قوتابیــان، لەگــەڵ ئەوەشــدا، پێویــستە هــانی دەســتەی مامۆســتایان بــدات رووی تێکــەنو بەهۆیــەوە توێژینــەوەکانیان بەئــەنجام بگەیەنن، واتە هەل بۆ هەموو خوێنەرێکی بڕەخسێنێو ســامانی فیکــریو رۆشنبیرییان دەوڵەمەند بکات. بەوەش کتێبخانە لەتــەك وانــەکانو زنجــیرە لێکۆڵینەوەکاندا دەوری گرنگی خۆی دەبینێت.

دەبــێ پەیوەنــدی مامۆســتایان بــەم کتێبخانەیــەوە تونــدوتۆڵ بــێو هاوکاریی هۆشیارانە لەنێوانیانــدا بێــت، بــەوەش هــانی قوتــابی دەدرێــت کەبەکاریگەریی سوود لەبابەتەکانی کتێبخانە وەربگرن. هەروەها شــێوازو رێگای وانە وتنــەوەی مامۆســتا نەبێتــە هۆکــاری ســەرەکی خوێندنــەوەی قوتابیو خۆماندووکردنی، گەر مامۆستایەك بۆ وانەکەی خــۆی کتێبێکــی کتێبخانــەی کــردە سەرچــاوە، ئــەوا پێویــستە بەدرێــژی لــەو کتێبــەی کتێبخانەکە بدوێو قوتابییەکانی ئاشناکات پێی.

هەروەها مامۆستا دەبێ ئەركی ئەوتۆیان پێ بسپێرێ كـە ناچـاربن بـۆ ئەنجامــدانی روو بكەنــە كتێبخانــە ، دەشــتوانی یــەك لــە كارگێڕانی كتێبخانەكە بانگ بكاتە هۆڵی وانە وتنەوەو لە تـەكیا گفتوگـۆ دەربـارەی كتێبخانــەو بیبلیۆگرافیاكـانی بكـات تـا قوتابیـان ئاشـناتر بكـات بـەو كتێبخانەیە. لەلایـەكی تـرەوە، كـارگێڕی كتێبخانـە دوای ئاشـنابوون لـە پرۆگرامی خوێنـدن، دەتـوانی سـوودی زیـاتر بـەقوتابییانو مامۆسـتایان بگەیــەنێت. ئەمینــداری كتێبخانــەی زانكــۆش بــەهۆی بیبلیۆگرافیــاو لیستەی كتێبەكانیەوە زیاتر رێنیشانی هامشۆكەرانی دەدات.

### ٥-كتێبخانە تایبەتمەندەكان:

ئەتوانین پێناسـەی كتێبخانـەی تایبـەتی یـان (تایبەتمەنـدەكان) بـەم شێوەیە بكەین: ئەو جۆرە كتێبخانەیەیە كەبەشێوەیەكی سـەرەكی گرنگـی بەبەرهــەمی فیكریــی بابــەتێكی دیــاریكراو دەدات، جیــاوازیی نێــوان كتێبخانەیـەكی ئـەم شـێوەیە لەگـەڵ یـەكێكی تریانـدا بـەهۆی جـۆری بابەتەكانیانەوە دەكرێت، بابەتەكانی ئەم كتێبخانە تایبەتیانەش بریتین لـە : دەستنووس، كتێبە دانـسقەكان، ئامێرەكـانی بیـستنو بیـنین (الـسمعیە والبصریە)..تاد.

ئەم كتێبخانەیە هەیانە زانستینو هەشـیانە هونـەریو پیـشەیین، بـەو پێیە خواستی ژمارەیەكی دیاریكراو لە قوتابیـانو نووسـەران دێننـە دی، هەندێ لەو كتێبخانانە كتێبەكانیان نهێنییەو تـەنیا دەخرێنـە بەردەسـتی كەسانێكی پسپۆڕ لەبواری خۆیاندا.

لەو كتێبخانانەی كەتایبەتینو لە عێراقدا هەن: كتێبخانـەی وەزارەتـی نەوت، كتێبخانـەی توێژینـەوە پەروەردەییـەكان، مەڵبەنـدی توێژینـەوەی فەلەستینیو هەندێكی تر .

لەم سەرچاوەیەوە ئامادەكراوە:
مكتبات العراق، میری فتوحی، بغداد: دار الحریة،١٩٨٦.

# بەبازاڕکردنی

# خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکان

کتێبخانەی گشتی، بەوپێیەی خزمەتگوزارییەکی گشتییە، بۆ ئەوە دامەزراوە ببێتە سەنتەرێك کە هەرچییەك سوودمەند بیەوێت، دەستەبەری بکات بۆی، هەرچۆن رۆڵی رێنماییو ئاراستەکردنیشی دەبینێت، بەشێوەیەك کاریگەریی لەسەر هەموو ئەوانە هەبێت کە ناخوێننەوە، روو بکەنە خوێندنەوە. پاشان، لە ئامانجە گرنگەکانی دیکەشی کارکردنە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی تاكو کۆمەڵو فێرکردنیان، لەگەڵ پەرەدان بەهۆشیاریی تاك بۆ تێگەیشتن لە هەموو پرسە گشتیو تایبەتەکان.

ئەمرۆ کتێبخانەی هاوچەرخ بریتییە لە شانەیەکی زیندوو لە بونیادی کۆمەڵگا، بەتەنیا رۆڵی بریتی نییە لە دەستەبەرکردنی زانیاریو سەرچاوەکان بۆ کەسێك بیەوێنو فەرامۆشکردنی ئەوانی دی، بەڵکو بەشدارێکی کارایە لە ژیانی گشتیی ئەو کۆمەڵگایەی کتێبخانەی تیادایە، هەرچۆن هاووڵاتی بەئازادیی سەر دەکات بەبازاڕدا بۆ هەڵبژاردنی کەلوپەلی ناومالّو کەرەستەکانی خوێندنگاو خۆراك، بەهەمان شێوەش پێویستی بەبازاڕی هزرە بۆ تێرکردنی رۆحی، تا ئازادانە بەوبازاڕەدا بگەڕێ بە ناو جۆرەکانی زانیاریدا بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەوەی پێویستی پێیەتی.

بەلابردنی بەربەستی نێوان سوودمەندو سەرچاوەو بەوالاکردنی کتێبخانەو سەرچاوەکانی لەبەردەم خەڵکیدا کە خوێنەر بە ئارەزووی خۆی هامشۆی بکاتو چی بوێت هەڵیببژێرێت، ئەوا کتێبخانەی نوێ دەبێتە بازاڕێکی رۆشنبیریی کە هەموو شتێکی تێدا بێتو سوودمەندیش بەتەنیا هەڵبژاردنی لەسەر دەبێت.

کەواتە پێویستە کتێبخانەکان ئاستی خزمەتگوزارییو کاریگەرییان بەشێوەیەك بەرزبکەنەوە کە پێویستیو حەزی خەڵکە زۆرو لەیەکتر

جیاوازەکـە تێـر بکـەن، ئـەویش بـە بەرهـەمهێنانی ئـەوەی لـە توانـای بازاڕکردندایـە، نـەك ئـەوەی توانـای بەرهـەمهێنانی هەیـە، ئـەویش بـە گرتنەبەری مێتۆدە باوەکانی زانستی بەبازاڕکردن (تسویق)، لە بـازاڕکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەکاندا، چـونکە بـازاڕکردن لـە پێنـاوی هێنانـەدیی دوو ئامانجدایە:

١-ئاشکراکردنی خواستی سوودمەندو بەکاربەرو بەرجەستەکردنی ئـەوەش لە بەرهەمی وەبەرهێندا.

٢-گەیانـدنی کـالاّو خزمەتگوزارییـەکان بـە بەکاربـەرەکان بەمەبەسـتی تێرکردنی خواستەکانیان.

هەرچـۆن بـەبازاڕکردن جـەختی زۆر دەکاتـە ئامـانجو مەبەسـتەکان، بەشـێوەیەك هـەل بـۆ کتێبخانـەکان دەڕەخـسێنێ بایـەخی زیـاتر بدەنـە پێـشکەشکردنی باشـترین خزمـەتگوزاریو بـەنرخترینو کاریگـەرترینیان بەسوودمەند، بە واتایەکی تـر زانـستی بـەبازاڕکردن فەلـسەفەو میتـۆدێکی پراکتیکی سەرکەوتووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کاریگەر.

لێـرەوە پێویـستمان بـە سـوودوەرگرتنەوە لـە زانـستی بـەبازاڕکردنو جێبـــەجێکردنی لـــەبواری خزمـــەتگوزاریی کتێبخانـــەو ســـەنتەری زانیارییەکاندا، هەروەها تێگەیشتن لـەو راستییەی کـە پێویـستە کتێبخانـە هاوچەرخەکان کاری لەسەر بکەن، ئەویش گەڕان بەدوای باشترین ڕێگایـە بـۆ ئەوەی سـوودمەند بتوانـێ بەکـەمترین مـاوەو کۆشـش سـوود لـە کتێبخانـە وەربگرێـت، هەرچـۆن هەڵـسەنگاندنی راسـتەقینەی هـەر کتێبخانەیـەکیش پەیوەسـتە بەچـۆنێتی بـەکارهێنانیو سـوود لێـوەرگرتنی لەلایـەن خوێنەرانیەوە.



**کتێبخانەی گشتیی ماریلاند لە ئەمریکا**

کەواتە پێویستە لەسەر کتێبخانەکان لەرێی گرتنەبەری باشترین رێگاوە لە خەسڵەتی سوودمەندانی تێبگات، لەوانەش رێگاکانی بەکارهێنانی بازاڕکردنی نوێ کە تیایدا وەبەرهێن، یان سوودمەند دەبێتە تەوەری چالاکییەکەی بەبازاڕکردن و رازی بوونی، ئەو سەرکەوتوویی ئەو دامەزراوە نیشاندەدات لە هێنانەدیی پلان و ئامانجەکانی و بەردەوامیی لە گەشەو پێشکەوتنندا.

## توێژینەوەکانی لەوەوبەر

ئەم بابەتە، جێگای بایەخی زۆر لە نووسەرو بیرمەندانی وڵاتانی خۆرئاوا بوون‌و گەلێك کتێب‌و توێژینەوەو وتار نووسراون کە تیایاندا رۆڵی زیندووی بەبازارکردن لە کتێبخانە گشتی‌و تایبەتمەندەکاندا خراونە تەڕوو، لەجیهانی خۆرئاوا ئەوە روون بووە کە بەبازارکردن هۆکاری راستەقینە بووە لە هێنانەدیی ئامانجەکانی کتێبخانەدا، بگرە ئامرازی مانەوەشی بووە، لەوانە توێژینەوەیەکی M.F.KING بۆ بەرهەمی فیکریی لەبواری بەبازارکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە تایبەتمەندەکاندا.

هەروەها توێژینەوەیەکی A.C.DRAGON لەساڵی ١٩٧٩دا کەتیایدا میتۆدەکانی بەبازارکردنی باسکردبووو بووە هۆکاری سەرەکیی بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی گشتیی ناوچەی (OJA)ی ویلایەتی کالیفۆرنیاو بووە فریادرەسی ئەو کتێبخانەیەی بەهۆی نابووتبوونیەوە دەرگای لەرووی هامشۆکەرانیدا داخستبوو.

هەروەها ساڵی ١٩٨٠، J.A.EDNGER باس لە چەمکەکانی بەبازارکردن کردوە لە دامەزراوە بێبەرامبەرو بێداهات‌و قازانجەکاندا، ئەوانەی ئامانجی کۆمەڵایەتییان هەیە وەکو کتێبخانەکان، تیایدا کتێبخانەکانی راسپاردوە بایەخ بدەن بە خواستەکانی سوودمەند.

هەرچۆن ساڵی ١٩٩٠ توێژینەوەیەکی M.F.PURCELL ، ناکارایی کتێبخانە گشتییەکانی ئیرلەندەی سەلماندووە بۆ دابینکردنی خواستی خەڵکە خوێنەرەکە، هەربۆیە رێنمایی بەکارهێنانی چەمك‌و میتۆدەکانی زانستی بەبازارکردنی کردوە بۆ بەبازارکردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە گشتییەکان بەمەبەستی بەرزکردنی ئاستیان‌و راکێشانی خوێنەران‌و ئەندامە هەمیشەییەکان بەلای خۆیاندا.

## بەبازاڕكردن و دامەزراوە بێ داهاتەكان

توێژینەوە نوێییەكان بایەخیان بە چەمكی كۆمەڵایەتیی بەبازاڕكردن داوە كە چەمكێكی نوێیەو وا دەڕوانێتە بەبازاڕكردن كە چالاكییەكە لە سایەی ژینگەیەكی كۆمەڵایەتیدا كاردەكاتو هێزی كۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریی هەیە، بەواتایەكی تر كاتێك دەتوانێت بەرنامەیەكی تەواوی بەبازاڕكردن بەپێی خواستی بەكارهێنەكان پێشكەش بكات كە ئاگاداری ژینگەی كۆمەڵایەتیی دەوروبەرەكە بێت.

لەم ئاراستە نوێیەوە، توێژینەوە زانستییەكان گوزارشتیان لە گرنگیدان دەكرد بۆ بەبازاڕكرنی هزرو خزمەتگوزارییەكان، كەلەوەوبەر بەتەنیا تایبەت بوو بەكاڵاكان. چەندین توێژینەوە بایەخیان بە پەیڕەوكردنی بیرۆكەی بەبازاڕكردن دەكرد لە دامەزراوە نابازرگانیو بێداهاتەكاندا، واتە ئەوانە ئامانجی كۆمەڵایەتییان هەبووە، هەموو جەختیان لەوە دەكرد كە لە توانادایە بیروڕاكانی بەبازاڕكردنی كاڵا بازرگانییەكان بەسەر خزمەتگوزاریی تاكو هزردا بچەسپێنرێت.

ئەوەبوو هەشتاكانی سەدەی رابردوو بەسەردەمی بەبازاڕكردنی هزرو خزمەتگوزارییەكان ناسراو زۆر پیشەو پسپۆڕیی رێگای نوێی نەخشەسازیو نرخدانانو دابەشكردنیان گرتەبەر، هەر بەهۆی زانستی بەبازاڕكردنەوە بانگەشەكردن بۆ خزمەتگوزارییەكان كاریگەرتربوون.

بیرۆكەی جێبەجێكردنو سەربەخۆیی زانستی بەبازاڕكردن لەو دامەزراوانەی خاوەنی ئامانجی كۆمەڵایەتیی (بێداهات) بوون ئاستەنگی زۆریان هاتەرێ، كەهەندێجار بە رەتكردنەوە دەگەیشت، هەندێك لایان وابوو بەبازاڕكردن بێجگە لە دەستی دەستیو یاریكردن بەنرخو كات بەفیڕۆدانو پارە لەدەستدان هیچی تر نییەو ناكرێ بە زانست یان پیشە

تەماشـا بکرێـت، هەنـدێکی تـر لێیـان تێکـەڵ بووبـوو، وایانـدەزانی بـەبازارکردن پڕوپاگانـدەو بانگەشـەیە، بـەڵام لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کاتـدا (بەبازارکردن) تـوانی ڕێـزی خـۆی بەدەسـتبێنێ‌و خـەڵکی وەك میتـۆدێکی نوێ دانیان پیادا نا.

## چەمکی بەبازارکردن

بـەپێی قۆناغـە مێژووییـەکان، چـالاکیی بـەبازارکردن گەشـەی بەسـەر داهاتووە، تا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بایەخی هەرە گەورەی پێداوە.

گـرنگترین پێناسـەی بـەبازارکردن لەلایـەن کۆمەڵـەی بـەبازارکردنی ئەمریکی (AMA)وە بـووە لەسـاڵی ١٩٨٥دا کـە دەڵێـت "پڕۆسـەی پـلان‌و جێبەجێکردنی ئاراستەی گشتی‌و نرخدانان‌و بانگەشەبۆکردن‌و دابەشـکردنی کاڵاو خزمـەتگوزاریی‌و هزرە بەمـەبەستی ئـاڵوگۆڕ، ئـەوا ئامـانجی هەریەکـە لەتاك‌و ڕێکخراوی تیادا دێتەدی".

گرنگترین پێناسەی بەبازارکردن کە لەگەڵ خزمـەتگوزاریی کتێبخانەکانـدا بگونجێ، ئەو پێناسەیەیە کە R.KING کردویەتی‌و دەڵێت "پێـشکەشکردنی زانیاریی ڕاست‌ودروستە بە کەسی شیاو لە کـاتی شـیاوداو بـەنرخی گونجـاو بەمـەبەستی دابینکردنی پێداویستیی سوودمەندو ئارەزووەکانی".

بەپێی چەمکی نوێی بەبازارکردن، بەرهـەمهێن یـان دامـەزراوەو، بەتـەنیا کـاڵا ، یـان خزمــەتگوزاریی نارەخـسێنێت، بـەڵکو ئـەرکی بـەبازارکردنی سوودوەرگرتن، یان خزمـەتگوزاریی بەرهەمهێنراو دەگرێتە ئەستۆ، بۆ نموونە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە کتێب بەرهەم ناهێنن، بەڵکو ئەرکیان بـەبازارکردنی مەعریفەیە.

بەوشێوەیە کتێبخانەکان توانییان سوود لە چەمکی بەبازارکردن وەربگـرن بـەوەی بناغەکـەی ئـاڵوگۆڕی سـوودبینینەو پـشت بـە پـشتگیریی مـادی‌و

مەعنــەوی دەبەســتێت لەبەرامبــەر پێــشکەشکردنی خزمــەتگوزاریی بــە تاکەکانی کۆمەڵ، بۆ نموونە بودجەی کتێبخانـەکان لەوڵاتـە یـەکگرتووەکان پشت دەبەستێ بە پارەی وەرگرتنـی بـاج، ئەمـە بـۆ بـەڕێوەبردنی کتێبخانـە گشتییەکانو کتێبخانەی خوێندنگاکان، هەروەها باجی سەرخوێندکاران بـۆ کتێبخانـەی کۆلیـژو زانکۆکـان، بـەڕێوەبردنی کتێبخانـە تایبەتمەنـدەکانیش بودجەکـەی دەخرێتــە ســەر پــشتبەستنی دارایــی تایبــەت بــە توێژینــەوەی دەستەی سەرپەرشتیی کتێبخانە تایبەتمەندەکان.

## لێکۆڵینەوە لەبازاڕ، یان کۆمەڵگای کتێبخانە

بەکاربەر تەوەری چالاکیی بەبازاڕکردنە، قایـل بـوونی واتـا سـەرکەوتوویی ئـەو دامــەزراوەی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـات، قایـل بـوون بـۆ هێنانـەدیی ئامانجەکانی.

لێکۆڵینەوەی بازاڕ لە کاتی بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکانـدا کـارێکی پێویستە، هەربۆیە دەبێت بەڕێوەبەرێتی دامەزراو، یان کتێبخانـە، شـارەزای سروشتی هەر توێژەبێت لـە سـوودمەندانو ئەوانـەی سـوودمەنیش نـابن، تـا وەکو بتـوانرێ خواستەکانیان دابـین بکرێـتو مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـتو بەلای کتێبخانەدا رابکێـشرێن، کەواتـە کاتـێ کۆمـەڵگای دەوری کتێبخانـە شیدەکرێتەوە، نابێ بەتەنیا لەسوودمەندان بکۆڵرێتـەوە، چـونکە ئـەوانی تـر کە سوودمەندنابن زۆربەی زۆری دانیشتووان پێکدێنن، ئەمە بێجگـە لـەوەی زانیاریی بەتەنیا بۆ گروپێك پێویست نییە، بەڵکو هـەر هـەموو پێویـستیی زۆریان پێیەتی، بەڵام گرفتەکە لەم خاڵانەدایە:

١-هەنـدێ جـار، هۆشـیاریی کۆمــەڵ وا لــە خــەڵکی دەکـات شــوێن زانیارییەکان بکەونو کتێبخانە بەکاردێنن.

٢-لەگەڵ بوونی هۆشیاریی کۆمەڵدا، گوزارشت لە پێویستیی کتێبخانە ناکرێت.

٣-حەزی شارراوە هەیەو داهاتوو گەشەی پێدەدات.

کەواتە دەبێت کتێبخانە سوودمەندو ناسوودمەند بەهەند وەربگرێت لە کۆششەکانیدا بۆ تێرکردنی ئەوانەی گوزارشت لەو حەزە دەکەنو ئاڕاستەکردنی ئەوانەش کە گوزارشت ناکەن، دەنا کتێبخانە دەبێتە جەستەیەکی مەنگی بێ جووڵەو ئامانج.



بۆ دیاریکردنی ناسنامەی سوودمەندان، G.P.DELLA گروپەکانی ئەوانی دابەشکردوە بەسەر سێ جۆردا:

١-ئەوانەی کتێب دەخوازنو زوو زوو سەردانی کتێبخانە دەکەن، لەپاڵ خواستندا سوود لە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی کتێبخانەش وەردەگرن.

٢- ئەوانــەی لــەناو کتێبخانــەدا دەخوێننــەوە، ئــەمانیش ســەردانەکانیان بەردەوامەو لـەکاتی خواسـتندا سـوود لـە ئاسـانکاریو خزمەتگوزارییـەکان وەردەگرن.

٣- لەگەڵ ئەوانـەی سـوودبینیان لەئاسـتی مامناوەندیدایـەو کتێـب کـەم دەخوازنو کەمیش خزمەتگوزارییەکان بەکاردێنن. لەبەرئەوەی سـوودمەندان نوێنەرایەتی دەستەیەکی گونجاو ناکەن، پێویستە کتێبخانە ئاکاری پێویـست بگرێتەبـەر لەمامەڵـەی سـوودمەندانـدا تـا بـەکارهێنانی کتێبخانـە چـالاك بکرێتو سەردانی خوێنەرانی بەردەوام بێت، ئەمە بەواتای (بەش بەشـکردنی بازاڕ) دێت:

## یەکەم: بەشی بەشکردنی بازاڕ

کتێبخانەکان، بەتایبـەت گـشتییەکان بـۆ ئـەوە دادەمــەزرێ کـە خزمــەتی مەعریفــە بکــاتو کاتــە بەتاڵــەکان پڕبکاتــەوە، هەربۆیــە پێویــستە سوودمەندانی دابەش بکرێن بەسەر گروپی هاوشێوەو گونجاودا لەڕووی حەزو پێداویستییەوە، بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی خزمـەتگوزاریی پێویـست بـۆ هەر گروپە، لەگەڵ چاودێریی جیاوازیی گروپەکان، چـونکە سیاسـەتی بـەش بەشــکردنی بــازاڕ بەشــدار دەبــێ لــە بەرهــەمهێنانو بــازاڕکردنی کــاڵاو خزمـەتگوزارییـە جۆراوجۆرەکانـدا، لەگـەڵ دانـانی سـتراتیژی بـەبازاڕکردنی گونجاو بۆ هەر بەشێکی بـازاڕ لـەڕووی دیـاریکردنی ئاوێتـەی بـەبازاڕکردنو دابینکردنی سامانی مرۆییو مادیی بەپلەیەکی کاریگەر.

هەرچـەندە کتێبخانــە لــەڕێی پێـشکەشکردنی بەرنامــەو خزمــەتگوزاریی گونجــاو بەگــەورەو بــچووكو گروپــە تایبەتــەکان جیــاوازیی لـــەنێوان ســوودمەندانـدا کـردوە بـەپێی خواسـتی هەریـەکیان، بـەڵام گـەر سیاسـەتی

بەبازاڕکردن بۆ هەریەك لەو حاڵەتە دیاری نەکات ئەوا هەنگاوەکان ناجێگیر دەبن.

**دووەم: کتێبخانە دامەزراوێك کە وەڵامدانەوەی خێرابێت**

KOTLER بەم شێوەیە پێناسەی دامەزراوی خێرا وەڵامدەر دەکات:

١- هانی سوودمەندانی بدات بۆ پرسیارو سکاڵاکردنو پێشنیاز دەربڕینو بیروڕا دەرکاندن.

٢- توێژینەوەی وەرزیی سەبارەت بەئاستی رازی بوونی سوودمەندان ئەنجام بدات.

٣- بەتەنیا بایەخ بەرازیبوونی سوودمەندان نەدات، بەڵکو بایەخیش بەداواکاریی ئەو سوودمەندانە بدات کە هێشتا رازی نەکراون، لەگەڵ دۆزینەوەی باشترین رێگا بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی.

٤- کاربکات بۆ هەڵبژاردنو مەشق پێکردنی تاکەکان لەسەر هۆشیاریی بەکاربردن.

**سێیەم: رازی بوون**

پێویستیی بۆ زانیارییەکانو سەرچاوەکان دەخوازێ خزمەتگوزاریی بۆ تێرکردنی خواستی سوودمەندان بەمەبەستی رازی بوونیان دابین بکرێت، بەوپێیەش دەستکەوتەکانی دامەزراوەی کتێبخانە بەردەوام دەبێت.

هەرچەندە کتێبخانەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، بەڵام رازی بوون نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست، چونکە رێژەی هامشۆکردن لە کەم بوونەوەدایە، کەواتە ئایا خزمەتگوزاریی کتێبخانە گشتییەکان دەبێتە وەڵامدەرەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکاتو ئایا توانای گۆڕانی چەندە؟

رازی نەبوون لەکتێبخانەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

- بایەخدان بەوەبەرهێن زیاتر لە سوودمەند.
- ئاستەنگی سەرپێچی دواخستنی گەڕانەوەی چاپکراوەکان.
- بەرزبوونەوەی کرێی خزمەتگوزارییەکان.
- سنووردانانی سەعاتەکانی کردنەوەی کتێبخانە.
- درێژیی لیستی چاوەڕوانی خواستنی کتێبە بەنرخەکانو کەرەستەکانی تر.

لەگەڵ سروشتی ناجۆری هەندێ لە کتێبخانە کۆنەکانو خراپیی بەشێك لە سیستمی کتێبخانەکان.

کەواتە پێویستە خزمەتگوزاریی کتێبخانەکان روو لەسوودمەندان بنو بایەخ بەداخوازییان بدەن، تا بیانکەنە دۆستو هامشۆکەری بەردەوامیانو بەحەزی زۆرترەوە روویان تێبکەن، دەنا بەکاربەر ناچار دەبێت روو لەجێگای تر بکات کە داخوازییەکانی بهێننەدی.

## ئاوێتەی بەبازاڕکراو

دوای تێگەیشتن لە داخوازیی سوودمەندان، دیاریکردنی ئاوێتەی بەبازاڕکردن دێت، بۆ نموونە ئەو خزمەتگوزارییەی کتێبخانە پێشکەش تەمەن گەورەکانی دەکات، بەتەواوی جیاوازە لەوەی پێشکەش بەمنداڵانی دەکات. ئەم ئاوێتەیە کە لەنێوان کتێبخانەو بەکاربەردایە، لەچوار پێگەی سەرەکیی پێکدێت(بەرهەمهێن، نرخ، شوێن، بانگەشە).

### بەرهەمهێن

مەبەست لە خزمەتگوزارییەکانە لەدیدی بەکاربەر، یان سوودمەندەوە، واتە کۆمەڵێ خزمەتگوزاریی کە بەکاربەر لەرێی کرینی کاڵاو بەکارهێنانیەوە چنگی دەکەوێتو بریتین لە سوودە کۆمەڵایەتیو

مەعنەوییەكان، بۆ نموونە سوودمەند كتێبێك لە كتێبخانە بەمەبەستی چێژ لێوەرگرتنو كات بەسەربردن، یان بۆ تاقیكردنەوەو نووسینی توێژینەوەیەك دەخوازێ، چونكە دەزگای بڵاوكردنەوە لەوكاتەدا رۆڵی بەرهەمهێنی كتێبی نییە، بەڵكو بەبازاڕكردنی مەعریفە ئەنجام دەدات. لەكتێبخانەكاندا چەمكی بەرهەمهێن زانیارییەكانو سەرچاوەكانو خزمەتگوزارییەكانە، هەروەها ژمارەی سەعاتەكانی دەوامی كتێبخانەو دابینكردنی هەلومەجی خوێندنەوەی وەك هۆڵو كورسیو مێز...، (چونكە ئەوەی لای خەڵكی گرنگە چۆنێتی پێچانەوەی كاڵاكانە، نەك بەتەنیا خودی كاڵاكان). هەربۆیە پێویستە بایەخ بە بەرگ بدرێت، چونكە بێجگە لەپارێزگاری لەكتێبەكان، بەرگ جوانیو سەرنج دەدات پێیانو وا لەخوێنەر دەكات سەردانەكانی زیاتر بكات، بەتایبەت بەرگی چاپكراوی منداڵان.

هاوكات دیمەنی دەرەوەو ناوەوەی كتێبخانەو پاراستنی هێمنیو راگرتنی پاكو خاوێنیو كەرەستەی گونجاو وپاراستنی چاپكراوەكانو جزوبەندكردنیان..ئەمانە رۆڵیان هەیە بۆ گونجاوی كتێبخانەو هاندانی هامشۆكەرانی، لەگەڵ گەشەدان بە پرۆسەی خوێندنەوەو دابینكردنی سەرچاوە نوێیەكان فاكتەری هاندەر دەبن، چونكە پێوانەی هەر كتێبخانەیەك بەقەوارەی خزمەتگوزارییەكانی دەپێورێت.

## نرخدانان بۆ خزمەتگوزارییەكان

چەمكی راستەقینەی نرخ ئەو برە پارەو قازانجەیە كە سوودمەند لە كاڵا، یان خزمەتگوزاریی پێشكەش كراو، وەك چالاكییەكی بەرچاو دەستی دەكەوێت.

هەنـدێك وادەبیـنن کـە دەبـێ خزمـەتگوزاریی بـێ بەرامبـەر پێـشکەش بکرێـت، چـونکە ئـەوە ئاسـتی کـاڵا، یـان خزمـەتگوزاریی بەرزدەکاتـەوە، بەپلەیەکی زۆر کە لەتێچووی خزمەتگوزارییەکە تێدەپەڕێت.

بەڵام ترسێك هەیە لـە پێـشکەش کردنـی خزمـەتگوزاریی بـێ بەرامبـەر، ئەویش درووستبوونی بێ بایەخیو گرنگینەدانە لەلایەن سوودمەندانی، یـان زیادەڕەوییە لە داواکردنـیو بـەکارهێنانی، بۆیـە باشـتروایە خزمـەتگوزاریی بەرامبەر بێت، یان لەڕێی سەپاندنی سزای دواخستنی سەرچـاوەی خـوازراو، یان لەدیاریکردنی نرخ بەرامبەر خزمەتگوزاریی دیاریکراو.

لەو کتێبخانانـەی کـە هـەر لەسـەرەتاوە بیرۆکـەی بـەبازاڕکردنی داهێنـاوە کتێبخانەکانی ئەمریکابوون کـە ئـەزموونیان هـەبووە لـەو بـوارەدا، ئـەویش کاتێ بودجەیان کورتی هێناوە، پێویستیان بەپشتگیریی مەعنەویو مـادیی بووە لەلایەن سوودمەندانەوە.

بـــەبازاڕکردنی خزمـــەتگوزاریی لەلایـــەن کتێبخانەکانـــەوە جیـــاوازبووە، کتێبخانە هەبوون بەرامبەر ئەنجامدانی توێژینەوە لەڕێی تەکنیکەوە کرێیـان وەرگرتووە، لەکاتێکدا خزمەتگوزاریی تەقلیدیی، یـان توێژینـەوەکانیان کـە نووسیویانە بێ بەرامبەر بوون، هەرچەندە بەشێك لە کتێبخانـەکان پێڕسـتی سەرچـاوەکانیان لەکۆمپیوتـەردا دانـابوو بـۆ ئەنجامـدانی توێژینـەوەکانیان لەڕێی کۆمپیوتەرەوە نرخیان دانەدەنا، بەڵام لەڕێی وەرگرتنی سزای درەنـگ گەڕاندنەوەی سەرچاوەکانیانەوە پارەیان وەردەگرت.

هەروەها لەحاڵەتی خزمەتگوزاریی نوێـدا وەك هێنانـەوەو وەدەستخـستنی زانیارییەکان لـەنێو تۆڕەکـانی زانیاریـدا نرخیـان دەخـستەسەر سـوودمەند، بەجیاوازیی بڕەکەی لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یـەکێکی تـر، هەنـدێکیان کـاتی پەیوەندیکردنیان دەکردە پێوەر بۆ نرخەکە، هەندێکی تـر کرێیـان بەرامبـەر

بەکارهێنانی راستەوخۆی ژمارەی کارتە چاپکراوەکانی نێو ON-LINE دیاری دەکرد، هەشبوون هەموو تێچوویەکیان لە سوودمەند وەردەگرتەوە، هەبوون خزمەتگوزاریی وەرگێڕانیان دەکردە پێوەرو ئەوەش تەنیا بۆ وەرگرتنەوەی بڕی تێچووی پرۆسەکە بوو، نەك قازانج.

بەو شێوەیە، بایەخی پلاندانانمان بۆ دەردەکەوێت لەیاریکردنی کرێ بەرامبەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی، بەشێوەیەك لەگەڵ بڕی تێچوودا بێتەوەو سوودمەندیش قایل بکات.

## گواستنەوەو دابەشکردنی خزمەتگوزاریی

لێرەدا مەبەست لە گواستنەوە، گەیاندنی زانیاریو خزمەتگوزارییە بۆ هەر کەسو لایەنێك پێویستی پێی بێت.

پرۆسەی گواستنەوە لە پرۆسە گرنگەکانی دۆزینەوەی بازاڕی نوێیە، یان ژینگەی نوێ بۆ کاڵاکان، هەرچۆن کاردەکرێت بۆ فراوانکردنی بازاڕەکانی ئێستا کە زانیارییەکانیان تیادا دابەش دەکرێت، ئەوەش یارمەتیی کتێبخانە دەدات بۆ زیادکردنی خزمەتگوزارییەکانی، دیارە گەشەکردنی ئامرازەکانی گواستنەوەو پەیوەندیی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کاریگەریی زۆری هەبووە لەپێشکەوتنی خزمەتگوزارییە کتێبخانەییەکانداو بڵاوبوونەوەیان بەشێوەیەك بەتەنیا لە نێو شارەکاندا نەبێت، یان لەناوچەیەکی دیاریکراودا، بەڵکو پەل بهاوێت بۆ هەموو جیهان.

گواستنەوەو دابەشکردنی زانیاریو خزمەتگوزارییەکان یان لەڕێی ئەو ڕێگایەوە بووە کە بە(خاڵی خزمەتگوزاریی) ناودەبرێت، کە لەکتێبخانە ناوەندیو سەرەکییەکاندا تا دەگات بەکتێبخانەی لقەکانو وێستگەکانی کتێب، بۆ سەنتەرەکانی ئەفراندنو بۆ کتێبخانەی گەڕۆكو خزمەتگوزاریی

سەرچاوە فەرهەنگییەکان لەیەکتر جیاوازن، هەروەها لە پەنا بردنەبەر ئامرازەکانی پەیوەندی نوێی وەك تەلەفون و ڤیدیۆتکس و ڤیوداتا و تەلیکس و تەلیفاکس و فاکسی مانگە دەستکردەکان و...تاد، (خالّی خزمەتگوزاریی) یان (وێستگەی خزمەتگوزاریی) لەیەکتر جودان.

ئامرازەکانی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان خاوەنی توانای زۆرن بۆ بەدیهێنانی فراوانبوونی گەیاندنی زانیاری و نمایشیان، ئەوەش لەنێوان کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکاندا بەجۆرە رەنگیداوەتەوە:

١- ئالّوگۆڕی خواستنی بەلّگەنامەکان لەنێوان کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکاندا.

٢- توێژینەوەی راستەوخۆ لەڕێی ئامێرەوەو لەڕێی پێڕستی کتێبخانەو سەنتەرەکانەوە.

٣- توێژینەوە لە زانیاری و بانکەکانی زانیاریدا.

٤- ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی لەڕێی پەخشی زانیارییە هەلّبژێردراوەکان.

٥- گواستنەوەی کۆنفرانسە زانستییەکان لەکاتی بەستنیانداو هەلڕەخساندن بۆ سوودوەرگرتن لێیان و گفتوگۆکردنیان.

٦- توانای دەرکردنی خولاوەکان و کتێب لە جێگایەکی دوورەوە، بەواتایەکی تر توانای بازاڕکردنی خوازیاری دانیشتوو لەپشتی کۆمپیوتەرەکەیەوە بەدلّنیایی کە داخوازییەکەی لەچەند چرکەو خولەکدا پێدەگات.

هەربۆیە گرنگە کتێبخانە باشترین رێگا هەلّبژێرێت بۆ هێنانەکایەی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان بۆ خەلّکی، بەڕەچاوکردنی بایەخدان بەشوێن و کاتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی.

لەهەوڵــــە جدییـــــەکان بـــۆ جــــەخت کردنەســـــەر ســـــوودمەند، بڵاوبوونەوەی(لامەرکەزییەت)ە لە گەیاندنی زانیارییەکانـدا ئـەویش بـەپێی خواستو پێداویـستی ئـەوان، هەرچـۆن کتێبخانـەکان بایـەخ بـە واڵاکردنـی دەزگاکانیان دەدەن لـەکاتی گونجـاودا بۆیـانو ئەمینـداره بـەتواناکان هـەلی تەواو دەڕەخسێنن بۆیان تا باشترین سوود وەربگرن.




کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام لە هۆڵەندە

## بازاڕگەرمکردن

لــە ئامانجــە ســەرەکییەکان کــە هــەر کتێبخانەیــەك کــاری بــۆ دەکــات بــەردەوامبوونی پەیوەندییـــە لـــەنێوان کتێبخانـــەو زۆرتـــرین ژمـــارەی سوودمەندان لە دامـودەزگاو تاکـەکانی کۆمـەڵی دەوروبـەری، بەگـشتی ئـەو بەردەوامییە خـۆی لـە گەیانـدنی هـەواڵو زانیـاریی سـەبارەت بەکتێبخانـەو خزمـەتگوزاریو پلانەکانیـدا دەنوێنێـت، هەرچـۆن کـار بـۆ رازی کردنیـان

دەكات بەرامبەر بەرنامەی دیاریكراوو كاریگەریی لەسەر ئاراستەو ئاكاری هەر یەكێكیان لەڕێی پەیوەندیكردن پێیانەوە.

بازاڕ گەرمكردن وەك رەگەزێكی بەبازاڕكردن، هەموو جۆرەكانی پەیوەندیی بەخەڵكەوە دەگرێتەوە، واتە ئاگاداری‌و پڕوپاگاندەو ئامڕازەكانی چالاككردنی فرۆش‌و فرۆشتنی شەخسی.

## ئاگاداری

رەگەزی سەرەكییە لە بازاڕگەرمكردندا، ئامڕازی ناشەخسییە بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریی كتێبخانە بەرامبەر كڕییەكی دیاریكراو.

مەبەستی ئاگاداری گەیاندنی زانیارییە بۆ زۆرترین سوودمەند بۆ هامشۆی بەردەوامی كتێبخانەو سوودوەرگرتن لێی، ئەوەش لەڕێی بەكارهێنانی ئامڕازەكانی ئاگادارییەوە دێتەدی، وەكو رۆژنامەو گۆڤار، تەلەفزیۆن، رادیۆ، ئاگاداریی لەڕێی پۆستەوە، سینەما، هەروەها لەڕێی ئامێرەكانی گواستنەوەو تابلۆی نمایشی ئاگادارییەكانەوە.

دیارە مەرامی كتێبخانەو ناساندنی خزمەتگوزارییەكانی، بەهۆی پڕوپاگەندە بۆ خودی كتێبخانە دێتەدی، چونكە كەسانێك هەن بوونی پێ نازانن، یان شارەزایی خزمەتگوزارییەكانی نین، هەربۆیە دەبێ كتێبخانەو سەعاتەكانی دەوامی بناسێنرێت، هەرچۆن دەبێ باسی سەرچاوەكانی بكرێت‌و بانگەشە بۆ ئەو سەرچاوە رۆشنبیری‌و مەعریفیە بكرێت.

لەكتێبخانەی وڵاتانی جیهانی سێدا چالاكیی ئاگاداری بایەخی ئەوتۆی پێ نادرێت، چونكە بڕوایان بەقسەیەكی كۆنە كە دەڵێت((كاڵای باش خۆی دەفرۆشرێت)) هەرچەندە ساڵانێكی زۆرە ئەو قسەیە باوی نەماوە، بەڵام لەو جۆرە وڵاتانەدا هەر كاری لەسەر دەكرێت.

## پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشتییەکان کار ئاسانی دەکات لە پرۆسـەی پەیوەنـدیی نێـوان کتێبخانــەکانو خەڵکیــدا ، هەرچــۆن هەڵوێــستی کتێبخانــە ڕوونەکاتــەوە بەرامبــەر خوێنــەرانی، هــەروەها بەپێــچەوانەوە، ئەمــەش بــۆ دروســتکردنی باوەڕی ئەوان بەرامبەر کتێبخانەو تێگەیشتنو پشتگیریی لێی، واتــە ئــەرکی ســەرەکیی پەیوەندییــەکان لەکتێبخانــەدا ناســاندنی کتێبخانەیــە بەکۆمــەڵو کۆمەڵیش بەکتێبخانە.

چــالاك بــوونی پەیوەنــدیی تونــدوتۆڵ لــەنێوان کتێبخانــەو تاکــەکانو گروپەکانــدا دەبێتــە هــۆی زیــادبوونی پــشتگیریی دارایــیو مەعنــەویی بــۆ کتێبخانـــەو زۆربـــوونی خوێنـــەرانیو ســـوودوەرگرتن لەسەرچـــاوەکانیو پارێزگــاریی لەپێگــەی کتێبخانــەو دەســتکەوتەکانی، دواجــار کێبڕکێــی کتێبخانە لەگەڵ کەناڵەکانی تری خۆشگوزەراندنو کات بەسەربردندا.

هەربۆیە هەڵسوکەوتی لەباری کارمەندان لەگەڵ خوێنەرانو ڕێکپۆشی ئــەوان لــە کتێبخانــەداو توانایــان لــە کاریانــدا دەبێتــە هۆکــاری ســەرنج ڕاکێشانی خوێنەران، هەرچۆن پەیوەندییەکان ڕۆڵیان دەبێت لە بڕیاری سیــاسیی ســەرکردەکانی دەسەلات بۆ دروستکردنی ڕای گــشتی لای



خەڵکەکە، یەکێك لەتیۆرەکانی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی رازی کردنی دەسەڵاتە بۆ هەر بیرۆکەیەکی دیاریکراو کە دەبێتە فاکتەری کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ بەمەبەستی گۆڕینی ئاراستەکان.

## پڕفرۆشیی

چالاك بوونی فرۆشی کە دەکرێ کتێبخانە پەنای بەرێتەبەر، لەتەك ئاگاداریو بانگەشەدا، دەبێتە هۆی زیادبوونی داخوازیی سوودمەندان لە زانیارییەکانو سوودوەرگرتن لەکتێبخانەکان، ئامڕازەکانی ئەم مەبەستە بریتین لە تابلۆی ئاگاداریو لافیتەو لیستو کۆبوۆنو پێشانگاو پێشبڕکێیەکان، هەروەها دیاریو چۆنێتی نمایش بەبەکارهێنانی ئامڕازەکانی روونکردنەوەو..تاد.

## فرۆشتنی شەخسیی

واتە دیمانەو ئاخافتن لەگەڵ کەسێك یان زیاتر لەسوودمەندان بەمەبەستی رازی بوونیان بۆ بەکارهێنانی کتێبخانە. کەسایەتی هەڵکەوتووی ئەمینداری کتێبخانەو ئاستی رۆشنبیریی فراوانیو هەڵسوکەوتی لەباری لەگەڵ سوودمەندان لە پەیوەندیی رۆژانەدا دەبێتە بەهای بنچینەیی لەباشکردنی پەیوەندیی کتێبخانەو خوێنەرانی، بەوەش بازاڕی کتێبخانە گەرم دەبێت، چونکە پەیوەندیی شەخسیو زارەکی دەبێتە هۆکاری سەرکەوتوویی یان سەرنەکەوتوویی هەر کتێبخانەیەك، هاوکات بوونی گیانی هاوکاریو خزمەتگوزاریی دەبێتە هۆی جێ بەجێکردنی کردەیی بەرنامەو چالاکییەکانی کتێبخانە.

## راسپاردەکان

لەئاکاری ئەم توێژینەوەیەوە، دەگەینە راسپاردنی ئەم خاڵانە:

١- کتێبخانەکان پێویستیان بەرازی کردنی تاکە بەپلەی یەکەم، ئەویش بەدابینکردنی خواستەکانیان، واتە بەرهەمهێنانی هەرچی لەتوانادایە بەمەبەستی بەبازارِکردن لەپێناوی خزمەتگوزاریی تەواودا.

٢- پەنابردنە بەر میتۆدە زانستییەکان بۆ بەبازارِکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانە بەشێوەیەك لەگەڵ داب‌و نەریتی هەر کۆمەڵگایەکدا بگونجێت.

٣- کارکردن بۆ دۆزینەوەی بوار بۆ دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەرێی ئامرازە تەکنیکیە نوێیەکانەوە، یاخود کردنەوەی کتێبخانەی نوێ‌و لقەکانیان لەسەرانسەری وڵاتدا.

٤- بەشداریی کەناڵەکانی راگەیاندن، بەتایبەت تەلەفزیۆن لە نیشاندانی ئاستی کتێبخانەکاندا، چونکە گەشانەوەی ئاستی هاووڵاتی بەندە بەپێشکەوتوویی کتێبخانەکانەوە.

٥- بایەخدان بەهەڵمەتەکانی ئاگاداریی بۆ ئەو مەبەستە.

٦- توێژینەوە لەمەرِ ئەوانەی هامشۆی کتێبخانە ناکەن کە زۆرترین رێژەی دانیشتوانن.

٧- خستنەگەرِی زۆرترین کادیری بەتواناو شارەزاو پسپۆر کە لە بەبازارِکردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانەکان تێدەگەن‌و کاری بۆ دەکەن.

## سەرچاوەکان

١- احمد انور عمر، المكتبات العامة بين التخطيط والتنفيذ، القاهرة، ١٩٧٨.

٢- حسن عبدالله أبو ركبة، ادارة التسويق، جدة، ١٩٩٠.

٣- عبدالمجيد بو عزة، استغلال علوم التسويق من قبل المكتبات العامة، المجلة العربية للعلوم، ١٩٩٠.

٤- سماء زكي المحاسني، استخدام التلفزيون والراديو في دعم الخدمة المكتبية، عالم المعلومات، ١٩٨٣.

٥- محمد محمد الهادي، الأدارة العلمية للمكتبات ومراكز التوثيق والمعلومات، الرياض، ١٩٨٣.

(لەگەڵ چەندین سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی)

**سەرنج: ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم کتێبەوە ئامادەکراوە:**

**مكتبة الملك فهد الوطنية، ادارة المكتبات ومراكز المعلومات، تحرير اللجنة العلمية للنشر، الرياض، ٢٠٠٩.**

# دەروازەیەك

# بۆ زانستی كتێبخانەكان



کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی

ئەمڕۆ لە دنیای پێشکەوتوودا زانستی (کتێبخانەو زانیارییەکان) بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە ئاستی خوێندەواری تیایاندا باڵایە.

دوای راپەڕین ئاوڕی جددی تر لە کتێبخانەکانی کوردستان دراوەتەوەو بوونی دوو بەشی تایبەتمەندیش، بەکتێبخانەو زانیارییەکان لەهەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیو هەولێر، ئاسۆیەکی گەشی لەبەردەم پرۆسەی بەرەوپێشبردنی ئەم زانستەدا دەرخستووە.

ئەم زاراوانە کە لە ئاقاری ئەم دەروازەیەوە دەکەونە بەرچاوو بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەشکراون، دەبنە ڕێنمایکاری سەرەتایی بۆ کارمەندانی کتێبخانەکان.

(١)

## دامەزراوی زانیارییەکان

ئەو دامەزراوانەن کە ئەرکی سەرەکییان دەستەبەرکردنی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی زانیارییە، بە مەبەستی ڕێکخستنیان و ئامادەکردنیان بۆ بەردەستی هەموو ئەوانەی سوودمەند دەبن لێیان، ئەوانیش بریتیین لە:

### ١ـ کتێبخانەی قوتابخانەکان School Libraries

یەکەمین جۆری کتێبخانەیە کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەوانەن کە لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا دەکرێنەوە و ئامانجیان ئامادەکردنی سەرچاوەکانی زانیارییە بۆ قوتابیان کە دەبنە تەواوکەری پرۆگرامەکانی خوێندنیان، لەگەڵ سەرچاوەی دیکەدا کە بتوانن لە کاتە زیادەکانیاندا بیانخوێننەوە، ئەم جۆرە کتێبخانەیە هاوکات دەبێتە مایەی سوود بینینی مامۆستا و کارمەندانی نێو قوتابخانەش.

### ٢ـ کتێبخانەی زانکۆکان University Libraries

ئەوانەن کە لە نێو زانکۆ و کۆلیژەکان و بەشە زانستییەکاندان، خزمەتگوزاریی خۆیان پێشکەش بە خوێندکار و مامۆستا و کارمەندان دەکەن و دەوڵەمەندیی سەرچاوەکانی زانیاریی تیایاندا دەبێتە پاڵپشت بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن و هاوکاریی خوێندکاران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکانیان، هەر چۆن دەبنە جێگایەك بۆ پاراستنی نامە و تێزە زانکۆییەکان کە لە کۆلیژەکاندا خاوەنەکانیان بڕوانامەیان پێبەخشراوە و ئەو نامانە بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەبنەوە مایەی سوود وەرگرتن.

### ٣ـ کتێبخانە گشتییەکان public Libraries

ئەو کتێبخانانەن کە خزمەتگوزاریی خۆیان پێشکەش بە خەڵکی دەکەن بە جیاوازییانەوە، ئەوانیش هەموو توێژەکان دەگرنەوە لە منداڵ و قوتابی و کرێکار و پیشەوەر و کەسانی ئەکادیمی، تیایاندا هەموو ئەو سەرچاوانە چنگ دەکەون کە سەر بە زانیارییە مرۆییەکانن و لە سەرجەم بابەتەکاندان.

## ٤ـ کتێبخانە تایبەتمەندەکان Special Libraries

ئەوانــەن کــە لــە بــوارێکی بابــەتیی دیــاریکراوی وەك: پزیــشکی، ئەندازیاری، کشتوکاڵی و... تاد، خزمەتی تایبەتمەندان دەکەن، هــەر چۆن کتێبخانەی تایبەتمەندیش هەن کە لە بواری بابەتیی فــراوانــدان، وەکــو



زانـــستە رووتـــەکان و زانـــستە پراکتیکییـــەکان، یـــان زانیارییـــە کۆمەڵایەتییەکان، لەو کتێبخانانەش ئاماژە بە کتێبخانــەی وەزارەتــەکان و دامــەزراوە حکومەییـــەکان دەکـــەین، هـــەروەها هەنـــدێك کتێبخانـــەی کۆلێژەکانیش بەتایبەتمەند لە قەڵەم دەدرێن.

## ٥ـ کتێبخانە نیشتمانییەکان National Libraries

لە نێو وڵاتدا بە کتێبخانەی (دایك) ناودەبرێ، ئەرکی تایبەتی هەیە و ئەویش بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرجەم بەرهەمە هزرییـــەکان کـــە لـــەناو وڵاتـــدا دەردەچـــن، یـــان ئەوانـــەی بـــە وڵاتـــەوە پەیوەســـتن‌و لـــە دەرەوە

بڵاوەکرێنەوەو بە هەر زمانێك بێ لە کتێبخانەی نیشتمانیدا دەپارێزرێن، هەروەها کتێبخانەی نیشتمانی ژمارەی سپاردن بە هەر چاپکراوێکی نوێ دەبەخشێ و چەند دانەیەکیش لەو چاپکراوە وەردەگرێ بۆ پاراستنی لە کتێبخانەدا، لەو وڵاتانەشدا کە کتێبخانەی نیشتمانی نییە، یەك لە کتێبخانە زانکۆییە گەورەکان ئەو رۆڵە دەبینن، هەرچۆن لە کوردستانی خۆیشمان بەڕێوەبەرێتی کتێبخانە گشتییەکان یان کتێبخانەی گشتی بەم ئەرکە هەڵدەستن.

(٢)

## سەرچاوەی زانیارییەکان

بریتیین لە هەموو سەرچاوەیەکی زانیاریی جیاواز، کە لە بازاڕەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا دەخرێنە روو، هاوکات کتێبخانەکان لە هەوڵی دابینکردنیاندا دەبن، ئەوانیش بریتیین لە:

١ـ **کتێب** Books

بەپێی پێناسەی یۆنسکۆ، کتێب چاپکراوێکی ناخولاوەییە کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٩ لاپەڕە کەمتر نەبێت، کارێکی هزرییەو لە دوو توێیدا سەرەتاو کۆتایی هەیەو لە یەکێك لە بابەتەکانی زانیاریی مرۆییدا مادەیەکی زانستی چارەسەر دەکات.

٢ـ **خولاوەکان** periodicals:

چاپکراوێکی خولاوەییەو لە ماوەیەکی دیاریکراو، یاخود دیارینەکراودا بڵاوەکرێتەوە، یەك ناونیشانی دیار لەخۆدەگرێ و هەر بەو ناوەوە هەموو ژمارەکانی دەردەکرێت، ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان بەشداریی دەرکردنی دەکەن و پلانی بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام و نەوەستاوە، یان بۆ ماوەیەکی کاتی، خولاوەکان کە بریتین لە رۆژنامە و

گۆڤــار و بلاّوكراوەكــان بــە شــێوەیەكی ڕۆژانــە، هەفتانــە، نیــو مــانگی، مانگانە، وەرزیی، شەش مانگی، یاخود سالاّنە دەردەكرێن.

### ٣ـ بچووككراوەكان Microforms:

فیلمی وێنە گرتنەوەی ئاسایین كــە وێنــەی بــچووككراوە دەپــارێزن بــە قەوارەی (٢٥٠) ئەوەنــدە بــچووكتر لــە خــودی سەرچــاوەكە، ئەمــەش بــۆ گێڕانەوەی ئەو هەموو جێگایەی كە بابەتە چاپكراوەكان داگیری دەكـەن، یارمەتیــدەر دەبێــت. مــایكرۆفۆرمس چــەند جــۆرێكی هەیــە، وەكــو: مــایكرۆفیلم، مــایكرۆفیش، كــارتی كــونتێكراو، بــچووككراوەكان بــۆ ئامادەكردن و خوێندنەوەیان پێویــستیان بــە ئــامێری تایبــەت بــە خۆیــان هەیە.

### ٤ـ كەرەستەكانی بیستن و بینین

Audio Visual Materials

ئەو كەرەستانەن كە پشت بە هەستەكانی بیستن و بینیین دەبەستن، یان هەردووكیان پێكەوە، بۆ تێگەیشتن لە هــەر زانیارییــەك كــە لەســەر ئــەو كەرەســتانەدا هــەبن، ئــەوانیش لــە كەرەســتەكانی بیــستن سەرچــاوە ناتەقلیدییــەكانی زانیــارین، بــۆ نموونــە (قــەوان و نــەواری كاســێت)ن و لەوانەی بینینیش (وێنە و نیگار و نەخشە)ن و لەوانــەی هەردووكیــشیانن (بیستن و بینین) ئاماژە بە نەواری ڤیدیۆ و فیلمی ســینەما و ســیدییەكان دەكەین.

### ٥ـ نەواری ڤیدۆ و فیلم و سیدی

Compact Disks-CD Roms:

لــە كەرەســتە نوێیــەكانی كۆكردنــەوەو پاراســتنی زانیارییــەكانن و ژمارەیەكی زۆر لە داتاكان بە شێوەی جیاواز، تێكست یان بیــستراو یــاخود بینراو بن، دەپارێزن.

لەم سالاَنەی دواییدا جۆرێکی دی لـــە سـیدی داهێنراوە کـــە بـــە "DVD" ناودەبرێتو توانای گرتنەخۆ و پاراستنی یەکجار زۆری هەیە.

( ٣ )

## کارە هونەرییەکان

ئەو کارو پرۆسانەن کە لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاریدا ئەنجام دەدرێن و مەبەست لێیان ڕێکخستنیانە بۆ نێو دۆڵابەکانی کتێبخانە و ئاسـانکاریی بۆ بیـنین و ناسـینیان و بـە باشـی بـەکارهێنانیان لـە نێـو کتێبخانـەدا، ئەوانیش بریتین لە:

### ١- گەشە پێدانی سەرچاوەکانی کتێبخانە

Acguistion

هاوکات بـەناوی سەرچـاوە بەدەسـتهاتووەکان (التزویـد) ناودەبرێـت، ئامانجی گەشەپێدانی کتێبخانەیە بە دابینکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی نوێ کە لەگەڵ خواستی سوودمەندان‌دا بگونجێن، چەند ڕێگایەکیـــش بۆ



بەدەستهێنانی سەرچاوەکان هەیە، ئەوانیش: کڕین، ئاڵوگۆڕ، دیاریو وەدەستخستنی چاپکراوەکان لەو دامودەزگایەی کە کتێبخانەکە پەیوەستە پێیەوە، هەرچۆن ئەم کارە گرنگە ئەرکی دیکەش دەگرێتە خۆی، وەکو هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان، پاکژکردنەوەو لابردنی ئەو چاپکراوانەی بایەخدار نین، بەشداریی پێکردنی سەرچاوەکان لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا کە پێی دەگوترێ (لەخۆگرتنی هەرەوەزییانە).

## ٢- پێڕستی وەسفیی

Descriptive Cataloging

یەکێکە لە کارە هونەرییەکان کە لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاریدا دەکرێن و بریتیە لە وەسفکردنی سیمای مادیی سەرچاوەکان، بە هۆی چەند زانیارییەکەوە کە ناسنامەی سەرچاوەکەو چۆنێتی جیاوازیی لە سەرچاوەی تر دیاریی دەکات، وەکو: ناوی نووسەر، ناونیشان، چاپ، جێگای بڵاوبوونەوە، بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە، ژمارەی لاپەڕەکان، قەوارەی سەرچاوەکە، زنجیرە، سەرنجەکان، ژمارەی نێو دەوڵەتیی یەکگرتوو (ISBN). ئەم زانیارییانە بە زانیاریی بیبلیۆگرافی ناودەبرێن و پشت بە ڕێسای نێودەوڵەتیی دەبەستێت کە پێڕستکاران لە کاری کتێبخانەیی خۆیاندا پێڕەوی دەکەن و دیارترینیان بنەماکانی پێڕستی ئەنجلۆ- ئەمریکییە (AACR).

## ٣- پێڕستی بابەتیی

Subject Cataloging

کارێکی دیکەی هونەرییە کە لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیارییدا ئەنجام دەدرێت و بایەخدانە بە ناوەرۆکی هزریی، یان بابەتیی سەرچاوەی زانیاری، واتە دیاریکردنی ئەو بابەتە کە سەرچاوەکە تایبەتە پێی و بە پیت و

گوتەی گوزارشتکەر لە بابەتەکە دیاریی دەکرێ کـە لـە ژێریـدا واتـە لـە پێڕستدا دەروازەی گشتی مادەکان دیاریدەکرێت کە بابەتەکان دەخەنـەڕوو. هەرچۆن بۆ بەردەستی پێڕسـتکاران و بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرەبابەتەکانیان لیستی تایبەت هەیە، کە ئەوانیش بە لیستی سـەرەبابەت نـاودێر کـراون. دیارترینی ئەو لیستە عەرەبیانە لیستی سەرەبابەتی عـەرەبیی گەورەیـە و لـە بیانییەکانیـشدا لیـستی سـەرەبابەتی کتێبخانـەی کۆنگرێـسە لـە ئەمریکا.

## ٤- پۆلێن

Classification

بریتییە لە کۆکردنەوەی شتە لەیەکـچووەکان بـەپێی لـە یەکـچوویی نێوانیان و جوداکردنەوەی شتە لەیەکنەچـووەکان بـەپێی لەیەکنەچـوون و نەگونجاویی نێوانیان، لە بواری کتێبخانەکانیشدا بریتییە لە کۆکردنـەوەی ئەو کتێبانەی کە باس لە یەك بابەت دەکەن لە نێو یـەك خانـەدا، بـەپێی هێمای تایبەت بە هەر کتێبێك کە بەپێی بابەتـەکانیان دیـاریی دەکـرێن. بیرۆکەی پۆلێن کردن، دابەشکردنی سەرچاوەکانی زانیارییە بەسـەر چـەند بەشێك و لە ژێر هەر بەشێکیشدا لقی دیکە هەن و ئەوانیش بەسەر چەند لقی دیکەدا دابەش دەبن و بەو شێوەیە.

بۆ هەر یەکێ لەبابەتەکان هێمای دیاریکراو هەیە کـە ڕەنگـە ژمـارە یان پیت بن، یاخود هەردووکیان. هەرچـۆن پێـڕەوی پلانـی پـۆلێن کـردن دەکرێت و دیارترین پلانیش لەسەر ئاستی جیهان (پۆلینی دیوی عـشری) یە، هەروەها پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێس.

٥-**ڕێبەری کردن** Lndexing

کاری درووستکردنی ڕێبەرەکانە و بریتییە لە پڕۆسەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی کتێب و خولاوەکان (الدوريات) و ڕۆژنامەکان بە مەبەستی دیاریکردنی بابەتی وتارەکان. چەند جۆریّ ڕێبەر هەن، وەکو ڕێبەری کتێب و خولاوە و ڕۆژنامە و ڕێبەری بابەتەکان و ڕێبەری نووسەران و ناونیشانەکان، ئەم کارە دوو ڕێگا دەگرێتە خۆ، یەکەمیان دەروازە، یان ئەو ڕەگەزەی کە ڕێبەرەکانیان پیّ ڕیزبەند دەکریّ، دووەمیش ئاماژەکان، واتە ئەو زانیارییانەی کە هەر کەرەستەیەکی ڕێبەرکراو دەیگرێتە خۆ.

٦- **پوختە** Abstractiong

پرۆسەیەکی تەواوکارە بۆ ڕێبەریکردن و تیایدا زانیاریی لە سەر کەرەستە ڕێبەرکراوەکان دەخاتە ڕوو، لەجۆری پوختەکانیش ئاماژە بە (پوختەی ڕاگەیاندن، پوختەی وەسفیی، پوختەی ڕەخنەیی و پوختەی بچووککراوە) دەکەین، بەهۆی بوونی هەندیّ پوختەشەوە پێویست بە گەڕانەوە بۆ چاپکراوی ئەسڵی ناکات.

(٤)

## خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان

بە شێوەیەکی گشتی، بریتین لە ئامانجە ڕەهاکانی دامەزراندنی کتێبخانە، یان سەنتەر و دامەزراوە زانیارییەکان، چونکە هەرچەندە کتێبخانە جێگای خۆی و سەرچاوەی هەبێت و بۆ ئامادەکردن و خستنەبەردەستی سەرچاوەکانیش، کۆششی باش کرابێت، ئەگەر هەموو ئەوانە خزمەتگوزاریی خێرا و کاریگەری بەدوادا نەیەت، بایەخێکی ئەوتۆیان نابێت.

به هـۆی ڕێنمـایی و ئاڕاسـتەکردنەوە، خوێنـەری هامـشۆکەر دێنـە کتێبخانەوە، چونکە لەمەڕ چۆنێتی سـوود وەرگـرتن لـە سەرچـاوەکانی و بەکارهێنانی کەرەستە و ئامێرەکانی، بیرۆکەیەکی ئەوتۆی نییە، هەربۆیـە پێویستە کتێبخانە "هامشۆکەر" فێر بکـات کـە چـۆن چـۆنی و بـە بـێ هاوکاریی کەسانی تر، سوود وەربگرێت.

خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەش بریتین لە:

**١-خوێندنەوە لەناو کتێبخانەدا**



سەرچـاوەی وا هـەن کـە نابرێنـە دەرەوەی کتێبخانە، ئەمـە جگـە لـەوەی خوێنەری وایش هەن کـە هەلومـەرجی مالـّـەکانیان یاریـدەدەر نییـە بـۆ خوێندنەوەو لە کتێبخانەدا دەخوێننەوە، هەربۆیـە کتێبخانــە دەبــێ بــەردەوام خزمەت و هاوکاریی ئەم جۆرە خوێنەرە بکات و پێویـستە کەشـێکی لـە باریـان لـە ڕووی کورسـی و مێـز و پانتایی گونجاو بۆ کەرەستەکان و گەرمی و ساردیی هۆڵەکان، بۆ دروست بکات.

**٢- خواستنی دەرەکیی** Borrowing

ڕێگاپێـدانی خوێنـەرە بـۆ خواسـتن و بردنـە دەرەوەی سەرچـاوەکانی زانیاریی بۆ دەرەوەی کتێبخانە بۆ ماوەیەکی دیـاریکراو، کـە ئـەمیش بـە پێی مەرجی تایبەت و گەڕانەوەی لەوادەی خۆیدا، هەروەها پێویستە هـەر کتێبخانەیەك بۆ بەجێهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە پـلان و ڕێنمـایی خـۆی هەبێت، وەك: ژمارەی کتێبە خوازراوەکان بۆ بردنە دەرەوە، ماوەی خواسـتن،

دەرفەتی سەرلەنویٚ تازەکردنەوەی خواستن، ئەو برە پارەیەی لە کاتی دواخستنی سەرچاوەی خوازراو لە خویٚنەر وەردەگیریٚت، سەرچاوە ریٚگاپیٚدراو و پیٚنەدراوەکان بۆ خواستن (لە فەرهەنگ و گۆڤار و رۆژنامەکان)، لەگەڵ دەسەڵاتی هەڵگرتن و شاردنەوەی هەندیٚ سەرچاوە لە خویٚنەر.

**٣-خزمەتگوزاریی بیبلیۆگرافی** Bibliographic Service

واتە ئامادەکردنی لیستەی سەرچاوەکانی زانیاریی بۆ هەریەك لە بابەتەکان. بۆ ئەم مەبەستەش پیٚویستە کتیٚبخانە سوود لە سەرچاوەکانی خۆی و ئەو بیبلیۆگرافیا و پیٚرستانە وەربگریٚت کە بە دەر لە سەرچاوەی نیٚو کتیٚبخانەکە بۆ بەرهەمە هزرییەکان ئامادەکراون، ئەم خزمەتگوزارییە سوود بە تویٚژەران دەگەیٚنیٚ بۆ زووتر دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ تویٚژینەوەکانیان پیٚویستیان پیٚی دەبیٚت.

**٤- وەڵامدانەوەی پرسیار**

کە خزمەتگوزاریی سەرچاوەیی "Reference Service" پیٚدەڵیٚن و بە هۆیەوە تویٚژەر و سوودمەند سەبارەت هەر بابەتیٚك کە بیانەویٚ پرسیار و سۆراغی خۆیان دەکەن و کتیٚبخانەش بە هۆی کۆمەڵەی سەرچاوەکانیەوە و بە هۆی سەرچاوەی زانیارییەکانی دیکەی وەکو (ئینتەرنیٚت)ەوە، هاوکارییان دەکات بۆ دۆزینەوەو بەکارهیٚنانی سەرچاوەکان.

**٥-لەبەرگرتنەوە** Photo Copying

دەبیٚ کتیٚبخانە ئامیٚرەکانی لەبەرگرتنەوەی دەستنووس و چاپکراوەکانی بخاتە بەر دەستی هەر کەسیٚ کە پیٚویستی بە ویٚنەی چەند لاپەرەیەك هەبیٚت، ئەمەش فشار لەسەر کتیٚبخانە و خواستن کەم دەکاتەوە

و هاوکـات خزمــەتی کاتــەکانی توێــژەریش دەکـات، زۆربــەی جـار ئــەم خزمەتگوزارییە بە نرخێکی بەرامبەرە و کتێبخانەکان بە پێــی پرەنـسیبی خۆیان و بۆ پاراستنی مــافی دانــەر و توێــژەر، ڕێگـا بــە لەبەرگرتنــەوەی توێژینەوە زانستیەکانی خوێندنی باڵا نادەن.




## ٦- پەخشی هەڵبژاردەی زانیارییەکان

Selective Dissemination of Information (SDI)

خزمەتگوزارییەکی نوێیــە و بــەهۆی کۆمپیوتــەرەوە ئــەنجام دەدرێــت، ئەویش دوای تۆمارکردنی زانیــاریی ســەبارەت هامــشۆکەرە خوێنــەرەکان، وەك: ناو و ناونیشانیان، بواری بایەخیان، ئەو زمانانەی کە دەیزانن و...تــاد.

کاتێکیش هەر سەرچاوەیەکی نوێ بگاتە کتێبخانە، ئەوا کورتەیەکی دەگەیێنرێتە خوێنەری مەبەست.

**٧- ئاگادارکردنەوەی هەنووکەیی Current Awarenss**

ئەم خزمەتگوزارییە، مەبەستی ئاگادارکردنەوەی خوێنەرانە بە سەرچاوەی زانیاریی نوێ، ئەویش بە سێ ڕێگا دەبێت:

أ- وێنەگرتنەوەی لیستێ بە ناوەرۆکی ژمارەی گۆڤارە هاتووەکان و ناردنی بۆ سوودمەندان.

ب- نمایشی بەرگی کتێبە نوێیەکان لە ناو دەروازەی کتێبخانەدا.

ج- دەرکردنی بڵاوکراوە بۆ خستنە بەرچاوی سەرچاوە نوێیەکان.

**سەرنج:**

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە، سوود لە چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

**کتێبخانەی ئەلیکترۆنی**

کتێبخانــە لەوەتێپــەڕیوە کەبەتــەنیا کتێبــی چــاپکراوی تێــدابێت، بەڵکولەپاڵ کتێبدا ژمارەیەکی باش لەکەرەستە کاغەزییــە چــاپکراوەکانی دیکەی وەکو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەوخولاوەکانی تری جۆراوجۆر لەخۆ دەگــرێ، هەرچۆن نەخــشەو ئەتڵــەس‌و وێنــەی ئەنــدازەیی تیــادا دادەنــرێ، ئەمانــە بێجگە لە دەستنووسی کۆن‌و نامــەو یاداشــتی نــوێ‌و سەرچــاوەی دیکــەی کاغەزیی چاپنەکراو.



هەر لەکتێبخانــەدا کەرەســتەی تــری وەکــو مــایکرۆفیلم‌و کاسێت‌و ســیدی دەپارێزێــت، هاوکــات ئاســانکاریی دەکرێــت بــۆ بــەکارهێنانی کۆمپیوتەرو چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە لەلایــەن هامــشۆکەرانەوە، کەواتە کتێبخانە ئەو جێگایەیــە کــە تیایــدا خــەڵکی دەتــوانن بەهــەموو زانیارییەك بگەن، لەهەمان کاتدا توێژەر دەتوانێ تیایدا توێژینــەوە ئــەنجام بدات، بەکورتی کتێبخانە وایلێهاتووە پێی بگوترێت(کۆمەڵێ کەرەســتەی سوودبەخش بۆ بەکارهێنانی گشتی).

## کتێبخانە لەسەر تۆڕی جیهانیی

لەگــەڵ دەســتپێکردنی کــاری ئینتەرنێتدا ،پــسپۆڕان ویــستوویانە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی بخەنەسەر، تاگەیشتن بە زانیارییەکانو سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان کارێکی ئاسان بێت، لەراستیدا ئینتــەرنێت بریتییــە لــە کتێبخانەیەکی یەکجار گەورە.

سەدان هەزار کتێبخانە ناویان لــە ئینتەرنێتــدا دێــت، یــان لاپــەڕەی پێناسەکردنیان دەبینرێت، کتێبخانەکانیش بە پێی ناونیــشان، یــان بــواری تایبەتمەندییان، وەکــو (یاســایی، پزیــشکیی، یــان کتێبخانــەی وێنــەیی) لەیەکتر جیادەکرێنەوە.

## جۆرەکانی کتێبخانەی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت

دەبێ جیاوازیی لەنێوان کتێبخانەکانی سەرتۆڕەکان بکرێت، لەوانەش:

١ـ ئەوانەی بەتەنیا لاپەڕەیەکی بانگەشەو پێناسەیان هەیــە: نــاتوانرێ لەناوەرۆکی بابەتەکانیان بکۆڵرێتەوە، یــان کتێبــێ بەدەســتبێنێت، ئیــدی کاغەزیی بێت یان ئەلیکترۆنی.

٢ـ ئەوانەی نیمچە تەقلیدین:

بەهۆی تۆڕەکانــەوە مامەڵــە لەگــەڵ خوێنــەران دەکــات، پێڕســتەکەی نمایش دەکاتو کتێبی کاغەزیی دەنێرێت، ئەم خزمەتگوزارییە بەزۆریی لە زانکۆکــانو دامــەزراوەکانی تــری پــەروەردەو هەنــدێ لــە کتێبخانــە گشتییەکاندا ئەنجام دەدرێت.

٣ـ کتێبخانەی ژمارەیی، یان ئەلیکترۆنیی راستەقینە:

دەتوانرێ گــەڕان بەناویــدا بکــرێ، پاشــان راســتەوخۆ زانیارییــەکان بخرێتە سەر ئامێری کۆمپیوتەرو لەلاپەڕەی وەکــو(وێــب) دابــەزێنرێت وەك

تێکستێك، یان وەك فایلێکی (وۆرد)، یـان فـایلێکی PDF، ئـەم فـایلی تێکستانە بەبچووکی قەوارەیانو خێرایی دابەزاندنیان ناسراون.

## سوودی بەکارهێنانی کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی

ژێرولێهـاتوویی رۆڵیـان لەبـەکارهێنانی کتێبخانـەدا، کتێخانـەی تەقلییـدیی بێـت یـان، ئـەوەی لەسـەر ئینتـەرنێت هەیـە، تەنانـەت بەکارهێنانی خودی ئینتـەرنێتیش زیرەکییـەکی دەوێـت، ئەوانـە بوونەتـە پێویـستی هەنووکـەیی لـە خوێندنـدا بـۆ هـەر بوارێـك و پرۆگرامێکـی فێربوون، مەشق کردن وخۆڕاهێنان بـۆ بـەکارهێنانی هـەزاران کتێبخانـە لەسەر تۆڕی جیهانیی لێهاتوویی سەرەکیی لێ دەکەوێتەوە، وەکـو گـەڕان و بەئەرشیف کردنو توانای زمانەوانیو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن.

## مەرجەکانی بەکارهێنانی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

هەندێ کتێبخانە داوای نرخی بەشـداربوون دەکـەن وهەنـدێك بەتـەنیا داوای ناوتۆمـارکردن وهەنـدێکی تـر هـیچ مـەرجێکیان نییـە، ئەوانـەی نرخیان داناوە ساڵانە دەبێ پارەیان بۆ بنێردرێت، یان بەڵگـەی ئەنـدامێتی لە زانکۆیەك یان دامەزراوەیەکی پەروەردەییدا.

بەڵام کتێبخانە بێ بەرامبەرەکان هـیچ جـۆرە مـەرجێکیان نییـە بـۆ بەکارهێنانیان، کتێبخانە هەیـە داوای مـافی بـەکارهێنان ناکـات، وەك( پـڕۆژەی گـۆتنبێرگ) کـە پـڕۆژەی کتێبخانەیـەکی کراوەیـە و زۆرکتێبـی لەخۆگرتووە کە داواکاریی مافی نووسین و چاپکردنیان بەدواوە نییە.

کتێبخانەی وایش هەیە بێ ڕەچـاوکردنی مـافی خاوەنـەکانی کتێـب دەخاتە بەرچاو.

سەرچاوەی ئامادەکردن:

سـعد محمـد الهجريـی، المکتبـة وبنـك المعلومـات في الأذاعـة والمجلـة والمجتمـع، الأسکندرية، ٢٠٠٠.

# ئاوڕدانەوەیەك

# لە پڕۆسەی خوێندنەوە و ئامانجەكانی

لەزوودا گوتراوە (مالرۆ) ٣٠ هەزار دانە لە هەر کتێبێکی دەفرۆشێت، بەڵام ئەمڕۆ فەیلەسووفێکی وەکو (مێشێل ئۆنفری) پڕفرۆشترین نووسەرە کە تیراژی کتێبەکانی گەیشتووەتە ٢٠٠ هەزار دانە، دوا کتێبی (معاهدە الالحاد) کە بۆ ٢٠ زمان وەرگێڕدراوە، بەو تیراژە بڵاوکراوەتەوە، ئەوانە لەگەڵ زۆربوونی سەرچاوەکانی زانیاریدا، هێشتا خوێنەری کتێبە جدییەکان لەسەر خوێندنەوە بەردەوامن.

ئەو نووسەرە دەڵێ: دوای خوێندنەوەی مارکس، فەلسەفەم خۆشویست، چونکە چەوسانەوەی خۆمم لەلایەن باوکمەوە دەخاتەوە یاد، هەروەها (نیتشە)شم خۆشویست، چونکە لەوەوە فێربووم چۆن چۆنی بژیم.

سەیر لەوەدایە، ئەو فەیلەسووفە ساڵی ١٩٨٠ وەك توێژەرێ سەربارەت خۆراك بەرهەمی نووسیوە و کتێبێکی بەناونیشانی "ئەو نەخۆشییانەی تووشی گەدە دەبن" دەرکردووە، بەڵام ساڵی ١٩٩٧ کە کتێیی فەلسەفەی "سیاسەتی یاخیبوون"ی چاپکراوە، ٣٥ هەزار دانەی لێفرۆشراوە.

ئەو نووسەرە فەیلەسووفە، لێبووردوانە لە ئەزموونی دەوڵەمەندی دەدوێت و دەڵێت: ((مەرج نییە کە کتێبێکم زۆر دەفرۆشرێت، زۆرترین خوێنەر هی کتێبەکانی من بن، من ماوەیەکی زۆر دەمنووسی و کەسێك نەیدەخوێندمەوە، لای من ناوبانگ دەرکردنی کتێبێك، بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە تیایدا دەرچووە)).

## خوێندنەوە و ئامانجەکانی

هەرچۆن چاوانی مرۆڤ دەروازەن بۆ بینیی جیهان و چوونە ناو ژیانەوە، بەهەمان شێوە هەر چاوەکانمانن کە دەبنە سەرچاوەی خوێندنەوە و دوای دیتنی پیشوتە و ڕستە و بابەتەکان، بەهۆی مێشکمانەوە، لە واتا و مەبەستەکان دەگەین.

ئەرستۆ لە کتێبی "هونەری ڕەوانبێژی"دا دەڵێت: ((ڕەوانبێژی، واتە ئەنجامدانی پڕۆسەی پەیوەندی. هەروەها دەڵێت: گەڕانە بەدوای هەموو ئامرازە گونجاوەکانی ڕازیکردن)).

ئەو فەیلەسووفە، پڕۆسەی پەیوەندی لەنێوان (بنێر، پەیام، وەرگر)دا دەبینێ[١].

"هارلۆلد لازویل"یش بۆ گوزارشت لە پڕۆسەی پەیوەندی، پێنج پرسیار و پێشنیازی کردووە:



کێ؟

چی دەڵێت؟

بەکام ئامراز یاخود کەناڵ؟

بۆ کێ؟

بە چ کاریگەرییەك[٢]؟

ئەگەر بیرۆکەی "لازویل" بە تەنیا بەسەر پڕۆسەی پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەردا بچەسپێنین، ئەوا دەبێ بڵێین:

لای ئەو، کێ نووسەرەکەیە؟ چی دەڵێت: واتە چ بابەتێکی نووسیوە، بە کام ئامراز... یان نووسینەکەی بەهۆی چ ئامرازێکی چاپکراوەوە دەگەیەنێت؟ بۆ کێ؟ واتە: خوێنەرەکانی کێن؟ بە چ کاریگەرییەك ئەمەیشیان واتە (Feed back) یان ئەنجام و کاریگەری بابەتە نووسراوەکەیە لای خوێنەر.

---

(١) د. حسن عماد مكاوي و د. ليلى حسين السيد، الأتصالات و نظرياته المعاصرة، ص ٣٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص ٣٨.

لەگـەڵ گەشـەکردنی کۆمــەڵگای مرۆڤایەتیــدا، ژیــان ئــاڵۆز بــووە و بەرامبەر ئەوەش پەیبردن بە زانیارییەکان، زیادیان کــردووە. زانیارییــەکان بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵ، بایەخی گرنگیان هــەبووە؟ ڕەگەزێکــە و لــە هــەر چالاکییەکماندا ناتوانین لێی بێبەش بین و کەرەسەی خاون بــۆ توێژینــەوەی زانستی و سەنگی مەحەکیشن بۆ وەرگرتنــی بڕیــارە ڕاســت و دروســتەکان لەژیانماندا، ئەوانەی زانیاری تەواویان لابێ لــەم ژیانــە پــڕ لــە جــەنجاڵی و گرفتەدا، خاوەنی قسە و کرداری بەهێز و کاریگەر دەبن، نەوەك هەڵوێستی سەرپێیی و کوێرانە[٣].

ئەمانەش هــەمووی لــە کتێــب و نووســراوەکاندا چــنگ دەکــەون کــە هەمیشە مرۆڤی خوێنەری چالاك و ژیر، هەوڵی خوێندنەوەیان دەدات.

"م. ئادلەر" لە کتێبەکەیدا "چۆن کتێبێك دەخوێنیتــەوە؟"دا دەڵێــت: ((ئەوەی زۆر دەخوێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی خراپ لێیــان حــاڵی دەبێــت، لەبری ستایش هەقە بەزەییمان پیایدا بێتەوە)). چونکە هــەروەك "تۆمــاس هوبس" گوتوویــەتی: ((نووســەرە مەزنــەکان خوێنــەرە مەزنــەکان بــوون، ئەمەش بەو واتایە نایــەت هەرچــی کتێــب هەیــە لــە ڕۆژگــاری خۆیانــدا خوێندبێتیانــەوە، زۆربــەی جــار ئــەوەی خوێندوویانەتــەوە، بارتــەقای ئــەو کتێبانــە نــەبوون کــە لــە کۆلیژەکانمانــدا پڕۆگــرامن، بــەڵام ئــەوان هەرچییەکیان خوێندبێتەوە، بە باشی خوێندوویانەتەوە))[٤].

---

[٣] د. حسن عماد مكاوي، تكنلوجيا الأتصال الحديثة في عصر المعلومات، ص ٢٧.

[٤] عكاب سالم الطاهر، موضوعات في الكتابة، ص ٥٩.

## ئاوڕدانەوەیەك لەمێژووی خوێندنەوە

ئەوەی مرۆڤ لـە سـەرجەم گیانلەبـەرانی دیکـە جیادەکاتـەوە، توانـای گوزارشتکردنێتی لـە بیرۆکـەکانی، ئەمـەش لـە سـەردەمە بەراییـەکانی مێـژووی ئـادەمیزادەوە دەرکـەوتووە، کاتێـك بـە ئامـاژە و جوولـە، داوا و مەبەستەکانیان لە یەکتر گەیاندووە، پاشانیش یەکەمین شۆڕشی مرۆڤ ئـەو دەمە بـوو کـە مرۆڤـەکان توانیویانـە بـدوێن و بـە درکانـدنی وشـەکان، لەیەکتر تێگەیشتوون.

شۆڕشی دووەمی مرۆڤیش لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا بـووە کـە بـە دێـرینترین کۆمـەڵگا ناسـراون، چـونکە نووسـینیان داهێنـاوە، ئـەوان توانیویانە لەسەر قوڕ بنووسن، ئەمەش نزیـك بـە ٣٦٠٠ سـاڵ لـە پـێش زایینەوە بووە.



تەنــە قوڕینــەکان، بــیری سیاســی و کۆمەڵایــەتی و فەلــسەفی ئــەو سەردەمانەیان تۆمارکردووە و پاراستووە، بەڵام ئەو نووسراوانە گران بوون و بە تەنیا پیاوانی ئـایین و نــەوەی چــینە دەوڵەمەنـدەکان توانـای کڕینیـان هــەبووە، لەســـەر دیــواری ئەشـــکەوتەکان و لەســـەر قـــەد و ســـینەی بەردەکانیش، گەلێ نووسراو جێماون.

بەڵام وەك ئاماژەی پێکرا، لەو سەردەمانەدا، خوێندنــەوە بــە تــەنیا بــۆ چینە باڵادەستە ئۆرستۆکراتییەکان بــووە، هــەر منــداڵی ئــەوانیش فێــری خوێندن و نووسین دەکــران، چــونکە لــەو کۆمــەڵگا دێرینــەدا بەلایانــەوە نەنگی بووە کە هەژاران بخوێننــەوە. لــە ســەدەی دەیەمــدا دامــەزراوەکان، خوێندنگایان داناوە، بەڵام کتێب هــەر بــە تــەنیا بــۆ ژمارەیــەکی کــەمی قوتابیان بووە.

دوای ملیۆنان ســاڵ، مرۆڤایــەتی توانیویــەتی زمــان دابهێنێــت، واتــە زمانی ئاخاوتن لەگەڵ یەکتر. دوای چەندین سەدەش، توانراوە نووسین ببێتە یەکێك لە ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤ. دیرۆکی نووسین بە وێنە، واتە وێنــەی کێشراوی واتاکان بۆ نووسینی هێمایی، بەواتایــەکی دیکــە بــەکارهێنانی پیتە سادە و ساکارەکان بــۆ گوزارشــت لــە دەنگــە دیاریکراوەکــان بــوون، تادەگات بە نووسینی (ئەلف و بێ) کە دەکــرێ مێژووەکــەی بــۆ هــەزارەی یەکــــەمی (پ. ز) لەناوچــــەکانی خۆرهــــەڵاتی دوور (الادنــــی) دێــــرین، بگێڕینەوە[٥].

بــەڵام بــە داهێنــانی چــاپ و چــاپخانە لەلایــەن (گــۆتنبێرگ)ی ئەڵمانییەوە، لە ساڵی ١٤٣٩دا شۆڕشێکی زانیاری گەورە داهێنرا. ئەو، بە

---

[٥] سەرچاوەی ژمارە ١، ص ٩٤.

بیست ساڵی ڕەبەق داهێنانەکەی ئەنجامداوە، لەوێوە لاپەڕە و ڕۆژنامە و نامیلکەی بچووك، کەوتوونەتە بەرچاو و لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیادا، چاپکراوەکان ڕوو لە گەشەکردن بوون، تا گەیشتوون بەمرۆی پڕ لە داهێنان و چاپەمەنی جۆراوجۆر و نووسراوی نێو تەکەنەلۆژیای پێشکەتوو کە لە پەیوەندی ئینتەرنێتیدا خۆی دەبینێتەوە.

بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەکردنی نووسین، خوێنەران شوێن نووسراوەکان گەیشتوون و لەم سەردەمە نوێیەدا، خوێندنەوە بووەتە پیشەی ڕۆژانە و بەردەوامی هەموو مرۆڤێك، بەجیاوازی تەمەن و ڕەگەزیانەوە.

## بۆچی دەخوێنینەوە؟

ئەگەر نووسین بۆ پاراستنی بەخششی مرۆیی بێت، ئەوا خوێندنەوەش بۆ بەکارهێنانی ئەو بەخششەیە لە ژیانی ڕۆژانەماندا. کەواتە هەر بەرهەمێکی نووسراو، گەر لایەنی بەرامبەری کە (وەرگر) یان (خوێنەر)ـە، بوونی نەبێت، ئەوا هیچ ئامانجێك ناپێکێت، لێرەوە خوێندنەوە بەرامبەر بە نووسین، پارسەنگە و بەدیهێنەری ئامانجەکەیەتی.

خوێندنەوە پرۆسەیەکە لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا کە تەواو جیاوازن لەیەکتر. لەکۆندا خوێندنەوە تەنیا بۆ پاکژبوونەوەی ڕۆح بووە، واتە بۆ ئارامگرتنی دەروونی مرۆڤ و دڵنیایی و ئاسوودەیی. دواتر لەگەڵ پەیدابوونی بازرگانی و هاموشۆ و دروستبوونی شەڕ و شۆڕ، مرۆڤ پێویستی بەوە بووە بۆ ئاگاداربوون لە بوونی خۆیی و پەرەپێدانی ژیانی، عەودالی ڕۆژنامە بچووکە چاپکراوەکان بێت کە تەرخان بوون بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەو ڕەوشە ناوبراوانە... دواتر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمانی ئەدەبیات و کەوتنە بەرچاوی ژانرە ئەدەبییەکاندا، مرۆڤ بۆ

چـێژوەرگرتن و شـۆڕبوونەوە بـە نـاخی ژیـان و جوانییەکانـدا، پـەنای بـۆ خوێندنەوە بردووە، پاشانیش زمانی زانـستی و زانیارییـەکان، بەداڕشـتنی نووسراوەکانەوە بینراوە و مرۆڤ بۆ خوێندن و بـەدیهێنانی خـەون و ئامانجـە زانستییەکانی، لەسەر خوێدنەوەیان بەردەوام بووە.



لە چەند دەیەیەکی ڕابردووشـدا، بـە داهێنـانی پەیوەنـدی ئـەلکترۆنی "واتــە ئینتــەرنێت"، شۆڕشـێکی نـوێ بەسـەر پەیوەنـدی و پرۆسـەی خوێندنەوەدا هاتووە، ئەنجامی ئەم شۆڕشە نوێیەش، هەر زوو دەرکـەوتووە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ هەبووە، بە هەموو لایەنەکانیەوە.

خوێنەر لەڕێی ئـامێری کۆمپیوتـەرەوە لـە هـەر جێیـەك بیـەوێ، بـە تۆڕەکـانی ئینتـەرنێت دەگـات و زانیـاری یـەکجار زۆری دەسـتدەکەوێت، لەکاتی کەم و بێ خەرجیی و ئەرکێکی ئەوتۆ... خوێنەر، لەڕێی پەیوەنـدی ئینتەرنێتەوە، توانیویەتی ئامانجی جـودا لـە خوێندنـەوە بەدەسـتبهێنێت، وەك:

- ئازادیی لە وەرگرتنی هەر بابەتێك.
- بەردەوامی لە شوێنکەوتنە هزریی و ڕووناکبیرییەکان و ...تاد.
- بەزوویی چنگکەوتنی هەر شتێك کە مەبەست بێت.
- دەرکەوتنی توانا و شاردراوەکانمان.
- بەسەربردنی کاتی خۆش و بە کەڵك و خۆشگوزەراندن.
- بڵاوکردنەوە بەشێویەکی خێرا لە ماڵپەڕەکاندا.
- ئاسانی گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا.

لەگەڵ ئەوانەشدا لە تەماشاکردنی ئینتەرنێتدا لایەنی سلبی هەیە، وەك:

- دانیشتنی زۆر بە دیاریەوە و کات بەسەربردنی نەگونجاو و دوورکەوتنەوە لە ژیانی ڕۆژانە.
- کاریگەری تەندرووستی لەسەر چاو.
- پەشێووی دەروونی و ...تاد.[٦]

خوێندنەوەی هەر بابەتێك، دەسەڵاتی بابەتەکە دەسەلمێنێت، لەوێوە میکانزمی تەواوکەری خوێندنەوەی "بابەت" دێتە ئاراوە، لەوێشەوە ئاستی خوێندنەوە و مەبەست و مەرامەکانی خوێندنەوە دەردەکەوتن.

هەر کەسە و ئامانجێك لەپشتی هەڵبژاردنەکانیەوە هەیە، خوێندنەوەی تێزێکی زانستی بۆ هەر پڕۆژە یان توێژینەوەیەك جیاوازە، لە خوێندنەوەی قەسیدەیەك یان چیرۆکێك، یاخود شانۆنامەیەك، خوێندنەوەی بابەتێکی ڕەخنەیی و فیکریی و فەلسەفیی جودایە لە خوێندنەوەی گۆڤارێکی تایبەتمەند یان هەمەڕەنگ یان ڕۆژنامەیەکی گشتی...

---

(٦) www.nadyelfikr.net

خوێندنەوە و چالاکییەکانی ئەرکی مرۆییە بە مەبەستی گەشەکردنی مێشك و تواناکانی زانین و زانیارییە، بەهۆی وشەی نووسراوەوە.

## لێرەوە دەپرسین خوێنەر کێیە؟

دیارە ئەو کەسەیە کە ڕادەیەکی زۆر زانیاری لەلایە، تێنەگەیشتنی فراوانیان بۆ ژیان و جیهانبینی هەیە، ئەی بۆچی بەشێوەیەکی بەردەوام دەخوێنینەوە؟ دیارە بۆ پەیداکردنی زانیاری زیاتر، یان بۆ خۆشبەسەربردنی کاتەکان، بەڵام ئەوانەی هەر بە تەنیا بۆ خۆشبەسەربردنی کاتەکان دەخوێننەوە، لەکاتێکدا هەر ئەلتەرناتیڤێکی دیکەیان دەستبکەوێت، واز لە خوێندنەوە دەهێنن.

دەبێ خوێنەر ئەمانە بزانێت:

- ناسنامە و ئاستی مەعریفی نووسەرەکان.
- ڕیزبەندی لە هەڵبژاردەی کتێبەکاندا.

هەڵبەتە ئاستی خوێندنەوە لە وڵاتێ بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە: وڵاتی "نەرویژ" لەپێشەوەی وڵاتانی ئەوروپا دایە، کە خوێندنەوە بووەتە کەلتوورێکی بەردەوام، چونکە پەروەردە و فێرکردن بە میتۆدی زانستی تیایدا بەڕێوەدەچێت و ئارامیی سیاسی و سەقامگیری ئابووریش، فاکتەری پۆزەتیڤی ئەو دیاردەیەن.

هەرچەند بەربڵاوی چاپکراوە دەورییەکان "خولاوەکان" لە زۆر جێدا بەسەر کتێبدا زاڵن، بەڵام هەمیشە خوێنەری تایبەتمەندی کتێب، لێرەولەوێ دەبینرێن و کتێب لە دووتوێی خۆیدا ئەفسوون و جوانییەکی ئەوتۆی حەشاردراوە کە لە چاپکراوی دیکەدا بوونی نییە.

هەڵبــەت، زۆربــوونی کتێبــەکان و بــەردەوامیی نمایــشی کتێــب لــە وەرزەکانی ساڵدا و هەمەجۆری چاپەمەنییەکان و سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی کتێبــە دەگمــەن و کۆنــەکان و ئاگــادار بــوون لــە نرخــی چــاپکراوەکان "بەتایبەت کتێب"، بۆ وابەستەبوونی خوێنەر بــە پرۆســەی خوێندنــەوەوە، ڕێگا خۆشکەر دەبن.

## چۆنێتی خوێندنەوە

زانستی دەروونزانی بە تەنێ کۆمەڵێك زانیاری نییــە، بــەڵکو میتــۆدی ڕوانینــە بــۆ مــرۆڤ و شــۆڕبوونەوە بــە ناخیــدا، لەگــەڵ شــیکردنەوەی هەڵسوکەوتی بەخوێندنەوەشــەوە. مــرۆڤ گیانــەوەرێکی بیرکەرەوەیــە و لــە توانای دایە کە گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئــەویش دوای بیرکردنــەوە و پێودان و هەڵسەنگاندنی زانــستییانە، دیــارە ئــەو ئاکامانــەش بــەهۆی خوێندنەوەوە دێنە دی، واتە بۆ هەر چارەســەرێ، پەنابردنــە بــەر چــەمکی دیاردەکان کە ئەوانیش لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا، چنگ دەکەون.

عەزیز ئەلتەمیمی لە وتاری "دەســەڵاتی تێکــست"دا[٧]، ئــاوڕ لەلایــەنی فەلــسەفی خوێندنــەوە دەداتــەوە و دەڵێــت: ((دیــدی فەلــسەفیی هــەر تێکــستێك، بەشــدار دەبێــت لــە بەرهــەمهێنانی دیــدی فەلــسەفییانەی خوێنــەردا بــۆ تێکــستی بەرهــەمهێنراو، ئەمــە شــتێکی گەوهــەری و سەرەکییە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، لەوێوە هــەردوو کاریگــەری دێنــەدی، کاریگەری تێکست لەســەر خوێنــەر و پاشــانیش کاریگــەری خوێنــەر بــۆ خودی خۆی، کە دوای خوێندنــەوە دروســتدەبێت. لەگــەڵ هەڵــسەنگاندنی تێکستی بەرهەمهێنراو)).

---

(٧) www.anhaar.com

## چۆن بخوێنینەوە؟

بەجەختکردنـــەوەوە، عـــەباس مـــەحموود عـــەقاد، گـــەورە نووســـەر و بیرمەندی عەرەب، گوتوویەتی: ((سێ جار خوێندنەوەی کتێبێکی بـاش لـە خوێندنەوەی سێ کتێب باشترە)).

خوێندنەوەی بێدەنگ یان بێدەنگی لەخوێندنـەوەدا، شـیاوترین جـۆری خوێندنەوەیە، واتە تەنیا بەچاو و بـێ بزوانـدنی لێـو و جوڵانـدنی زمـان، ئەمەش بۆ خۆت ئارامییە و بۆ دەوروبەریش پاراستنی هێمنییە، هەرچۆن لەکاتێکی کەمدا زیاتریش دەخوێنینەوە...

خوێندنەوە بـەخێرایی، واتـە بـۆ گێڕانـەوەی کـات، مـرۆڤ بـەو جـۆرە بخوێنێتەوە ٥٠-١٠٠٪ لە خوێندنەوەی زیاد دەکات. وشە وشە نـا، بـەڵکو دەستەواژە و ڕستە بە ڕستە، چـونکە تێگەیـشتن لـەواتای گـشتیی بابـەت مەرجە.

سالح بن محمد الاسيرى لە کتێبی "منهجية قراءة الكتـب"دا[٨]، چـەند بیرۆکەیەك دەخاتەڕوو، لەوانە:

- دەبێ خوێنەر ئاگاداری ئەم خاڵانە بێت:

١.خوێنەر بەسەر زمانی نووسراوی کتێبەکەدا، زاڵ بێت.

٢.دەبێت ئامانجی لە خوێندنەوەی کتێبەکە لەبەرچاوبێت.

٣.شێوازی خوێندنەوەکەی، واتە هەمووی یان چەند بەشێکی.

هەروەها بەر لـە کـڕین، یـان پەیـداکردنی کتێـب، بزانـێ نـاوەڕۆك و بایەخی چییە.

---

(٨) www.saaid.net

لەگـەڵ ئاگـاداربوونی کـات، چـونکە کتێـب زۆرە و کـاتیش کەمـە.
"فریدیك نیتشە"ی فەیلەسووفی مێژووی نـوێ کـە ملیۆنـان ئـادەمیزادی بەخۆیەوە خەریك کردووە و لـە ئاقـاری فەلـسەفەوە بناغـەی بـۆ زانـستی دەروونزانـی دارشـتووە، سـاڵی ١٨٦٥ لـەزانکۆی "لایـنـبرك" کارەکـانی "شـۆپنهاور"ی خوێندووەتـەوە و فەلـسەفەکەی کاریگـەری زۆری لەسـەر جێهێشتووە، تەنانەت جوداکردنەوەی لە خودی خۆی، هـەر بـە کاریگـەری ئەو بووە، ئەوەش بۆ خودناسیی بووەتە یەکەم هەنگاوی کـە بـەردەوام بـەو چەمکەدا ڕۆچووە، هەر بەکاریگەری ئەویش، شوێن گۆشەگیری و تـەنیایی کەوت.

نیتشە دەڵێت: ((لە بیرۆکەکانی ئەوەوە، جیهان و ژیـان و ڕۆحـی خـۆمم بینی، بینیم چاوانی هونەر تێمـدەڕوانێ، لێـرەدا دیـسانەوە ئـازار و شـینم بینی، بێئارامی و سەرفرازی، بەهەشت و دۆزەخ، هەستمکرد دەبێـت بـزانم من کێم؟ چونکە دەمویست بە باشی جەوهەری مرۆڤ بونیاد بنێم)).[٩]

نیتشەی خوێندەوار و زانا، بۆ مرۆڤ خواسـتی زۆر بـووە، پێـشی وابـووە فەلـسەفەکەی ئـەوە کـە بـۆ وەدەسـتهێنانی بـوونی ڕاسـتەقینە، دەبێتـە فریادڕەسی مرۆڤ. هەر بۆیە بە دەنگی بەرز بە مرۆڤی دەگـوت "ڕاپـەڕە"... ئەم هاوارە بۆ، بۆچی مرۆڤ هەر هەمووی لە شیرین خەودا بوون.

## پۆلێنی خوێندنەوە

نووسەر "شاهۆ عوسمان سەید قادر" لە کتێبەکەیـدا[١٠]، دەروازەیـەك بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاریدا، خوێندنەوە بەسەر سـێ بەشـدا پۆلێن دەکات:

---

(٩) www.omania2.net

(١٠) شاهۆ عوسمان، دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیاری، ل ٢٠٤، ٢٠٥.

١. خوێندنەوە بە مەبەستی ڕۆشنبیری.

٢. خوێندنەوە بە مەبەستی گاڵتەجاڕ "دیارە مەبەستی لە خۆش گوزەراندن، یان خۆش بەسەربردنە"؟

٣. خوێندنەوە بۆ بەدیهێنانی بڕوانامە.

لەئاقاری ئەو باسەوە، چەند ئاماژەیەك بۆ ڕۆڵی کتێبخانە دەکات لەهاندانی خوێنەردا، دیارترینیان ئەو کەشە ئازادەیە کە لە کتێبخانەدا دەخولقێت بۆ هەر هاموشۆکەرێك بە جیاوازی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیرییانەوە، هەروەها فێربوونی هاموشۆکەر بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە پێویستییەکانی لەڕێی لیست و چەکمەجەکانی کارت و بیبلیۆگرافیا بەردەستەکانەوە، لەگەڵ بەسەربردنی کاتی بەسوود لەنێو کتێبخانەدا.

## ئەوانەی لەخوێندنەوە بێزار دەبن!

بریتین لەو کەسانەی کە:

- درەنگ ڕادێن لەسەری و نایکەنە ئارەزوویەکی بەردەوام.
- بێئارامن و پشێوی دەروونییان پێوە دیارە.
- ئاستی خوێندەوارییان سنووردارە و لەمانا بەرزەکانی خوێندنەوە ناحاڵین.
- درێژی بابەتە نووسراوەکان، دەیانترسێنێت!
- پەلاماری سەرچاوەی قورس دەدەن.
- کاتەکانیان بەشتی بێسوودەوە دەبەنەسەر.
- هاوڕێ و کەسوکاری خوێنەریان نییە.

## چارەسەر بە خوێندنەوە

لەسەر دیواری کتێبخانە دێرینەکانی وڵاتی میسر دەنووسرا: ((ئێرە چارەسەری ڕۆحی تیادا دەکرێ))، یان ((ماڵی چارەسەری دەروون)).

لەوێشەوە ئەو دروشمانە بۆ بابلی و ئاشوورییەکان و گریكو ڕۆمانیەکان، گوازرانەوە.

ئەو چارەسەرەی پزیشکان بۆ مرۆڤی ماندووی دەکەن، جودایە لەوەی زانایانی دەروونزانی دەیکەن و ئەوەیش کە کارمەندانی کتێبخانەکان دەیکەن، لە هەردووکیان جودایە.

د. شەعبان خەلیفە نەخۆشییەکانی مرۆڤ بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەکات، بەرامبەریشیان قسە لەسەر چوار چارەسەر دەکات:

١. نەخۆشی جەستەیی کە بە داوودەرمان و نەشتەرگەریی چارەسەر دەکرێن.

٢. نەخۆشی دەروونی کە چارەسەرەکەی داودەرمان و خوێندنەوەیە لەیەك کاتدا.

٣. نەخۆشی جەستەیی و دەروونی کە دیسانەوە بە داودەرمان و خوێندنەوە چارەسەر دەکرێن.

٤. نەخۆشی چوارەمیش، ڕۆحییە و چارەسەرەکەی بە تەنیا و تەنیا، هەر خوێندنەوەیە.[١١]

## ئاخۆ لە کوردستاندا

## ڕەوشی خوێندنەوە لەبرەو دایە؟

تاڕادەیەکی زۆر نەخێر، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. بەشێوەیەکی گشتی و لای مرۆڤی کورد، خوێندنەوە نەبووە بە کەلتوورێك.

٢. کەمیی کتێبخانە و سەرچاوەکانی زانیاری و پڕ لە کتێبی بەنرخ.

---

(١١) www.islamonline.net

**٣. خراپی و زۆری کتێبخانـەکان لـەڕووی کەرەسـتەکان و سـاردی و گەرمی هۆڵەکان.**

**٤. نائارامیی لەناو کتێبخانەکاندا.**

**٥. بوونی چەندین کارمەندی نەگونجاو بۆ کاری کتێبخانـە و کـەمی پسپۆڕ و شارەزایان تیایاندا.**

**٦. بێهیوایی گـەنجان بەرامبـەر ئاییـندەی خۆیـان و خراپـی بـژێوی زۆربەیان و بێکارییان.**

**سەرچاوەکان**


١ـ د. حسن عماد مكاوي و د. ليلى حسين السيد، الأتـصالات و نظرياتـه المعاصـرة، القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٤.

٢ـ د. حسن عماد مكاوي، تكنلوجيا الأتصال الحديثـة في عـصر المعلومـات، القـاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٣.

٣ـ عكاب سالم الطاهر، موضوعات في الكتابة، بيروت، دار العربية للعلوم، ٢٠٠٨.

٤ـ شاهۆ عوسمان، دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانە و سەنتەری زانیـاری، کۆمەڵـەی کتێبخانە و زانیارییەکان، هەولێر، ٢٠٠٩.

٥ـ لەگەڵ کۆمەڵێك ماڵپەری ئینتەرنێت کە لەپەراوێزەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

# پەیام و

# ئامانجی کتێبخانە گشتییەکان(*)

---

(*) ئەم بابەتە بەهاوکاریی خاتوو ساکار عەلی عەبدوڵڵا ئامادەکراوە.

**پێناسە**

بۆکتێبخانە گشتییەکان، چەندین پێناسەی جۆراوجۆر کراوە، وەکو: کتێبخانەی گشتیی دامەزراوێکە کەلەلایەن دەسەڵاتی ناوخۆیی جێگایەکەوە دانراوە بەمەبەستی پێشکەش کردنی کەرەستەو خزمەتگوزاریی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە نیشتەجێی ئەو جێگایەن(١).

هەروەها گوتراوە: کتێبخانە کەپشت بەدارایی گشتی دەبەستێ لەپێناوی خزمەتکردنی گشتیو سوود بەخشینە بۆ هەمووان، کتێبخانە کار بۆ ئەوە دەکات هەریەك لە کەرەستەکانی وەك چاپکراوو تۆمارە بیستراوو بینراوەکانو بابەتە ئەلەکترۆنییەکان بەکاربهێنرێت، ئەویش لەپێناوی کۆکردنەوەو پاراستنو رێکخستنو ئاڵوگۆڕو پەخشو گەیاندنی سەرجەم زانیاریو بیروڕاو بەرهەمەکانی ئەفراندن بۆعەقڵی مرۆڤ.(٢)

بەکورتی، کتێبخانەی گشتیی دامەزراوێکی روناکبیرییە، خزمەتگوزاریی کتێبخانەییو زانیارییەکانی پێشکەش بەگشت رۆڵەکانی کۆمەڵ دەکات لەناوچەیەکی دیاریکراودا، بۆ رایی کردنی بەداهاتی دارایی گشتی یان تایبەتی دەبەستێت.

**پێناسەیەکی دیکەش هەیە ئاماژە بەچوار ئامانجی سەرەکیی دەکات:**

١-کتێبخانەی گشتیی خزمەتگوزاریی خۆی پێشکەش بەهەموو توێژەکانی کۆمەڵگا دەکات بەبێ جیاوازیی بەهۆی رەگەز، یان ئایین، یان

---

(١) Soper Mary Ellen. The Librarians Thesaurus /by Mary Ellen Soper, Laary N.Osborne, Douglas L.Zweizig.-Chieago : American Library Association, 1990-p.5.

(٢) Usherwood, Bob. Publie Libraries.-P. 380 In International encyclopedia of information and Library Science.-London: Routledge. 1997.

ڕەنگ یاخود هەر شتێکی ترەوە. بەهەمان شێوە خزمەتی سەرجەم قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ دەکات هەر لەمنداڵەوە تا گەنجان‌و گەورەکان‌و بەساڵاچووان، هاوکات خزمەتی ئاستە روناکبیری‌و پەروەردەییەکان دەکات.

٢-کتێبخانەی گشتیی خزمەتگوزاریی خۆی بێ بەرامبەر پێشکەش دەکات، بێ ئەوەی داهاتە داراییەکان‌و سەرچاوەکانی ئەو داهاتە لەبەرچاو بگرێت، گشتی بێت یا تایبەتی.

٣-کتێبخانەی گشتیی پەیوەستە بەژینگەی خۆیەوە، لەشاردا بێت یان لەیەك گەڕەکدا، یاخود لەگوندێکدا، دەخوازێ هەموو سەرچاوەکانی زانیاریی لەسەرجەم لقەکانی زانیاریی مرۆیی بگرێتەخۆی، ئەمە وێڕای ئەوەی کتێبخانەی هەر جێگایەك پێویستی بەوەیە بەپێی ژینگە سەرچاوەی هەبێت، ئیتر لەناوچەیەکی کشتوکاڵیدا بێت یاخود پیشەسازی‌و...هتد.

٤-کتێبخانەی گشتی ئەو جێگایەیە کە هەر تاکێکی کۆمەڵ بەئارەزووی خۆی بێ هیچ فشارێك هامشۆی بکات.



کتێبخانەی گشتیی لەندەن

کەواتە کتێبخانەی گشتیی کتێبخانەی گەلە، یاخود کتێبخانەی هەموو خەڵکی، لەبنچینەشدا یەك لەخزمەتگوزارییە گشتییەکان پێشکەش دەکات کە لەلایەن دەوڵەت، یان دامودەزگاو دامەزراوەکان لەپێناوی سوودی گشتیدا بۆ هزری مرۆڤ دەیبەن بەڕێوە، بەهەمان شێوە مەڵبەندێکی ناوخۆیی زانیارییەکانە کە لەتوانایدا دەبێت گشت زانستو زانیارییەك پێشکەش بەهەموو ئەوانە بکات کە دەیانەوێ کەڵکی لێ وەربگرن.

## ئامانجی کتێبخانە گشتییەکانو ئەرکەکانیان

هەر کتێبخانەیەکی گشتیی، هەوڵدەدات بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی، کەبریتین لە:

**ا-خوێندەواری بڵاوکردنەوە:**

واتە ڕەخساندنی کەشێکی لەبارو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پێویست بەجۆرێ کار لە وەرگر بکات گەشە بەچێژە هونەریو جوانکارییەکانی بدات، ئەمە جگە لەگونجان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا کە تیایدا دەژین، پاشان کتێبخانەی گشتیی دەبێتە یەك لەمەڵبەندە سەرەکییەکانی ژیانی روناکبیری.

**ب-ڕاگەیاندن:**

واتە گەیاندنی زانیاری ورد بەتاكو دەستەو تاقمی نێوکۆمەڵ، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی کە جێگای بایەخی گشتین، تاوەکو تاكو کۆمەڵەکان لەوە ئاگادارین کە چ ڕووداوێك لەسەر ئاستی ناوچەییو نەتەوەییو جیهانی ڕوودەدەن.

**ج.فێرکردن:**

واتــه هانــدانی خــۆفێرکردن بــۆ گــەورەو منــداڵ، ئەوانــەی فێربوونیــان گەیــشتووەتە قۆنــاغێکی دیــاریکراو، بــەوەی سەرچــاوەی پێویــستی خوێندنــەوەیان بــۆ دابــین بکرێــت، لەگــەڵ دەســتەبەر کردنــی هــەر سەرچاوەیەکی تر کە ئاستی فێربوونیان رووەو هەوراز بەرێت.

**د.سوودوەرگرتن:**

واتە سوود وەرگرتن لەکاتە زیادەکان، کەببێتــه مایــەی ســوود وەرگرتنــی تاکەکانی کۆمەڵ.

د.حشمەت قاسم بێجگــە لــەو ئامانجانــەی پێــشوو، ئامــاژە بــەوە دەکــات کەلــەتوانای کتێبخانــە گــشتییەکاندایە رۆڵێکــی واببینێــت لەخزمــەتی توێژینەوەی زانستیو گەیشتن بەبریارەکاندا بێت، لەگەڵ زانیــاری بەخــشین بەهەر پرسو پرۆژەو بوارێك کەلەلایەن کۆمەڵگەی نێوچــەیەکەوە جێگــای بایەخ پێدان بێت، هەروەها کۆکردنەوەی دیکۆمێنتو بەڵگەنامەکانی ئــەو کۆمەڵگایەو رێکخستنیانو پاراستنیان(٣).

زۆر لەولاتانی سەرانــسەری جیهــان، بــەهۆی کۆمەڵــەی کتێــب دۆســتانو ئەنجومــەنی نیــشتیمانیی کتێبخانــەو زانیارییــەکان، بەیاننامــەی ئــەوتۆ پــەخش دەکــەن کەپەیوەســت نییــە بەمەبەســتو ئامــانجی کتێبخانــە گشتییەکان، هەروەها بانگەواز دەبن بۆ نــوێژەن کردنــەوەیانو هامــشۆکردن بۆیان بەشێوەیەکی رێكوپێك بــۆ دیتنــی ئامانجــەکان بەچــاوی خەڵکەکــە خۆیان(٤)، رێکخراوی یۆنسکۆ، بەیاننامەی رەسمی سەبارەت بەئامانجــەکانی کتێبخانەی گشتیی بەجۆرە ئاراستە کردووە:

---

(٣) حشمت قاسم، المكتبة العامة فى عالم متغير.–أحوال المعرفة.–١٩٤ (يناير ٢٠٠١) ص ٤٢،٤٤.

(٤) Boyd, Alex. Public Libraries.-P.676 In Word encycleopedia of Library and Information Services.-3rd ed .- Chicago : American Library Assocation 1993.



١-گەشەدان بەئارەزووی خوێندنەوەی منداڵ هەر لەقۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنیانەوە.

٢-پشگیریی لەفێربوونی تاکە کەس، سەرەڕای هەل رەخساندن بۆ خوێندنی رەسمی لەسەر هەموو ئاستەکان.

٣-زەمینە خۆشکردن بۆ ئەفراندنی تاکەکەس.

٤-فراوانکردنی خەیاڵو داهێنانی منداڵو لاوان.

٥-هاندانی خوێنەران بۆ ناسینی کلتوری روناکبیریی، نرخاندنی هونەرەجوانەکانو گشت داهێنانە زانستیو نوێیەکان.

٦-هەل رەخساندن بۆ گەیشتن بە ئاستێکی ئەوتۆ کەبتوانن گوزارشت لەکایە رووناکبیرییەکان بکەن.

٧-هاندانی دیالۆگ لەنێوان رۆشنبیرییەکانداو پشتیوانی لەرۆشنبیریو رەگەزی جۆراوجۆر.

٨-پشتگیریی لەکلتوری زارەکی.

٩-جەختکردن لەسەر ئەوەی هەر هاووڵاتیەك بتوانێ بەسەرجەم زانیاریەکانی کۆمەڵگا بێت.

١٠-زانیاری گەیاندن بەهەر پرۆژەو کۆمەڵەو گروپێك کەمەرامی ناوچەییان هەبێت.

١١-جۆشدانی تواناکان بۆ فێربوون لەبواری زانیاریو کۆمپیوتەردا.

١٢-پشتگیریو هاندانی سەرجەم چالاکییەکانو بەرنامەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بۆ هەموو تەمەنە جیاوازەکان.[٥]

نموونەیەکی ئامانجو مەبەست لەسەر ئاستی نیشتمانیی، نووسینگەی هونەرو کتێبخانەکانی سەر بەوەزارەتی کلتوری نەتەوەیی بەریتانیایە کەباس لەئامانجەکانی کتێبخانەی گشتیی دەکاتو دەڵێت:

(هاندانی تاكو گروپی نێوکۆمەڵ کەکتێبو زانیارییو بەرهەمی ئەندێشەی ئیبداعی بەشێوەیەکی گشتی وەدەست بخەنو سوودیان لێ وەربگرن)، ئەوەش لەپێناوی:

*هاندانی بەشداریی چالاکیان لەسەرجەم بزاڤە روناکبیریو دیموکراسیو ئابوورییەکاندا.

*بتوانن بەشداریی لەگەشەکردنی فێربووندا بکەن لەڕێی بەرنامە رەسمیو نارەسمیەکانەوە.

*یارمەتیدانیان بۆ بەسەربردنی کاتە زیادو بەتاڵەکانیان.

*هاندانی خوێندنەوەو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری.

*هاندانی بەکارهێنانی زانیارییەکانو نرخ بۆ دانانیان.[٦]

---

(٥) Unesco public Library Manifesto, Prepared in cooperation with IFLA,1995.

(٦) Office of Arts and Libraries. Setting objectives for public library services, Library and Information Series, no. 19,HMSO, 1991.

سەرجەم راگەیەندراوە نوێیەکان ئامانجو پەیامی کتێبخانەی گشتیی بەپلەی سەرەکیی لەدیموکراسیو هاوولاتی بووندا دەسەلمێنن، هەرچۆن لەقەلاچۆی نەخوێندەواریو لەزیادکردنی بەرهەمدا لەسەر ئاستی نیشتیمانی رۆلی گرنگ دەبینێت.

گەلێ پلانی سەرکەوتووی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریی ولاتە پێشکەوتووەکانو تازە گەشەکردووەکانیشدا لەکتێبخانە گشتیەکاندا هێنراوەتەدی، هەرچۆن زانیارییەکانی کارو بەخششو خزمەتگوزاریی دیکە کە بەشدارییان لەگەشەکردنی ئابووریی سەر هەر دوو ئاستی نیشتیمانیو ناوچەییدا هەبووە سەرچاوە یان هەر زانیاریی بۆ کتێبخانەی گشتیی بووە. بێجگە لەوانەش کتێبخانەی گشتیی پەرە بەقالبوونی توانای تاکەکەس دەدات لەرووی شەخسیو پەیوەندی بەکۆمەلەوەو داهێنانی هونەریو زانستیو فێربوون بەدرێژایی ژیانو بەسەربردنی کاتی زیادە بەشتی سوودبەخشەوە.(٧)

بەوپێیە، کتێبخانەی گشتیی دامەزراوێکی روناکبیریی کۆمەلایەتیەو بەتەواوکەری قوتابخانە دادەنرێ لەخزمەتکردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا، ئەویش دوای بەسەرکردنەوەو خوێندنەوەی سەرچاوەکانی لەلایەن ئەوانەی مەبەستیانە بخوێننەوە، هاوکات بەشداریی دەکات لەهەلمەتەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریداو کاریگەریی دەبێ لەپرۆسەی خوێندنی بەردەوامدا، دیسانەوە یاریدەدەر دەبێت لەپەروەردەی منداڵانو گەورەکردنیان بەشێوەیەکی کۆمەلایەتیی گونجاو، هەروەها یارمەتیدەر دەبێ لەپرۆسەی خوێندنی بەردەوامدا، یارمەتیدەریش دەبێ لەگەشەی

---

(٧) Usherwood, Bob. Public Libraries….. p.381.

سیاسیو روناکبیریی هاوولاّتیاندا، بێجگە لەهەموو ئەوانەش کار دەکات بۆ دەرخستنی کلتوری نەتەوەو بەهاکانی داب‌ونەریتی هەر کۆمەڵگایەك.

ئەمڕۆ لەسەر ئاستی هەموو جیهان هەوڵی مەزن هەیە بۆ تازەگەریی لە کتێبخانەی گشتییدا، تابتوانێ وەلاّمدەرەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگای نوێی پڕ لەزانیاریو کۆمەڵگای سەدەی بیست‌ویەکەم بێت، لەو هەولاّنەش پرۆژەکەی ئەنجومەنی ئەورووپی ( European Commission)ی تایبەت بەکتێبخانە گشتییەکانو کۆمەڵەی زانیارییەکانە لەولاّتانی ئەورووپادا. کرۆکی پرۆژەو دیدە ئەورووپییە لە: کتێبخانەی گشتیی پارێزگاری لەنوێبوونەوەی خۆی دەکات لەکۆمەڵگای ئەورووپیدا بە:

*تۆماری مرۆیی کەهەموو سەرچاوەکانی تێدا پارێزراو بێت.



*دەستەی خواستن، چاپکراوو شتی دیکە.

*پشتگیری هونەریی بۆ گەڕان لەنێوتۆڕەکاندا.

*دەرفەتی مەشقو فێرکردنی بەردەوام.

*جێگایەکی دیاریکراو کەببێتە چوارچێوە بۆ ئەفراندنی مەعریفی.

*گەیشتن بەمەودا دوورەکان بۆ خزمەتگوزارییە زانیارییە جۆراوجۆرەکان.

*خزمەتگوزاریی سپاردنی بەڵگەنامە ئەلەکترۆنییەکان.

کتێبخانەی گشتیی ناوچە ناوخۆییەکان، کەئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکات پێویستە ببێتە بەشێك لەتۆڕەکانی کتێبخانەی فراوانتر، هەروا دەبێت لەهاوکاریی توندو تۆڵدا بێ لەگەڵ دامەزراوی دیکەی

هاوئامانجو خوێندنگاو کۆلێژەکانو ئەو دەزگا ناوخۆییانەی دیکە کەگروپی سوود بەخش دەیانبەن بەڕێوە.

ستراتیژی پێویست ئەوەیە کەکتێبخانە چاپکراوەکان دەستەبەر بکات، هەروەها کەرەستەی نوێی وەك تۆماری رەنگ‌ودەنگ دابین بکات، پاشان خەڵکی فێری سوود وەرگرتن لێیان، واتە لەهەموو چاپکراوو شتەنوێیەکانی دیکە.

لەمەودای درێژدا، پێویستە کتێبخانەی گشتیی بەرهەم بهێنێتو زانیاری بڵاوبکاتەوە، هاوکات خزمەتگوزاریی گەیاندنی بەڵگەنامەی ئەلەکترۆنی جێبەجێ دەکات.

**بۆ ئەم ستراتیژە، سێ هەنگاو پێویستن:**

١-خزمەتگوزاریی کتێبخانەیی تەقلیدی بۆ کەرەستە چاپکراوەکانو سوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

٢-رۆڵبینین بەشێوەیەکی نوێ کەکتێبخانە ببێتە مەڵبەندێکی تەکنەلۆژیای زانیاریی ناوچەیی بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەی نوێ بەمەبەستی فێرکردنو رێبەریی ئاسان کەکتێبخانە بکرێتە شوێنی فێربوون.

٣-کتێبخانەی گشتیی ببێتە شوێنێکی بەرهەمهێنو پەخشکردنی بابەتە زانیارییەکانو لەنێو تۆڕی ئینتەرنێتدا پێگەی خۆی هەبێت...

ئەم هەنگاوانە ئەركو رۆڵی جیاوازی کتێبخانەی گشتین. هەروەها خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە لەچوار رۆڵی سەرەکیدا دەردەکەون:

*مەڵبەندێکی روناکبیرییە.

*مەڵبەندی پەروەردەو فێرکردنە.

*مەڵبەندی زانیاریی گشتییە.

مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتیی لەبارە[٨].

بەڵام، لەدیدی ئەمریکییەوە، رۆڵی کتێبخانەی گشتیی لەپەیوەندیی بەئینتەرنێتەوەو وەدەستهێنانی زانیاریدا دەنرخێنرێت و لەمەڵبەندی تایبەتدا خەڵکی فێری بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەکرێت، بەمەبەستی وەدەستخستنی زانیارییەکان، هەروەها ئەمریکییەکان مەبەستیانە مەڵبەندی زانیاریی ئەلکترۆنی گەردوونیی، خزمەتگوزاریی پێشکەش بەهەموو کۆمەڵگاکان لەرێی تۆری جیهانییەوە پێشکەش بکات.

**هەروەها لەرێی سەرچاوەکانی کتێبخانەی گشتییەوە:**

*پەیوەندیی بەزانیارییە حکومییەکانەوە دەکرێت، یان سوودیان لێ وەردەگیرێت.

*دەروازەی واڵا دەکات بۆ گەیشتنی سەرجەم هاووڵاتیان پێی.

*ئاشنابوون بەسەرچاوە ئابوورییەکان...وتاد.[٩]

## کتێبخانەی گشتیی لەنێو کتێبخانەکاندا:

دامەزراوەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش دەبن:

**١-دامەزراوە مەیدانییەکان:**

کەرۆڵی کاریگەر دەبینن لەبواری تایبەتمەندیدا، کەتیایدا بیبلیۆگرافیا رێکدەخرێت و هاوکات بەکارهێنانی سەرچاوەکان بۆ خوێنەران لەبار دەکرێت، لەم جۆرە دامەزراوانەدا کتێبخانەکان و مەڵبەندی زانیارییەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە زۆرن.

---

(٨) Thorhauge, Jens. A basic vision of the public Library in the information Society.- p.9,10, 12, 13. In : public Libraries and the Information Society / by J. Thorhauge… (et al).- European Commission,1997.

(٩) As cited in : Thorhauge, Jens. A basic vision of the public Library….p.18.

**ب-دامەزراوە ئەکادیمیەکان:**

تیایـدا خـەڵکی پـسپۆر پێدەگەیـەنرێت تـا لـەبوارەکانی کتێبخانـەو زانیارییەکانـدا کـار بکـەن، هـەروەها بەرپرسـن لەئـەنجامی توێژینـەوەی تایبەت لەو بوارانەدا.

**ج-دامەزراوە پیشەییەکان:**

تیایدا کارمەندە پسپۆڕەکانی بوارەکـانی کتێبخانـەو زانیارییـەکان دەبنـە ئەندامو پیادەی مافو ئەرکەکانیان دەکـەن، ئەمـە بێجگـە لەئەنجامـدانی هەندێ کـاری تـری پەیوەسـت بەپیـشەکانیانەوە، هەمیـشەش ئـەم جـۆرە دامەزراوە لەشێوازی کۆمەڵەو یەکێتی پیشەییدا دەبن.

دیارە کتێبخانە گـشتییەکان بەشـێکن لـەو دامـەزراوە مەیدانیانـەی کـە چاپکراوەکان دابین دەکەنو دەیخەنە بەرچاوی خوێنەران.



لەلوتکـەی سیـستمی ئـەم دامەزراوانـەدا دەسەڵاتی باڵا هەیە لەسەر ئاستی دەوڵەت، ئیتر بەهەر ناوێکەوە بێـت، ئـەو دەسـەڵاتە بەرپرس دەبێت لەپلان دانـانو ڕێکخـستنو سەرپەرشـتی کتێبخانـەو مەڵبەنـدی زانیارییەکان، بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

لەسـەروو هـەموو کتێبخانەکانـەوە، کتێبخانەی نەتەوەیی هەیە کـە بەکتێبخانـەی دەوڵـەت دەناسـرێت، ئـەو کتێبخانەیـە بەرپرسـیارە لەکۆکردنەوەو پاراستنو ڕێکخستنی بەرهەمـە فکرییـە نیـشتمانییەکانو بەرهەمی فیکریی جیهانی.

هەمیـشە، ئـەم کتێبخانەیـە بڵاوکـراوەی بیبلیۆگرافیـایی بـۆ بەرهـەمی فیکـری وڵاتـی دیـاریکراو دەردەکـات، هەنـدێ کتێبخانـەی نیـشتیمانیی

تاییـــەت دەبنـــە هاوكـــاری كتێبخانـــەی نیـــشتیمانی وەكـــو كتێبخانـــەی نیشتیمانی بۆ پزیشكی، یان بۆ كشتوكاڵ.

پاش ئەو جۆرە كتێبخانەیە، كتێبخانەی تایبەتمەند دێت كەسەرچاوەكانی لەیەك بوارو بابەتی دیاریكراودا دەبن، ئـەركی خزمـەتكردنی توێـژەرانی لەئەسـتۆدا دەبێـت، بـەڵام كتێبخانـەی زانكـۆو پـەیمانگاكان لەخزمـەتی دامەزراوەكانی خوێنـدنی بـاڵادا دەبـن، سەرچـاوەكانی سـوود بـەزانیاریو توێژینەوەی خوێندكارانی دەگەیەنن، هەروەها بەمامۆستایان. كتێبخانەی قوتابخانـــەكانیش، كەلەباخـــچەكانەوە دەســـت پێدەكـــەن تادەگـــات بـــە دواناوەندییـــەكان، سەرچـــاوەكانیان لەخزمـــەتی قوتـــابیو مامۆســـتاو كارمەندی قوتابخانەكاندا دەبن.

دواجار، جۆرێكی تر كتێبخانەی گشتییە، كەخزمەتی سەرانسەری كۆمـەڵ دەكات، لەهەر ناوچەیەكدا، بێ جیاوازی رەنگو تەمـەنو رەگـەزو ئاسـتی خوێندنو روناكبیری. كتێبخانـەی گـشتیی پەیوەنـدیی تونـدوتۆڵی هەیـە بەجۆرەكانی دیكەی كتێبخانەوە، لەسـەرەتاوە كتێبخانـەی گـشتیی رۆڵـی كتێبخانەی نیشتیمانی دیوە، كتێبخانەیەكی وەك (خدیوی) لەمیسر هـەر لەدامەزراندنیـــەوە هـــەردوو رۆڵـــی كتێبخانـــەی گـــشتییو كتێبخانـــەی نیشتیمانی لەیەك كاتدا دیوە.

لەكتێبخانەی گشتیدا چەند بەشێك هەن، كەتایبەتمەندیی خۆیـان هەیـەو بەشـداریی كتێبخانـەی تایبەتمەنـد دەكـەن لەهەنـدێ چالاكیدا، بـەڵام كتێبخانەیـەك كـەزیاتر پەیوەنـدیی بـە كتێبخانـەی گـشتیەوە هـەبێت كتێبخانـەی قوتابخانەكانـە، چـونكە ئەگـەر لەناوچـەیەكدا كتێبخانـەی گشتیی نەبێت، ئەوا كتێبخانەی قوتابخانـە پێـشوازیی لەخوێنـەرانی ئـەو ناوچە دیاریكراوە دەكات.

بەپێچەوانەشەوە ئەگـەر لەناوچـەیەك كتێبخانـەی قوتابخانـەی رێكوپێـك نەبێت ئەوا كتێبخانەی گشتی پێشوازیی لە قوتابیو خوێندكاران دەكات.

زۆر چالاكیش بەهاوبەشی لەنێوان هەردوو كتێبخانەدا ئەنجام دەدرێن.[١٠]

## جۆرەكانی كتێبخانەی گشتیی

كتێبخانەی گشتیی زۆر جۆری هەیە، كەگرنگترینیان ئەمانەن:

١-كتێبخانەی هەرێم یان پارێزگا.

٢-كتێبخانەی ناوەندی كە لەچەندین كتێبخانە پێك دێت.

٣-كتێبخانە فەرعیەكان كەسەر بەكتێبخانەیەكی سەرەكین.

٤-كتێبخانەی شار كەتایبەتە بەشارێك یان شارۆچكەیەك.

٥-كتێبخانەی گوند.

٦-كتێبخانەی كۆشكی رۆشنبیری، كەتەرخانە بۆ دەزگایەكی رۆشنبیری لەجێگایەگ.

٧-كتێبخانەی منداڵان.

٨-كتێبخانەی مەڵبەندەكانی لاوان.

٩-كتێبخانەی ژنان.

١٠-كتێبخانەی مزگەوتەكان.

١١-كتێبخانەی یانەی وەرزش‌و كۆمەڵایەتی.

١٢-كتێبخانەی گەرۆك.

سەرنج:

لە ئامادەكردنی ئەم لێكۆڵینەوەیەداو لەهەندێ پەڕەگرافدا كورتكردنەوە بەرامبەر شتە زیادەكان‌و دەستەواژە درێژەكان ئەنجامدراوە.

سەرچاوە:

المكتبات العامة/ د.محمد فتحی عبد الهادی، د.نبیلة خلیفة جمعة، القاهیرة، الدار المصریة اللبنانیة،٢٠٠١،ص ١٥-٣٢.

---

[١٠] محمد فتحی عبد الهادی. المكتبة المدرسیة ودورها فی نظم التعلیم المعاصرة/ محمد فتحی عبد الهادی، حسن محمد عبد الشافی، حسن سید شحاتة.-القاهرة: الدار المصریة اللبنانیة، ١٩٩٩.-ص٢٢-٢٦.

# بیبلیۆگرافیا

## سوودەکانی ، قۆناغەکانی گەشەکردنی،

## جۆرەکانی، چۆنێتی ئەنجامدانی

بیبلیۆگرافیا، کە ئەمرۆ بەیەکێك لە کارە هونەرییەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان دادەنرێت، بریتییە لە "زانستی نووسین لەسەر کتێبخانەو بابەتەکانی نێو کتێبخانەو بەرهەمە هزرییەکان، بەواتایەکی تر بریتییە لە هونەری کۆکردنەوەی زانیاریی سەبارەت نووسراوەکانو پێشکەش کردنیان بۆ خوێنەر لە لیستەداو پێناسەکردنی پێویستی زانیاریی نێو لیستەکان".[1]

بیبلیۆگرافیا بناغەی هەر کارێکی زانستییە، توێژەر هەر لەگەڵ بیرکردنەوە لە دامەزراندنی توێژینەوەکەیدا پێویستی پێی دەبێت، لەرێی بیبلیۆگرافیاوە لە بایەخی توێژینەوەو هەڵبژاردنی بابەتەکەیو چی لەوەوبەر دەربارەی نووسراوە تێدەگات، بەهۆیەوە دەزانێ چ شتێك پێویستە بۆ توێژینەوەکەی تا سوودیان لێ وەربگرێت.

زیادە رۆیی ناکەین گەر بڵێین توێژینەوەی زانستی بەکارکردن لەسەر لیستەکانی بیبلیۆگرافیا دەسپێدەکات، هەر بەویش کۆتایی دێت، بێجگە لەوەش بیبلیۆگرافیا فەرهەنگی هاوبەشە بۆ هەموو زانستەکانو کەرەستەی سەرەکییە بۆ هەر پسپۆرییەك.

هەر لە پێناسەی ئەم زانستە کتێبخانەییەدا گوتراوە "هەر لیستەیەکە بە بابەتی بڵاوکراوە، یان بڵاونەکراوە، سەبارەت کەسێك، یان بابەتێك، یاخود کاتو شوێنێك، بەشێوەیەکی گشتیی بێت، یان سنووردار".[2]

---

(1) نزار محمد علي القاسم، قوائم المؤلفات أو الببليوغرافيات، ص/٧.

(2) موحازەرەی بیبلیۆگرافیا لە خولی زانستیی کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدا.

## سوودەکانی بیبلیۆگرافیا

لەگەڵ گەشەکردنی زانستی کتێبخانەو زانیارییەکاندا سوودی ئەم پرۆسە هونەرییە لەبەرچاو گیراوە، بۆ پێناسەی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەر وڵاتێك پەنا دەبرێتە بەر بیبلیۆگرافیاو رێبەر (الکشاف)ی تایبەت بە چاپکراوەکانی ئەو وڵاتە، بیبلیۆگرافیای کتێبە چاپکراوەکان و رێبەری خولاوەکان (گۆڤارو رۆژنامەکان). سەبارەت سوودەکانی بیبلیۆگرافیاو ئەو مەبەستانەی کە لەپێناویدا بیبلیۆگرافیا ئەنجام دەدات، دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

١-خزمەتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی دەکات.

٢-دەبێتە باشترین سەرچاوە بۆ راپۆرت و توێژینەوەی خوێندکاران لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا.

٣-بۆ بەکارهێنانە کتێبخانەییەکان.[٣]

**نووسەری کتێبی "علم البیبلوغرافیاو الاعمال البیبلیوغرافیة" دەڵێت:**

"پێویستە زانستی بیبلیۆگرافیا لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆدا بخوێنرێت تا وەکو خوێندکاران فێربن چۆن چۆنی بەکاری بهێنن، هەر چۆن



---

[٣] هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو.

لەکاتی پێویستیاندا بزانن بە باشی بگەڕێنەوە سەرىو زانیاریی لێوەربگرن، ئەویش دوای ئەوەی لە جۆرەکانیو خەسڵەتەکانیان تێگەیشتن، هاوکات دەبێ مادەیەکی سەرەکیی خوێندکارانی پەیمانگاو کۆلیژەکانی کتێبخانەو زانیارییەکان بێت لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندنیاندا. دەبێ ئەوان وەك یەکێك لە زانستە کتێبخانەییەکان بیخوێننو لە رووی بنەمەکانی رێکخستنی، لایەنە هونەرییەکانی بۆ کۆکردنەوەو ئامادەکردنو دابەشکردنو ریزبەندیو چاپکردنیەوە شارەزابن. بەوەش دەتوانرێ دوای دەرچوونیان کاری بیبلیۆگرافیا ئامادە بکەنو بەو کارەش خزمەت بە هامشۆکەرانی کتێبخانەو توێژەران بکەن" .[٤]

لە کتێبخانە نیشتمانیو نەتەوەییو گشتیو تایبەتمەندەکاندا، لەگەڵ گەشەکردنی کاروباریانو زۆربوونی تیراژی چاپەمەنییەکانیاندا بوونی بیبلیۆگرافیا بووەتە پێویستیەك کە ناکرێ هیچ کتێبخانەیەك گروپی کارامە دانەنێت بۆ ئامادەکردنیان، سامانی روناکبیریو نەتەوەیی هەر میللەتێك لە کتێبخانەکانیدا دەردەکەوێو لە کتێبخانەشدا بیبلیۆگرافیا دەبێتە پێناسەی ئەو سامانە.

تەنانەت کتێبخانە نیشتمانییەکان کارەکانی بیبلیۆگرافیا بە (بیبلیۆگرافیای نیشتمانی) ناودەبەنو بە شێوەی وەرزیی، یان ساڵانە لە کتێبی تایبەتو بڵاوکراوەی بیبلیۆگرافیدا، لە جوانترین کاری هونەریو زانستیو چاپەمەنیدا بیبلیۆگرافیاکانیان دەخەنە بەردەستو دەبنە سەرچاوەی بەپێز بۆ داهاتووی توێژینەوە زانستییەکان.

---

[٤] د. عبد اللطيف صوفي، مدخل الى علم الببليوغرافيا والأعمال الببليوغرافية، ص/١٦.

بیبلیۆگرافیـــای نیـــشتمانیی بریتییـــە لـــە کـــورتکراوەو پاراســـتنی بەڵگەنامەیی سەرجەم بەرهەمـەکانی هـزرو ئەفرانـدن بـۆ گـەلان بەدرێـژایی مێژوو، کە لەڕووی بابەتو نووسەرانیانەوە پۆلێنو ئەرشـیف دەکـرێنو رووی گەشی مەعریفیی هەر نەتەوەیەك نیشاندەدات. هەر کتێبخانەیـەك، دەتوانـێ بـەهۆی بیبلیۆگرافیـای (کتێـبو گۆڤـارو رۆژنامـە) یـاخود (تۆمـارو بەڵگەنامـەکان)یـەوە باشـترین خزمـەت بـە توێـژەران بکـات تـاوەکو بەشێوەیەکی گونجاو توێژینەوە زانستییەکانیان ئەنجام بدەن.



کتێبخانـــــــــــــــــە نیـــشتمانییەکان، بەوپێیـــەی ژمـــارەی ســـپاردن دەبەخـــشنە چـــاپکراوەکان، باشـــترین جێگان بـۆ ئەنجامـدانی کـاری بیبلیـــۆگرافی، هـــەر چـــۆن دەزگاکـــــانی چـــاپو بڵاوکردنەوەوکتێبخانـــەکانی ترو کتێبخانە ئەهلییـەکانیش دەتـــوانن بـــۆ خوێنـــەرو کڕیارەکانیان کاری بیبلیۆگرافیا فەراهەم بکەن.[٥]

بیبلیۆگرافیـــا وەك ئامانجێـــك بـــۆ پێناســـەی کتێبخانـــەو ســـامانی چـاپکراوەکانیو هاوکـات بـۆ سـوودوەرگرتنی توێـژەران لـەو چـاپکراوانە

(٥) المكتبة الوطنية، الببليوغرافية الوطنية العراقية، ص/٦.

گرنگیو بایەخی زۆری هەیە، هاوکات بۆ مەسەلەی (کات) رۆڵێکی گەورە دەبینێ، چونکە توێژەر لە کەمترین کاتدا بەهۆی بیبلیۆگرافیاوە ئاشناو شارەزا دەبێ بەو چاپکراوانەی مەبەستێتی بۆ کارەکەی سوودیان لێ وەربگرێت.

یۆنسکۆ(رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانستو رۆشنبیریی) بایەخی تەواو دەدات بەبرەودان بە زانستی بیبلیۆگرافیاو پراکتیزەکردنی بۆ ناساندنی سامانی کلتوری هەر ولاتێك، هەر بەو مەبەستەش کۆمەڵێ لیژنەی پێکهێناوە بۆ چارەسەری گرفتەکانی بیبلیۆگرافیا کە پەیوەست بن بە هەر بوارێکی توێژینەوەی زانستییەوە، ئەو خەباتەی (یۆنسکۆ) لە ساڵی (١٩٥٠)وە دەستی پێکردووەو ئامانجی بەستنەوەی زانیاریی ولاتان بووە بەیەکەوە، هەروەها ناساندنی بەرهەمی هزریو مەعریفییان لای یەکتر.[٦]

## بیبلیۆگرافیا وەك زاراوە

وشەی بیبلیۆگرافیا لەرەچەڵەکدا دەگەرێتەوە بۆ زمانی گریکی کۆن، وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی: بیبلیۆن (Biblion) کە بە واتای کتێبی بچووك (نامیلکە) دێت لەگەڵ گرافیا (Graphia) کە بە واتای نووسینو لەبەرگرتنەوە دێت، واتە بیبلیۆگرافیا بریتییە لە (نووسینی کتێب) یان (لەبەرگرتنەوەی کتێب)[٧]، بە واتایەکی تر، وشەی (Bibiographia) مانای نووسین لەسەر کتێب، یان لەبەرگرتنەوە، یاخود گواستنەوە لە کتێبەوە دەگەیێنێ، ئەم وشەیە گەشەی کردوە بۆ واتای

---

(٦) کنود لارسن، مصالح الببليوغرافيا الوطنية، ص/٤.

(٧) ماڵپەری www.alyaseer.net.

زیاتر، کە دەگەنە خولەکییە زانستییەکان، فیلم، سەرچاوەکانی بیستن‌و بینین، بچووککراوە فیلمییەکان (مایکرۆفیلم).[(٨)]

## قۆناغەکانی گەشەکردنی بیبلیۆگرافیا

بەپێی تێپەڕبوونی سەردەمەکان، وشەی بیبلیۆگرافیا گەشەی بەسەردا هاتووە تا گەیشتووەتە ئەوەی واتای لیستی کتێب‌و کەرەستە کتێبخانەییەکانی تر بگەیێنێ کە لە نووسینی هەر وتارو توێژینەوەیەکدا سوودیان لێ ببینرێت، بیبلیۆگرافیا بەپێی پیتەکانی (ئەبجەد) لە زمانی عەرەبیدا ڕێکدەخرێ، بەپێی ناوی نووسەران، یاخود بابەتەکان.

بیبلیۆگرافیا بەپێی ڕەوتی قۆناغە مێژووییەکان، بەم شێوەیە گەشەی کردوە:

١-بیبلیۆگرافیا لە چاخە دێرین‌و ناوەندەکاندا:

لە چاخەدێرینەکاندا، بەر لە دامەزراندنی کتێبخانەکان، لە میسری کۆن‌و سەر دیوارەکانی پەرستگای (حورس) ناوی کتێبە پارێزراوەکانی ناو ئەو کتێبخانەیە نەخشابوو، هەر چۆن لە کتێبخانەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (عێراق) لەسەر قوڕی سوورکراوە ناوی کتێبەکان هەڵکەندرابوو.

بەڵام لە وڵاتی یۆنانی دێریندا (گریك) فەیلەسووفەکان بایەخیان بە تۆمارکردنی لیستی کتێبەکان دەدا، تاوەکو بزانن ئاخۆ فەیلەسووفانی بەر لەخۆیان چیان نووسیوە، لەگەڵ تۆمارکردنی کورتەی ژیانی ئەو فەیلەسووفانە، بە واتا کۆنەکە ئەم لیستانە وەك بیبلیۆگرافیای سەرەتایی وابوون، چونکە ئەو زانیارییانەیان گەیاندوە کە پەیوەست بوون بە

---

[(٨)] د. عبداللطيف صوفي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/١٩.

دروستكردنی كتێبەوە، هەر لە نووسینیانەوە تا لەبەرگرتنەوەیانو باسی ژیانی نووسەرەكانیان لە هەندێ جاردا.[٩]

لای گریكەكان تا ماوەیەكی زۆر تێكەڵ كردن لەنێوان (بیبلیۆگرافیاو بیۆگرافیا)دا هەبووە، كە یەكەمیان واتە (نووسین دەربارەی كتێب)و دووەمیان واتە (نووسین سەبارەت ژیانی نووسەرێك)، بەڵام كاتێ رێكخەری بیبلیۆگرافیی بەناوبانگ (كالیماخوس)ی ئەمینداری كتێبخانەی ئەسكەندەرییە لە سەردەمی یۆنانەكاندا خشتەی بیبلیۆگرافیی داناوە، ئەو زانستە روو لە قۆناغێكی نوێ بووەو پەیوەستیی تەواوی بە كتێبخانەكانەوە هەبووە.



كتێبخانەی كۆنگرێس

[٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/٢٠.

ئەو، ریزبەندیی بۆ بابەتەکانو پاشانیش بۆ نووسەرەکان کردوە بەپێی ریزبەندیی ئەبجەدی، هەر چۆن بۆ هەر نووسەرەش کورتەیەکی سەبارەت بە ژیانی تۆمارکردوە، بەو پێییە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بووەتە یەکەمین پەیمانگای بیبلیۆگرافیا لە جیهاندا، چونکە لەوێدا بە تەنیا کلتوری یۆنانەکان کۆنەکراوەتەوە، بەڵکو سەنتەرێکی نێودەوڵەتیش بووە بۆ کلتوری دەریای سپی ناوەڕاستو خۆرهەڵاتو هندستانیش.

دوای پیشەسازیی کاغەزیش لە بەغدا، کتێب دەرکردن گەشەی بەخۆوە دیوە، هەر لەوێشەوە کاریگەریی هەبووە بۆ سەر روناکبیریی جیهانیو بڵاوکردنەوەی زانیاریی، بگرە سەرەتایەکی شۆرشگێرانە بووە لە ژیانی مرۆڤدا. کۆنترین کاری بیبلیۆگرافیی ئەو سەردەمە کتێبی پێڕست (الفهرست)ەکەی (ابن ندیم) بووە، کە ئەمڕۆ بە کۆنترین سەرچاوەی بیبلیۆگرافی عەرەبیو ناعەرەبیش دەژمێرێت.

لەسەدەی شانزەیەمیشدا زانایانی ئیسلام چەند بیبلیۆگرافیایەکی گرنگیان بەرهەم هێناوە، لە ئەوروپاش هەر لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا زانستی بیبلیۆگرافیا دەرکەوتووە، ئەویش کاتێك (کۆنراد جیسنەر)ی سویسری زانیاریی سەبارەت سەرجەم چاپ کراوەکانی هەموو جیهانی لە کتێبێکدا بە ناوی (Bibliotheca) تۆمارکردوە.

**٢-بیبلیۆگرافیا لەسەردەمی نوێدا:**

هیچ یەك لە (پێڕست)ەکان لە ئەوروپادا تاوەکو سەرەتای سەردەمی نوێ زاراوەی (بیبلیۆگرافیا)یان بەسەردا نەبڕابوو، بەڵکو بەناوی دیکەی وەك (لیستە، کەتەلۆگ، کتێبخانە، رێبەر) ناودەبران، یەکەمین کەس کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە (گابریل نۆرێ)ی ئەمینداری کتێبخانەی (کاردینالّ

مازاران) بووه لە فەڕەنسا، ئەویش لە کتێبەکەیدا (بیبلیۆگرافیای سیاسی) کە ساڵی ١٦٣٣ دەرچووە بەکاریهێناوە.

لە فەڕەنسا تێکەڵ کردن هەبووە لە نێوان هەردوو زاراوەی بیبلیۆگرافیاو زانستی بیبلیۆگرافیادا، کە یەکەمیان زانستی خوێندنەوەی نووسراوە دێرینەکانو دووەمیان بە واتای ئەو زانستە دێت کە سەبارەت بە کتێبەکان دەدوێو پێناسەیان دەکات.

مێژوونووس (جان فرانسوا)ی خاوەن کتێبخانە لە پاریس خاوەنی یەکەمین بیرۆکەی بەکارهێنانی بیبلیۆگرافیا بووە بە چەمکە نوێیەکەی، ئەو بەسەر دوو لقدا دابەشیکردوە، یەکەمیان دەگەڕایەوە بۆ هونەری چاپەمەنی، بەڵام دووەمیان سەبارەت خودی کتێب بووە لە رووی مێژووەکەی، پێڕست، پۆلێن، بەهای، نووسەرانی.[١٠]

دوای بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنساش یەکەمین دەزگای بیبلیۆگرافیی نیشتمانیی لە پاریس دامەزراوە، کۆمەڵێ پێڕستکار تیایدا کاریان کردووە، دوای ئەوەی شۆڕش دەستی بەسەر کۆمەڵە ئایینەکانو سامانی کۆچەرانو کتێبخانەی دێرەکاندا گرتووەو بووەتە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە دەستنووسو کتێبەکان.

ئەو کارە ناچاری کردوون ئاماریان بکەنو لە خشتەی جیاوازدا هەر چییەك پەیوەنیی بە کتێبەکانو دەستنووسەکانەوە بووبێت تۆماری بکەن، بەوەش چەمکێ بۆ بیبلیۆگرافیا داهێنراوە کە بووەتە بەشێ لە زانستی کتێبو کتێبخانەکان.

---

(١٠) لویز نویل مالکلیس، الببلیوغرافیا، ص/١٤.



کتێبخانەی نیشتمانیی فەرەنسا

بـــەلاّم ســـــالّی ١٨١٢ ئـــــەدیبو بیرمەنـدی فەرەنـسی (جبریـل بینـو) وەرچـــەرخانی بەســـەر چـــەمکەکانی بیبلیۆگرافیادا هێناوەو یەکەمین کـەس بـــووە کـــە زاراوەی (بیبلیۆلۆجیـــا)ی بەرامبەر زانستی کتێـب بـەکارهێناوە، بەڵکو بیبلیۆگرافیـای کـردە لقێـك لـە (بیبلیۆلۆجیـا)، واتـە ئـەو هونـەرەی بایــەخ بــە پێڕســتکردنی کتێبــەکان دەدات.

هەر ئەویش جیاوازیی خستە نێوان هەر دوو لقەکەی کاری بیبلیۆگرافیـا: بیبلیۆگرافیـای گـشتیو بیبلیۆگرافیـای تایبەتمەنـدەوە، ئـەو بیرمەنـدە لـە کتێبی (پێڕستی گشتیی بۆ بیبلیۆگرافیای ساڵی١٨١٢)یـدا نزیکـەی سێ هەزار ناونیشانی تۆمارکردوە.

دیــارترین کــارێ بــە ئاراســتەی زانــستی بیبلیۆگرافیــاو دەرکردنــی بیبلیۆگرافیایــەکی جیهــانی لــە کۆتــایی ســەدەی نۆزدەیەمــدا بــووە کاتــێ (بروسیل) پێڕستی کارتەکانی (الفهرس البطاقی الموحد)ی بەرهـەمهێناوەو پـەیمانگای نێودەوڵـەتیی بیبلیۆگرافیـا کـە سـاڵی ١٨٩٥ دامـەزراوە کـاری لەسەرکردوە.

ئــەو نزیکــەی (٢٠)ملیــۆن کــارتی خــستووەتە بەرچــاو کــە ســەبارەت چاپکراوەکانی نێو کتێبخانەکانی ئەوروپاو ئەمریکا بوون.

لەسویــسراش ســاڵی ١٨٩٠ هــەوڵی ئامــارکردنی بیبلیۆگرافیایــەکی تایبەتمەنــد ســەبارەت زانــستە بایلۆجییــەکان دراوەو هــەر لەســەدەی

نۆزدەیەمــشدا هەنـدێ کـاری بیبلیۆگرافیـای نەتـەوەیی ئامـادەکراون، بـەڵام لەسـەدەی بیـستەمدا کۆمـەڵێ بیبلیۆگرافیـای بابـەتی شـیکاریی سـەبارەت کتێبو وتاری نێو خولاوەکان روناکییـان دیـوەو بـۆ یەکـەمجاریش (پێڕسـتی جیهانیی بۆ دانراوە زانستییەکان) لەچاپدراوە.[١١]

گەشەکردنی کاری زانستیی بیبلیۆگرافیـا پەیوەسـت بـووە بـە پێویـستیی لیـستەکانی بیبلیۆگرافیـاو گەڕانـەوە بـۆی بەشـێوەیەکی بـەردەوام، ئـەوەتا کارمەندی کتێبخانەیی (شارڵ مورتیـە) کـە یەکـەمین کـەس بـووە نازنـاوی (مامۆستای بیبلیۆگرافیا)ی لـە سـاڵی ١٨٩٧ دا بەدەستهێناوە، وایداوەتـە قەڵـەم کـە بیبلیۆگرافیـا "لێکۆڵینـەوەی ئـەو پێڕسـتانەیە ك کتێبـەکانیان تیادایەو پۆلێن کراون، کە دەبێ بەردەوام گەڕانەوە بۆ سەریان ئەنجام بـدرێت، ئـیتر بـۆ سـاغکردنەوەی ناسـنامەی کتێبەکـە بـێ یـان بـۆ ئاگـاداربوون لەبڵاوکراوەکانی هەر بابەتێك".[١٢]

سـاڵی ١٩٦٩ ئـەکادیمیای فەڕەنـسیی لـە فەرهەنگەکەیـدا پێناسـەی ئـەم زانـستەی کـردوە بـە (ناسـینی کتێبـی بڵاوکـراوە دەربـارەی هـەر بابـەتێك) لەگەڵ ناوبردنی چاپەکانیو بـەهاو دەگمەنییـەکانی) بـێ ئـەوەی ئامـاژە بـۆ رۆڵی (پێرست) بکرێ کە کەرەستەی گرنگە بۆ بیبلیۆگرافیاو نابێ هـەرگیز فەرامۆش بکرێت.

مایـەوە بڵـێین، لـە زۆر کتێبخانـەی پێـشکەوتووی جیهانـدا کـار لەسـەر بیبلیۆگرافیـاو رێبـەرەکان دەکرێـتو بگـرە نـاوی بیبلیۆگرافیاکانیـان بەجیهاندا بڵاوبووەتەوە.

---

(١١) د. عبداللطيف صوفي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/٢١.

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/٢٣.

## جۆرەکانی بیبلیۆگرافیا

سەبارەت بەجۆرەکانی ئەم زانستە گرنگە، سەرچاوەکان بەپێی خەسڵەتی کاری بیبلیۆگرافی جۆرەکانیان دیاریی کردوە، توێژەر (احمد نافع)[۱۳] بەمجۆرە دابەشی کردوون:

١-بیبلیۆگرافیای ڕێکخراو: بەشێوەی لیستە ڕێکدەخرێتو بەرهەمی فکریی دیاری دەکەن، بەشێوەیەکی گشتیو چاپەمەنییە جیهانییەکان دەگرنە خۆ ، یان نیشتمانیو بەرهەمی فکریی وڵاتان دیاری دەکەن، یاخود بۆ بابەتێکی دیاریکراوە، یان بیبلیۆگرافیای بەرهەمی نووسەرێکە.

٢-بیبلیۆگرافیای شیکاریی: وەسفی وردو مادیی کتێب دەکات، تیایاندایە مێژووییو سەبارەت بەمێژووی کتێبو کەسانو شوێنانە، یان ئەوانەن کە بایەخ بەتوێژینەوەی تێکستەکان دەدەن.

هەرچۆن، لەمیاندا (شیکاریی) بایەخ بە جیاوازیی لەتێکستی دەستنووسو چاپکراو دەدرێت، هەروەها بۆ بەراوردی نێوان چاپە جیاوازەکانی کتێبێکی دیاریکراوە.

بیبلیۆگرافیای (مێژوویی)یش دەچێتە خانەی شیکاریی، یان (وەسفی)یەوەو بریتییە لەوەی کە کار لەسەر کتێبە کۆنەکانو بەتایبەت دەستنووس دەکەن.[١٤]

هەر لە کتێبەکەی (د.عبداللطیف صوفی)دا باس لە جۆرەکانی بیبلیۆگرافیا کراوە:

*بیبلیۆگرافیای گستی بەسەر ئەم بەشانەدا دابەش دەکرێن:

---

(١٣) احمد نافع المدادحة، الخدمات المكتبية والمعلوماتية للمستفيدين، ص/٩٠.

(١٤) د. ربحي مصطفى عليان، خدمات المعلومات، ص/٢٢٨.

١-بیبلیۆگرافیای جیهانیی: واته بەرهەمە فکرییەکان بەهەموو سەرچاوەکانیان‌و پسپۆڕیی زانستییان‌و هەموو زمانەکان، ئیتر لەهەر شوێنێك بڵاوکرابنەوە، بەڵام بەدەستهێنانی زانیاریی سەرانسەریی لەسەر هەر بابەتێك لەم جۆرەدا کارێکی زەحمەتەو تائێستا بەتەواویی لەمجۆرە بیبلیۆگرافیایە ئەنجام نادرێت.

٢-بیبلیۆگرافیای نیشتمانیی: واته لیستی دانراوەکان بۆ چاپکراوەکانی یەك وڵات، یان ئەوەی پەیوەندیی هەیە بەو وڵاتەوە، ئەمەش هەموو جۆرەکانی سەرچاوەی زانیاری دەگرێتەوە، وەکو (کتێب، چاپکراوی فەرمیی، بڵاوکراوەی زانستی، بچوککراوەکان، نەوارو فیلم‌و تاد. واته ئەم بیبلیۆگرافیایە تایبەتە بە (کتێبخانەی نیشتمانی)ی هەر وڵاتێك کە هەر لەو کتێبخانەیەشدا سپاردنی یاسایی چاپکراوەکان ئەنجامدەدرێت.

٣-بیبلیۆگرافیای هەڵبژێردراو: واته هەڵبژاردن لە سەرچاوەکانی زانیاری‌و زانست بۆ مەبەستی دیاریکراو، وەکو بایەخیان، نوێی بەرهەمهێنانیان، یان هەر مەبەستی دیکەی گرنگ لای سوودمەندان، بە پێچەوانەی بیبلیۆگرافیای گشتی کە هەموو شت لەخۆ دەگرن. بیبلیۆگرافیاش هەیە سەبارەت زانستی دیاریکراوی وەك (کیمیا) یان بابەتی ئەدەبیی وەك (ئەدەبی منداڵان).


کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

٤-بیبلیۆگرافیای زمانی دیاریکراو: واته بەرهەمی سەر بەزمانێك لەهەر شوێنێك بڵاوکرابنەوە، وەك زمانی ئینگلیزی لەهەر وڵاتێك روناکییان دیبێت‌و لەهەر بابەتێکی زانیاریی مرۆییدا بووبێت.

٥-بیبلیۆگرافیای بازرگانی: لیستەی تایبەتین بۆ سەرجەم بابەتەکان لە چاپکراوەکانی دەزگاکانی بڵاوکردنەوە بەمەبەستی بازرگانی.

٦-بیبلیۆگرافیای هەرێمایەتی: بایەخ بە چاپکراوەکانی یەك هەرێمی دیاریکراو دەدات، کە پەیوەندیی هاوبەشی زمانەوانی، مێژوویی، سیاسیو ئابووریی لە نێوانیاندا هەبێت.

*بیبلیۆگرافیای دیاریکراویش تەرخانە بۆ ئەم بەشانە:

١-بیبلیۆگرافیای بابەتی: بایەخ بەتایبەتمەندیی بابەتی دەدات لە هەر بوارێکی زانیاریی مرۆیی، زانستی بێت یان ئەدەبیی، ئەمجۆرە باشترین سەرچاوە دەبێت بۆ توێژینەوە زانستییەکان.

٢-بیبلیۆگرافیای کەسیی: بۆ دیاریکردنی بەرهەمیی زاناو بیرمەندو داهێنەران، واتە ناساندنی بەرهەمەکانی خۆیان، یان ئەوانەی لەسەریان نووسراون.

٣-بیبلیۆگرافیای رەگەزە ئەدەبییەکان: واتە سەبارەت شیعر، چیرۆك، رۆمانو شانۆنامە.

٥-بیبلیۆگرافیای ناوچەکان: ئەوانەی بۆ ناوچەی جوگرافیی دیاریکراو دەردەکرێن، وەك ئەمریکا.

٦-بیبلیۆگرافیای چاپکراوە خولاوەکان: واتە سەبارەت بە خودی خولاوەکانن، نەك بابەتی بڵاوکراوە تیایاندا، کە ئەوە کاری رێبەر(کشاف)ە.

٧-بیبلیۆگرافیای بابەتی تایبەت لە دانراوەکان: وەك بابەتی تایبەتی وەرگێران، یان کتێبە قەدەغە کراوەکان.

٨-بیبلیۆگرافیای چاپە جیاوازەکان: وەك کتێبە ئایینیە ئاسمانییەکان، یان قورئانی پیرۆز، یان کتێبەکانی شەکسپیر.

۹-بیبلیۆگرافیای بیبلیۆگرافیاکان: لەبەر زۆریی لیستی بیبلیۆگرافیای ڕێکخراو، لە گشتیو دیاریکراو، پێویست بەناساندنی هەموویان دەکات لە بیبلیۆگرافیای تایبەتدا.(۱۵)

## چۆنیەتی ئەنجامدانی بیبلیۆگرافیا

بەر لە هەنگاوەکانی ئەنجامدانی، دەبێ ئەم خاڵە گرنگانە لەبەرچاو بگیرێن:

-دیاریکردنی ئامانج لە بیبلیۆگرافیاکە.

-بوارو ڕەهەندەکانی ئەنجامدانی دەستنیشان بکرێت.

-بەربڵاوی بابەتەکە دیاری بکرێت.

-ئەو سەرچاوانەی کاریان لەسەر دەکەن، کتێب یان خولاوەکان یان وتار یان دەستنووسو..تاد.

-زانینی ئاستی وەسفیی بیبلیۆگرافیی سەرچاوەکان.

-ئامادەکردنی کارتی پێویستو زانیارییەکان بۆ دەستکردن بە پرۆسەکە.(۱٦)

هەنگاوەکانیش بریتین لە :

ا-ئامادەکردنی کەرەستەکانی بیبلیۆگرافیا:

۱-دابینکردنی کارت لە قەوارەی ۷,۵ × ۱۲,۵سم.

هەر کارتە بۆ سەرچاوەیەك بەکاردێت کەوا زانیارییەکانی لەسەر دەنووسرێت.

۲-گەڕان بەدوای بابەتو سەرچاوەکاندا:

---

(۱۵) د. عبداللطیف صوفي، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/۳۷.

(۱٦) احمد نافع المدادحة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/۹۱.

بیبلیۆگرافیاکار، هەرخۆی، یان بە هاوکاری گروپێك، ڕاستەوخۆ سوود لە سەرچاوەکان وەردەگرێ بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی وردو تەواوو تۆمارکردنیان، لەم کارەدا پشت دەبەسترێ بەهەریەك لەمانە:

-چاپکراوو سەرچاوەی کتێبخانەیی جۆراوجۆر.

-پێڕستی کتێبخانە گەورەکانی وەکو (نیشتمانیی، زانکۆیی، گشتی، تایبەتمەند)، ئیتر لەسەر کارتەکانیان بێ، یان چاپکراو، یان پارێزراو لە کۆمپییوتەردا.

-بیبلیۆگرافیای تری وەك بازرگانی، بابەتیی.

-ئیندێکسەکان (ڕێبەر).

-لیستەی سەرچاوەکان لە کتێبو فەرهەنگو نامەی زانکۆییو تاد..

-کەتەلۆکی بلاوکەرەوەو کتێب فرۆشان.

-ئاگاداریی چاپکراوەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا.

-تۆڕەکانی زانیاریو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت.

-سەرچاوەی تری وەك تاکەکەسەکان.



هۆڵی خوێندنەوەی کتێبخانەی گشتیی لەندەن

**٣-ئەنجامدانی وەسفی بیبلیۆگرافی بۆ بابەتە کۆکراوەکان:**

**بە پەیڕەوکردنی بنەماو تەکنیکە نێودەوڵەتییەکان کە بۆ ئەو مەبەستە داڕێژراونو خۆیان لە سیستەمی نێودەوڵەتیی وەسفی بیبلیۆگرافی (ISBD)دا دەبیننەوە.**

**ئەویش بەسەر ئەم بەشە سەرەکیانەدا دابەش دەبێ:**

**ا-ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی: واتە ناونیشانی سەرەکیو ناونیشانی فەرعیو ناونیشانی ئەلتەرناتیفو دیاریکردنی گشتیی بابەتەکەو ناونیشانی بەرامبەرو دیاریکردنی بەرپرسیاریی.**

**ب-چاپ: دیاریکردنی چاپو بەرپرسیاریی پەیوەست بەو چاپەوە.**

**ج-بڵاوکردنەوەو دابەشکردن: جێگای بڵاوکردنەوە، بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە، هەروەها دەکرێ جێگای چاپو ناوی چاپخانەو مێژووی چاپکردن دابنرێت.**

**د-وەسفی مادیی: واتە قەوارەی چاپو هاوپێچەکانی.**

**ه-زنجیرە: واتە ناونیشانو ژمارەی بابەتەکە لە زنجیرەدا.**

**هەرچۆن شوێنی تریشی بۆ وەسفی بیبلیۆگرافی دیاری دەکرێت، وەك بەشی تێبینییەکانو ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتیی، بەڵام ئەمانە زیاتر لە کارتی پێڕستدا بەکاردێن.**

## نموونه لەوەسفی بیبلیۆگرافیی
## بۆ سەرچاوەکانی کتێبخانە

*کتێبی یەك نووسەر بە زمانی کوردی:

دانا رەووف.

لەکلاسیکەوە بۆ مۆدێرن.- گەشتێك بەنێو دراماو شانۆی کلاسیكو مۆدێرندا.-سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ٢٠١٠.-٣٢٩ل.

*کتێبی دوونووسەر بە زمانی عەرەبی:

الحرستاني، عصام.

عالم المراه، او هموم المراه المعاصره/ عصام الحرستاني، محمد الحسناوي.-عمان: دارعمار، ١٩٨٧.-٢١٣ص.

٤-رێکخستنی بیبلیۆگرافیا:

بەیەکێك لەم شێوانە رێکدەخرێت:

ا-بەپێی سیستمێکی پۆلێن، وەك پۆلێنی دیوی دەیی، یان سیستمی کتێبخانەی کۆنگرێس.

ب-رێکخستنی بابەتیی، بەریز بەندیی (هیجایی)و بەپێی سەرەبابەتەکان.

ج-ریزبەندیی هیجایی بەپێی ناوی نووسەرەکان.

د-ربزبەندیی هیجایی بەپێی ناونیشان.

ه-بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوە.

و-بەپێی شوێنی بڵاوکردنەوە.

ی-ریزبەندیی فەرهەنگی، کەتیایدا نووسەرو ناونیشانو بابەت دیاری دەکرێت.

٥-دەرکردنی بیبلیۆگرافیا:

دەبێ بڕیار بدرێ بەشێوەی بڵاوکراوە بێ، یان بەشێ لە خولاوەیەکدا، یان لە کتێبداو باشتر وایە ناونیشانەکان بەپێی قەوارە گەورەترو دیار لە چاپ بدرێن.

**٦-ئامادەکردنی رێبەر، پێویست بۆ بیبلیۆگرافیا:**

بە تەواوکەری بیبلیۆگرافیا دەناسرێو بە هەر شێوەیەك رێك بخرێت پێویست دەکات رێبەرێ بۆ نووسەرو یەکێ بۆ ناونیشان ئامادەبکرێتو ئەوانە دەبنە تەواوکەری بیبلیۆگرافیاکە. بەتایبەت لە کاتێکدا ژمارەی بابەتەکان بگەنە سەدانو هەزاران.

لەرێبەردا ناوی نووسەرو ژمارەی بابەتەکانی بەپێی ریزبەندیی بیبلیۆگرافیاکە دیاری دەکرێت، بەڵام لە رێبەری ناونیشاندا بە تەنیا ناونیشانەکان دیاری دەکرێن.[١٧]

## سەرچاوەکان


١- نزار محمد علي القاسم، قوائم المؤلفات أو الببليوغرافيات، بغداد، دار الحرية للطباعة والنشر، ١٩٧٢.

٢- د. عبد اللطيف صوفي، مدخل الى علم الببليوغرافيا والأعمال الببليوغرافية، الرياض، دار المريخ للنشر، ١٩٩٥.

٣- كنود لارسن، مصالح الببليوغرافيا الوطنية، احداثها وكيفية ادارتها، القاهرة، اليونسكو، ١٩٥٦.

٤- لويز نويل مالكليس، الببليوغرافيا، ت: بهيج شعبان، بيروت، منشورات عويدات، ١٩٧٤.

٥- احمد نافع المدادحة، الخدمات المكتبية والمعلوماتية للمستفيدين، عمان، المعتز للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩.

٦- د. ربحي مصطفى عليان، خدمات المعلومات، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠١٠.

٧- المكتبة الوطنية، الببليوغرافية الوطنية العراقية، (١٩٩٦-٢٠٠٤)، بغداد، ٢٠٠٤.

٨- موحازەرەکانی وانەی بیبلیۆگرافیا لە یەکەمین خولی زانستی کتێبخانەکان لە کتێبخانەی نیشتمانیی کە نووسەری ئەم بابەتە تیایدا بەشداربووە، بەغدا، ١٩٨٣.

٩- ماڵپەڕی www.alyaseer.net.


---

[١٧] د. ربحي مصطفى عليان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/٢٤٢.

# گۆڕکی..
# واقیع و خواستی مرۆیی

کاتێ گۆرکیو تۆلستۆی لەساڵی ١٩٠٠دا پێککگەیشتن، بەناوبانگترین نووسەری روسیا بوون، تۆلستۆی لەو دەمەدا رووەو ئایین وەرچەرخابوو و ماڵئاوایی لە ئەدەب کردبوو، وەك دڵسۆزی وڵاتەکەی مژدەبەخشی رۆحانییەتو دژ بەتوندوتیژی بوو..بەڵام گۆرکیی، نووسەری لاو، عەودالی ئەدەبیات بوو.

## یاداشتەکانی لەمەڕ تۆلستۆی

یاداشتەکانی گۆرکی کە دەزگای فانجەر بۆ یەکەمین جار وەریدەگێڕێت، لەچلوچوار بەرگدایەو پڕیەتی لە بەسەرهاتی دەگمەن، لەگەڵ نامەیەکی تەواونەکراو کە بەبۆنەی مەرگی تۆلستۆی نووسراوەو تیایدا باس لە سادەیی جوتیارانەی ئەو نووسەرەو هاوکات تێڕامانی خامۆشی بەرامبەر ئاڵۆزیی ئادەمیزادو خوداوەند خراوەتە بەرچاو.



گۆرکیو تۆلستۆی

گۆرکی له ئامۆژگارییەکانی تۆلستۆی داو له بۆچوونەکانیدا بەرامبـەری، باسـی مرۆڤـێ دەکـات کـه سـەرلەنوێ ئینجیلـەکانی نووسـیوەتەوه، تـاوەکو خوداوەندێ بدۆزێتەوەو رزگاری بکات. سەرسامیی ئـەو بەرامبـەر تۆلـستۆی لـەوەوه نـەبووه کـه گـۆرکی ئیمانـدار بووبێـتو بـاوەڕی پتـەوی بـەخودا هەبووبێت، بەڵکو ئیمانی بەخودی تۆلستۆی هەبووه، چـونکه ئـەو لـەدنیادا بـەدوای فریادڕەسـێکدا گـەڕاوه ببێتـه پێـشڕەو بـۆ رزگـارکردنی وڵاتەکـەی لەتاریکیی رابردوو و دڵڕەقیو نەزانینی ئەو سەردەمەی، بۆ ئەو مـەبەسـتەش تـەنیا کەسـێکی پـەی پێبردبێـت بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئاواتـەکانی، هـەر تۆلستۆی بووه.



گۆرکی و چیخەف

وێنه ئەدەبییەکانی گـۆرکی بریتـی بـوون لـە: بەرهەمـه کلاسـیکییەکان، توێژینـــەوه لەبیرچـــووەکان، رۆمانـــه سەرنجڕاکێـــشەکانو یاداشـــتەکان. لەیاداشـتەکانی تۆلـستۆی دا گـەلێ شـت هـەن، وەکـو وتووێـژی ئـەدەبیی، کەشی پڕ له توندیو ئازایـەتی، سـووکایەتی پێکـردن، بـەراوردی نووسـەران لەگـەڵ ژنـه جوانەکانـدا، جـەخت لەسـەر کـارو تـەکنیکی تـەواو، شـێوازی دروسـتو کاراکتـەری بـه ئـەدەب، دیـاره وتووێـژەکانی تۆلـستۆی لەگـەڵ هەریەك لـه گۆرکـــیو چـیخەفو ا. سۆلێرشیتـسکی، لەئاوێتـەی گەمـەی بۆکسێنو ئاهەنگی چایی خواردنەوه دەچێت.

لەیاداشــتەکانی گۆرکیــدا(تۆلــستۆی) وەك خوداوەنــدێ نیــشاندراوە، کــە لەســەر عەرشــێکی ژێــر درەختێکــی زەیزەفــون نیــشتبێت، خوداوەنــدێ لــە دارستانەکانی(سفایتۆگۆر) کە واتای(چیای پیرۆز) دەگەیەنێت، ئەو پاڵەوانــە رووسە کە زەوی نایگرێتــە خــۆی، گــۆرکی جارێکیــان لــە(قــەرەم) دیویــەتی بەکەنار دەریادا رۆیشتووە:

لەپڕێکداو لەچرکەساتێکی شێتدا..

هەستمکرد دەیەوێت بوەستێت

تاوەکو هەردوو باڵی بکاتەوەو وەکو دەریا هێدی هێدیو

شووشەیی بڕواتە رێوە..

هاوکات بەردەکان بلەرزنو بدەنە هاوار..

هەموو شتێك بهەژێنو زیندووبنەوەو بــەدەنگی جیــاواز لــەخۆیان بــدوێن.. لەو بدوێنو لەدژیشی..

وشەکانم ناتوانن گوزارشت لە هەستی ئەو دەمەم بکەن..

من پڕاوپڕ بووم لە خۆشیو لەترس..

هەر لەوێدا هەموو شت پێکەوە لەبیرۆکەیەکدا خولقا:

"مادام ئەو پیاوە زیندووە، هەرگیز لەسەر ئەم زەمینە هەتیو نیم!"؟

## گۆرکیو شۆڕش

کاتــێ لەســاڵی ١٩١٩دا، لەگەرمــەی شــەڕی نــاوخۆی روســیادا بیرەوەرییــەکانی لەســەر تۆلــستۆی نووســیوە، دەبــوو بــیر لــە"لیــنین" بکاتەوە(گەر وەرگێڕان بۆ یاداشتەکانی گۆرکی لەسەر لیــنین ئــەنجام بــدرێت کــارێکی ســوودبەخش دەبێــت، کــە لەنوســخەی یەکەمیــدا ستایــشی لیــنین بەرامبــەر ترۆتــسکی هەیــە، لەگــەڵ تــوانجی گــۆرکی لەســەر ئــەوە، بێجگــە لەسەرنجی تاڵ سەبارەت بەجوتیارانی روس).

هەر لەگەڵ شۆڕشدا، گۆرکی دیارترین سەرچاوە بووە بۆ رەخنەی ناوخۆیی بۆ شێوازو ئایدۆلۆژیای حکومەتی بەلشەفیك، کۆمەڵێ وتاری بڵاوکردوەتەوەو تیایاندا هێرشی توندی کردوەتە سەر لینین‌و ستەمی دەسەڵات‌و دووفاقیی لەمامەڵەیدا.. هەروەها فەرامۆشکردنی بیرمەندو رۆشنبیران، هەرچەندە کەسێك نەبووە بڕوادارتر بەشۆڕشی رووسیا لەگۆرکی زیاتر، بەڵام پێی وابوو کە شۆڕش رێگایەکی تری گرتووەتەبەر، رێگایەك جودا لەو رێگایەی ئەو خەونی پێوە دەبینی.

شکلوفسکی، گۆرکی بە (نوحی روناکبیرانی روسیا) ناودەبرد، ئەوەبوو لیژنەی دامەزراند بۆ پەیداکردنی کارو ژیان بۆ شاعیران‌و توێژەرانی پەشێوحاڵ، سەدان پەیامی راسپاردەی نووسی، تەنانەت بەتەلەفۆن قسەی بەلینین گوت، لە سەرکێشییەکانی دیکەی، دامەزراندنی (دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی جیهانی)بوو لەپێناوی خوێنەری سۆڤیەتی نوێ، کاتێ لەنووسینگەکەی دانیشتبوو بۆ مشتومڕ لەگەڵ باشترین وەرگێڕی داستانی گەلگامیش، دەنگی تەقە لەشەقامەکانەوە دەهاتنە گوێ.

## گۆرکی لە مەنفا

بڕیاری مەکسم گۆرکی بۆ جێهێشتنی روسیا لەساڵی ١٩٢١دا، دەگەڕایەوە بۆ خۆئازادکردنی لەدەست وەهمی حکومەتی سۆڤیەت. ئەلکسەندەر بلوك بەنەخۆشیی ئەسکەربوت‌و بێ هیوایی رۆحیی مردو شاعیرێکیش بەتۆمەتی بەشداریی لەپلانێکدا لەسێدارە درا، خۆیشی بەردەوام لەلایەن(لینین)ەوە هاندەدرا بۆ جێهێشتنی وڵات، بەبیانووی پێویستیی سیبە لاوازەکانی گۆرکی بەحەوانەوە، ئەو خۆیشی لە لینین تورەبوو، هەرچۆن نیگەرانی رەوشی وڵاتەکەی بوو کە بەدەست برسێتی‌و کارەساتبارییەوە دەیناڵاند.

سێ ساڵ دوای هاتوچۆ لەنێوان ئەوروپاداو کۆکردنەوەی پارە بۆ کۆمەکی برسییەکان، گۆرکی چووە(سورینۆ)، کە بەسەر چیای(فیسوفیوس)دا دەیڕوانی‌و بۆ ماوەی دە ساڵێك لەوێ مایەوەو ئینجا بەیەکجاریی گەڕایەوە روسیا.

ئەو کاتەی لە مەنفا ژیانی دەبردەسەر، رۆژێکیان بەسەرهاتێکی بیردەکەوێتەوە کە تۆلستۆی خۆی بۆی گێڕابووەوە، ئەویش:

جارێکیان تۆلستۆی بەهێمنی لەکیسەڵێك دەپرسێت:

– تۆ لێرە بەختەوەریت؟

لەوکاتەدا کیسەڵەکە لەبێشەیەکی نزیك ئەو رێگایەی دەچووەوە سەر(دیولبەر) خۆی دابووە بەر هەتاوێك..تۆلستۆی کە ئەو پرسیارە دەکات، چاوی بڕیوەتە کیسەڵەکەو هەردوو دەستی لە قایشە چەرمەکەی گیرکردوە..

ئەو پیاوە مەزنە بەسەرنجەوە دەڕوانێتە دەوروبەری‌و رازی خۆی بۆ کیسەڵەکە دەدرکێنێ‌و دەڵێت:

– من بەختەوەر نیم..!

هینریك هاینە، لە دیمەنێکی یەك لەسەردانەکانیدا بۆ ئیتالیا باسی لەکیسەڵ کردووەو وتویەتی"کیسەڵ لەسەر بەرزایی گردێك دەژیان کە هەمووی بەرد بوو، دەشێ خودا خۆی لەشێوەی بەردێکی درەوشاوەدابێت لەنێوانیاندا"..

لە ئیتالیا، گۆرکی سیانزە هەزار نامەی لە روسیاوە پێگەیشت، بەپێی ئەرشیفی KGB (هەواڵگری سۆڤیەتی) زۆربەیان لەو هاووڵاتییە روسانە بوون کە باسیان لە زوڵم‌و زۆرو بێ مانایی ژیانی روسیایان دەکرد، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوانەشدا، خۆی بەوە رازی دەکرد کە هێشتا روسیا لەسەر راستە رێگایە، ئەو جەختی نەدەکردە سەر هاوارو نزای ئەوان..



**گۆرکیو ستالین**

**هەروەك تۆلستۆی، لەمەنفا، گۆرکی بە وەرچەرخانی رۆحیدا تێپەڕیو رەوشێکی دەستکردی بۆخۆی درووستکرد ،دوور لەڕاستی، قەیرانەکە وایلێکرد، ژیانی رابردوویو شۆڕش بەگشتی، بەراستو رەوان بزانێت. چونکە دەیزانی لە سەربوردەی ژیانیدا، گەر شۆڕش کارێکی سەرنەکەوتوو و ناکام بووبێت، ئەوا رۆڵی ئەویش وەك پەیامبەرێك بێماناو خراپتر بووە.**

**لەگەڕانەوەیدا بۆ روسیا، بەپێشنیازی(ستالین) سەرلەنوێ ناو لەچەندین شوێن بەناوی گۆرکییەوە نراوە، شەقامی سەرەکیی باخچەی ناوەندیی، پەیمانگای ئەدەبیاتی مۆسکۆ، شانۆی هونەریی لەگەڵ شارو هەرێمی نیشنی نوفگورودو سەدان کێڵگەی هەرەوەزیو کارگەو قوتابخانە.. هەر هەموویان بەناوی(گۆرکی)یەوە کران، لە دەرەوەی مۆسکۆش کۆشکێکی پێ بەخشرا، هەرچۆن سالّی ١٩٣٢ بەسەر مۆسکۆدا فڕۆکەیەك بەناوی (مەکسیم گۆرکی) یەوە فڕیو لە فراوانترین پانتایی هەردوو باڵی جیهاندا هاتووچوو، بەلاّم سالێ دوای ئەوە فڕۆکەکە تێکشکا.**

**لەکۆتایی ژیانیدا، ناوهێنانی شوێنەکانی بەناویەوە بوون لای گرنگ نەبوو، چونکە بۆ هەر شوێنێك دەچوو هەر بەناوی خۆیەوە بوون!**

**بەو شێوەیە، بووە دیارترین داکۆکیکار لە سیستمی حوکمی ستالین، لە خەباتی داواکردنی هەرەوەزیی، کە ملیۆنان جوتیاری تیامردن، گۆرکی دروشمی(خەباتی دەسەلاّت دژ بە کۆلاکەکان)ی بەرز کردەوە! تەنانەت گوتی(گەر دوژمن خۆنەدەن بەدەستەوە، دەبێ لەناو ببرێن)!! لەگەڵ ئەوانەشدا، هاوکات بەردەوام بوو لەنووسینی نامەکانی بۆ پۆلیسی نهێنی لەپێناوی ئازادکردنی زیندانیان، یان کەمکردنەوەی سزاکانیان.**

سەرچاوە: پاشکۆی(اوراق)ی رۆژنامەی(المدی)١١/٧/٢٠١٠

و. بۆ عەرەبیی لە(The new Republic) وە (عادل العامل)، بەکورتکردنەوەوە ئامادەکراوە بۆ کوردی.

# ململانێی نێوان کاغەزین و ئەلیکترۆنی
# ئاخۆ کتێب وەلاوەدەنێت، یان پێشیدەخات؟

له کۆتـایی سـەدەی بیـستەمدا، پێـشبینی ئـەوە دەکـرا کـە تەکنـەلۆژیای ئـەلیکترۆنی‌و بەتایبـەت تۆڕەکـانی ئینتـەرنێت زاڵ بێـت بەسـەر کتـێبی چاپکراوی کاغەزیندا، ئەوەش بەبەرژەوەندیی کتێبی ئەلیکترۆنی بـشکێتەوە، بەڵام وا دیارە ئەو بۆچوونە شتێك زیادەڕەویی پێوە دیارە، چونکە لەگەڵ ئـەو پێـشکەوتنە گەورەیـەی لـە بـواری پیـشەسازیی کتـێبی ئەلیکترۆنیـدا هاتووەتـەدیی، هێـشتا کتـێبی کاغـەزین ئامـادەبوونی هەیـە، وەك ئـەوەی شتێك ڕووینەدابێت، بەرهەمدێ‌و دەخرێتە بازاڕەوە.

ئەگـەر ململانـێ لـە نێـوان (کاغـەزین‌و ئـەلیکترۆنی)دا هـەبێت، دیـارە هێشتا کتێبی کاغەزین لە لانەی تەقلیدیی خۆیدا پـارێزراوەو تـا ئـەم سـاتە خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون‌و ئاشنان بەو شێوازی کتێبە کە سـەدان سـاڵە لای خوێنەران خۆشەویستە. هاوکات سەنگەری بەرامبـەر کـە سـەنگەری کتـێبی ئەلیکترۆنییە" پڕە لە جووڵـەی پـڕژاوەژاوو کۆمپانیاکـانی تایبـەت پێـی لـە هەوڵی ئەوەدان گەشـەی زیـاتری پێبـدەن، بـەو هیوایـەی شـتێك لـە کتـێبی تەقلیدیی لە بازاڕە گەورەکانیدا دابڕبکەن.

پێدەچێت پرۆسەی گەشەپێدانی بـەردەوامی کتـێبی ئـەلیکترۆنی‌و بزاوتـی گەورەی کۆمپانیا بەرهەمهێنـەکانی‌و پێوانـەیان بـۆ باشـترکردنی ئـەو جـۆرە کتێبە کارێکیان کردبێت کتێبەکانیان نزیکتربن لە خوێنەرانـەوە لـە کتـێبی تەقلیدی.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئەم هەموو هەوڵە لە پێناوی گواستنەوە لـە کتێبی کاغەزینەوە بۆ کتێبی ئەلیکترۆنی بۆ؟

وەڵامـەکان زۆرن‌و جیاوازن:

– مـن حەز بە خوێندنەوەی کتێبی ئەلیکترۆنی دەکـەم، بـەڵام لـە شاشـەی کۆمپیوتەرەوە نا، بەڵکو دوای چاپکردنی...

– ناتوانیت کلیك لەسەر کتێبی کاغەزین بکەیت، ناشتوانی بچووك، یان گەورەی بکەیتو نا...ونا..ی تریش...

– خوێندنەوە لەسەر شاشە بۆ چاو خراپو وەڕسکەرە...

– ئامێری کتێبی ئەلیکترۆنی هەیە کە تیشك نابەخشێو بەمرەکەبی ئەلیکترۆنی کاردەکات، وەك هەر کتێبێك بۆ هەموو شوێنێکی دەبەینو سەدان کتێبیش لەخۆ دەگرێت..

– واز لە قسە بێنە دەربارەی ئامێرو کتێبی ئەلیکترۆنیو بیستراوو بینراو..هەموو دەڕۆنو کتێبی تەقلیدیی دەمێنێتەوە..

بەو شێوەیە مشتومڕ سەبارەت چارەنووسی ئەو کتێبە بەردەوامە کە خۆشماندەوێو ڕێزی لێ دەگرین" بەردەوامەو نابڕێتەوە، ئەو کتێبەی بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو لەناوماندا ماوەتەوەو بۆنی دەکەینو دەیگرین بەسنگمانەوە، لەگەڵیدا دەچینە نێو جیهانەکانی هزرو زانستو ئەفراندنو پرسیارەوە، بۆ کاتو شوێنی جیاوازو هەموو جۆر رامانو ئارەزووەوە.



بەڵام تەکنیکەکەی، بەدرێژایی سەدەکان وەك خۆیەتی، کۆمەڵێ پەڕە کاغەزی نووسراو کە لە یەك قەوارەدا بڕراوەو ژمارەیان بۆ دانراوەو پێکەوە گرێدراونو لە نێوان دوو بەرگدا یەکخراوە، دەشێ ئەم ساکارییە بوو‌بێتە دەروازەیەك بۆ چوونە ناو قووڵاییەوەو هاندەرمان بووبێت گەشتێك لە نێوان دوو کەناردا بکەینو لە نێوان شەپۆلەکاندا بێینو بچین.

عاشقانی کتێب هەر بەوەوە ناوەستن کە بۆ هەر کوێیەك بچن کتێبەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، بەڵکو بۆ کەسوکارو هاوڕێکانیشی باسدەکەن، باسی هزرو داهێنانو رابردوو و ئێستاو ئایندە. هەرچەندە ماڵەکانمان پڕبن لە کتێب، هێشتا تینوێتیمان ناشکێو رووده‌کەینە کتێبخانەی دیکە تا هاوڕێی دیکە بناسینو دوای یەکتر ناسین بیانخوێنینەوە. ئەمڕۆ، بۆ هەر کوێ بچین کتێب یاوەرمانە، لەسەر مێزێك دادەنیشین کە بەتەنیا قەڵەمو کاغەزو کوپێ چا، یان قاوەیەکی لەسەرە، بەدرێژایی رۆژ دەخوێنینەوەو بێزار نابین.

## ئێستا چی روودەدات؟

لە ساڵی ١٩٧١ەوە، ئاڕاستەیەکی بێکۆتایی سەریهەڵداوە، بۆ بەرهەمهێنانی کتێبی ئەلیکترۆنی، یان ژمارەیی، کتێبی کاغەزین لەنێو کۆمپیوتەرداو بەشێوەی دۆسیە، ئێمە باسی وێنەی ئەو کتێبانە ناکەین کە دواتر دەیانسڕینەوە، بەڵکو لەو فۆڕمە نوێیە دەدوێین کە لە کتێبی تەقلیدیی دوورمان دەخاتەوە.

پڕۆژەی کتێبی ئەلیکترۆنی دەستی پێکردو لەسەر CD و کەرەستەکانی دیکەی پاراستندا هەڵدەگیران، ئینجا پڕۆگرامەکانی خوێندنەوەی کتێبی ئەلیکترۆنیو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هاتە ئارا، وێڕای پڕۆگرامەکانی پاراستنی مافی موڵکداریو لەبەرگرتنەوەو دابەشکردن، ئەوەبوو ساڵی




١٩٩٣ بەباشـــی کتێـــب لـــە ئینتەرنێتـــدا دەرکـــەوت، بـــەڵام دەسـەڵاتی کتـێبی ئـەلیکترۆنی بـەو جۆرە ئەگەری تەواو نەبوو.

هــەر زوو ڕێــزو پایــەی کتــێبی ئــەلیکترۆنی بەشــێوەی کتــێبی تەقلیدیی لێهات، ئـەوەبوو خواسـتی خوێندنــەوەی کتێبـیش بەدەنگــەوەو ڕازاندنــەوەی کتێبــەکان بەوێنــەو ڕەنگەوە بووە پڕۆژەو ئـــاڕاستەیەك هاتە گۆڕێ بۆ فرۆشتنی کتێبی ئـەلیکترۆنی کـە لەوەوبـەر بەتـەنیا لەسـەر کۆمپیوتــەر دەخوێندرانــەوە، دواتــریش ئــامێری تایبــەت داهێنــرا بــۆ خوێندنەوەی کتێب، لەگەڵ دابین بـوونی کۆمپیوتـەرو ئـامێری هـەرزان بـۆ خوێندنــەوەی کتێــبو زۆربــوونی ئەوانــە لــە زانکۆکــانو دامــەزراوەکانو کتێبخانە گشتییەکانو نێو ماڵەکاندا، ئیدی کتـێبی بـێ کـێشو بـێ بـۆنو بێ بەرامبەر، لە توانای دابینکردنـدا هـەبوون بـۆ خـەڵکێکی یـەکجار زۆرو بەرێژەیەکی فراوان.

## گەشەکردنی کتێبی کاغەزین

بەدوای پێشکەوتنی هونەرەکانی چاپدا، تەکنیکی ئەوتۆ پەیدابوون کە لـە سـایەیاندا کتێـب زیـادی کـردو لەگـەڵ ڕەوتـی ڕۆژگـاردا فـۆرمی کتێـب بەشـێوەیەك ڕەنگـین بـوون تـا گەیـشتە ئـەو کتێبانـەی ئـەمڕۆ دەیـانبینین، قەوارەکانیان جیاوازییان تێکەوتو کاغەزەکانیان بوونـە کاغـەزی زۆربـاشو بەپێی جۆرەکانیان هەردوو جۆری سووكو قورس کەوتنـە بەردەسـت، ئەمانـە

وێڕای بەرگو نەخشەسازیی‌و بوونی وێنەو ڕەنگ بەشێوەی بەرزەوە، لەگەڵ جزوبەندکردنیان، تەنانەت هەندێکیان بۆنخۆش کران‌و لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکاندا دەنگی موزیك دانراوە بۆ گوێبیستی خوێنەر.

بەڵام کتێبی منداڵان، هەندێ یاریی سەرنجڕاکێش خرایە نێویانەوە. بەڵام هەموو ئەوانە نەیانتوانی لە چوارچێوەی کتێبی تەقلیدی دەربازیان بکەن.

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی (تەقینەوەی زانیارییەکان) بووینەوە، کە مرۆڤی بەرەو شێوازی ژمارەیی(ئەلیکترۆنی)برد، هەرکە مرۆڤ لەگەڵیدا ڕاهات، بەشێوەیەکی بەربڵاو چوونە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوەو ئامرازەکانی هەڵگرتنیان وایلێهات هێندە خەریکی چاپی کاغەزینی بەشێك لە کتێبەکان نەبین، بە واتایەکی تر
دامەزراندنی بازاڕی ئەلیکترۆنی بووە جۆرە پێویستییەك.

## بەرەو کوێ؟

کتێبی ئەلیکترۆنی هاتە نێو ژیانمانەوە، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی کۆنترۆڵ کردنی بڵاوبوونەوەی کتێبی کاغەزین" کە ئائەمڕۆ پەیوەستین پێیەوە، چونکە شتێکی نامۆی نییەو بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو مرۆڤ هۆگری کتێبی کاغەزین بووەو ناتوانێ لەمڕۆشدا دەستبەرداری بێت.

## لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا

لە ڕابردوودا" بەهای کتێب لە کێش‌و ڕەنگی کاغەزەکەی‌و جوانیی چاپەکەو نەخش‌و نیگارەکانیدا بوو، ناوی خۆمانمان لەسەر دەنووسی‌و ڕۆژو شوێنی کڕینی کتێبەکەمان دیاری دەکرد، لەگەڵ نرخەکەی، هەرچۆن ئەوانەی بەدیاریی دەگەیشتە دەستمان‌و ئیمزای پێوە بوو دەبوونە یادگار، ئاماژەمان بۆ وشەو بیرۆکەو ناوە ناسراوەکانی ناو کتێبەکەمان دەکردو



زۆرجـار دەگەڕاینــەوە ســەریان، لەگــەڵ دیــاریکردنی روونکردنــەوەکانی نووســەر ســەبارەت نهێنییــەکانی نووســینەکەی لــە پێــشەکیدا، هەرچــۆن پێڕستەکەی یاریدەدەرمان دەبوو، هەرچەندە کتێبی ئەلیکترۆنی بـە تـەکنیك پێــشکەوتووەو دەکەونــە بەرچــاومان، بــەڵام هەمیــشە پــەنا دەبەینــە بەرشارەزایی‌و چێژوەرگرتنمان لە خوێندنەوەی کتێبی کاغەزین.

ئێمـە لەسـەر ئـەوە راهـاتووین بـەجۆرێك کتێـب بگـرین بەدەسـتمانەوەو دانیشین‌و لە باری جیاوازدا بخوێنینـەوە، جۆرەکـانی خوێندنـەوەو راوەسـتان لەسەری‌و رامان لێی بەندن بەحاڵەتی فیزیکییـەوە، بـەڵام لـە کۆمپیوتـەردا خێراتر مەبەستمان دەدۆزینەوەو بەئاسانی..تیایدا مەبەسـتەکان ئامڕازەکـانی وەرگێڕانی دەستبەجێی هەن، ئەمە وێڕای دۆزینەوەی چەندین سەرچاوەی تـر کە پەیوەستن بەهەمان بابەتەوە، ئەمڕۆ هەمـوو شتێك گۆڕراوە.

جـاران نەماندەهێـشت کتێـب لێمـان دوورکەوێتـەوە، دێڕبـەدێڕو لاپـەڕە بەلاپـەڕەیمان دەخوێنـدەوە، بـەڵام لـە جیهـانی کتـێبی ئەلیکترۆنیـدا فێـری

شێوەی تری خوێندنەوە بووین، لەگەڵ دژواری ژیانو بێ کاتیدا دەتوانین باز بەسەر دێڕو پەرەگرافو لاپەڕەکاندا بدەین، ئیتر نازانین جەختمان لەسەر خوێندنەوە بۆ دەکرێت، یان هەر زوو دەزانین ئیتر بەسە... ئێمە تووشی حاڵەتی تر بووین کە لەوەوبەر لە خوێندنەوەدا نەمانبووە، نازانین زۆر دەخوێنینەوە یان کەم؟ ئایا هەڵدەبژێرین یان لەو قەرەباڵغییەدا بزر دەبین؟! ئایا زانیارییەکان لە مێشکماندا دەمێننەوە یان نا؟ ئاخۆ خوێندنەوە مردووە (وەك هەندێك دەڵێن)؟!

## ماڵپەڕەکان بۆ خوێندنەوەو نووسین

بوونی ئەو هەموو کتێبە لە ئینتەرنێتدا، بەڵێشاو بەرهەمی فیکریو ئەدەبییان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، بەدوای خوێندنەوەوە پرۆسەی نووسین کارا بووە، ئەمرۆ ماڵپەڕی زۆر بەکتێبی دیزاینکراوەوە خراونەتە بەرچاو، بەبەرامبەر یاخود بێ بەرامبەر، زۆر لە خوێنەران کە بابەتێك دەخوێننەوە قسەی لەسەر دەکەنو لەگەڵیدا کاردانەوەیان دەبێت، هەرچۆن نووسەرانیش بابەتەکانیان بەش بەش دەخەنە بەرچاو تا خوێنەری زیرەكو شارەزا قسەیان لەسەر بکەنو لێدوانی خۆیان هەبێت، ئیدی نووسەران شتی تر دەڵێنو بابەتەکەیان دەوڵەمەندتر دەکەن. کەواتە دەتوانین بەپێوانەی تر کتێب هەڵبسەنگێنین، تا کتێبە باشەکان دەستنیشان بکەین، ماڵپەڕی وەکو (www.vook.com)و (www.bookglutton.com) هەلی وا دەڕەخسێنن خوێنەر بتوانێت بەدەستە جەمعی سوود وەربگرن، هەرچۆن نمایشی ڤیدیۆیی لەگەڵ کتێبەکەدا خراونەتە کار بۆ روونکردنەوەی زیاتر، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێری تەلەفونی بەستراو بەئینتەرنێتەوە بۆ خوێندنەوە. هەرچۆن ماڵپەڕی (google)خزمەتگوزاریی (لاپەڕە هەڵدانەوەی خێرا)ی ڕەخساندووە، دیارە دیاردەی ڕۆمانیش کە بە (ڕۆمانی نێو مۆبایل) ناو

دەبرێـــتو بـــۆ یەکـــەمجار لـــە یابـــان ســـاڵی ٢٠٠٣ ســـەریهەڵدا، بەشـــێوەی کورتەنامـــە دەگەنـــە دەســـتی خوێنـــەر. ئەمـــە بێجگـــە لـــەوەی ماڵپـــەڕی (www.fourthstorymedia.com) چـــیرۆك بەشـــێوەی کتێـــبو تێکستو دەنگو وێنەی ڤیدیۆیی بەجیا دەگەێنێتە وەرگر.

ئەمڕۆ رەوشێك سەپێنراوە کە نووسەرو دانەرو دەستگاکانی بڵاوکردنـەوەو کتێبخانەکان ناچاربن بچنە نێو ئەم جیهانە نوێیـە ئەلیکترۆنییـەوە، چـونکە نە کتێب وەك جـاران مـاوەو نـە خوێندنـەوەش وەهـا مـاوە، بگـرە نووسـەرو خوێنەرانیش جیاوازن لە نووسەرو خوێنەرانی رابردوو.

## ئاخۆ کتێبخانەکان دەبنە مۆزەخانە؟

کتێبخانە گشتییەکانو کتێبخانەی زانکۆکانو ئەوانی تر چییان لێـدێت؟ ئاخۆ دەبنە مۆزەخانە؟ ئاخۆ ئەوانیش پێویستیان بەشۆڕشـێکی نـوێ هەیـە؟ ئاخۆ پێویستمان بەسیستەمی نوێ هەیە بۆ خواستنی کتێـبو سیـستمێکی پارێزگاریکەر بۆ کتێبەکان تـا لەبـەریان بگیرێتـەوەو بڵاوببنـەوەو سـوودیان لێوەربگیرێـت؟ ئـاخۆ پێویـستمان بـەئامرازی تـرە بـۆ گـۆڕینی سروشـتی خوێندنەوەو چێژوەرگرتن لێی؟

کەسـانێ هـەن لـە مـەرگی کتێـب دەترسـن کـە لـە ئایندەیـەکی نزیکـدا رووبدات، ئاخۆ ئەوە روودەدات یان کتێب لەم جیهانی تەقینـەوەی زانیـاریو تـەکنیکیو ئەفراندنـەدا پێویـستیان بەشۆڕشـێکی نـوێ هەیـە؟ بـەڵام لـەم جیهانەدا ناترسین، چونکە تواناکان لە ژمـارە نایـەن، بـەڵام ئایـا خوێندنـەوە وەك خـۆی لـە کتێبـدا دەمێنێتـەوە یـان دەبنـە کەرەسـتەی تـری وەك فـیلمو ڤیدیۆ؟

راستییەك هەیەو پێمان دەڵێت: لەگەڵ هەموو ئەو وەرچەرخانانەدا" کتێـب هـەر دەمـێنێو لـە تاخـچنەکانی خۆیانـدا دادەنـرێن، هاوڕێیـەکی ئـازیزی

مرۆڤـەو لـە فرۆكـەو شـەمەندەفەرو شـوێنی كـارو ماڵەكانیانـدا یاوەریـان دەبێت، ژیان لە نێویاندا بەردەوامەو كاریگەریی لەسەر خوێنەر جێدەهێڵن، كە دووریش بن هەر لەیادن، لە دووتوێیاندا گڕی پەرۆشی بـۆ خوێندنـەوەیان بڵێسە دەستێنیو هەمیشە دانەی تریان لـێ دەكڕێتو مایـەی ئەمەكـداریو شانازین. خـەڵكی بـۆ خۆیـانو بـۆ ئەوانـەی خۆشـیاندەوێن هەمیـشە كتێـب دەكڕن، لەگەڵ بیركردنیاندا، دووبارە دەچنەوە سـەر خوێندنـەوەیان، هەمیـشە بەشەوقەوە دەڕواننە بەرگی قەشەنگیانو ئینجـا لاپـەڕەی یەكـەمیان، پاشـان مێـژووی چـاپیو پێناسـەی چـاپەكەیو پێـشكەشكردنیو پێـشەكیو پێڕستەكەیو بەدوای ئەوانەشدا دەستدەدەنەوە خوێندنەوەیان.

سەرچاوە:

گۆڤاری (القافلة) ژ/ ٤١، ئۆگستۆس٢٠١٠ .

# کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم

پـێش نیـوەڕۆی ٢٠٠٩/٣/٢٤ ،لـە سـەر وادەیـەکی لەوەوبـەر، بـەرەو کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کەوتمە ڕێ،یادەوەریم گەڕایەوە بۆ نزیکەی ١٠ ساڵ لەوەبەر، ئەو دەمەی خوا لێخۆشبوو (نـەدیم داگـدەڤیرەن) سـەردانی کتێبخانـەی گـشتیی سلێمانی کـردو دوای یـەکتر ناسین و باسکردنی کتێبخانەکەیان ،لای خۆمانەوە دوو کـارتون لـە کتێبـە کوردییـەکانمان کـردە نۆبـەرەی دیاریمـان بـۆ ئـەو کتێبخانەیـە ،لەوێشەوە پەیوەندییەك درووست بوو ، بە داخەوە مـەرگی ئـەو بـرا بـەڕێزە لـە سـاڵی ٢٠٠٧ دا بـووە هـۆی پـچڕانی ئەوپەیوەندییـە و وا لـەوڕۆژەدا بـۆ هـەمان مەبەستی پێویست روو لە کتێبخانەی کوردی ئـەو وڵاتـە ئەسـکەندەناڤییە بووین .

کتێبخانەی کوردی (kurdish biblioteket ) لە سـتۆکهۆڵم کـە ئەمـە ناونیـشانەکەیەتی: (( 16,172 73 sundbyberq vattuqatan)) لـە لایەن برای بە ڕێز نەوزاد هروری بەڕێوەدەبرێت و چەند کارمەنـدێك یاریـدەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەدەن .

## مێژووی کتێبخانەی کوردی

لـە شـوباتی ١٩٦٦ نـەدیم داگـدە ڤـیرەن (١٩٥٣-٢٠٠٧) بـە پـشگیری دامەزراوی کلتوری ئایندە ،هەوڵیدا بۆ دامـەزراندنی کتێبخانـەی کـوردی ، ئـەم هەواڵـەش لـە میدیاکانـدا بـە بایەخـەوە بڵاوکرایەوە،هێنانـە دیـی ئـەم ئامانجە پێویـستی بـە هاوکـاری و دەسـگیرۆییەکی بـاش هـەبوو ،چ لەلایـەن سویدییەکان و چ لەلایەن کوردەکانەوە، بە تایبەت یارمـەتی دەوڵـەتی سـوید و دۆستانی گەلی کورد ،ئەوە بوو شارەوانیی ستۆکهۆڵم بەو کتێب و گۆڤـا ر بە ڵگەنامانەی لەلایان بوو هاوکارییان کردو کتێبخانەکە دامەزرا .

کتێبخانەکە لە دورگەی (شیپسهۆڵمن) لەناوەندی ستۆ کهۆڵمدا لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیری (مارینائۆلڤسکوگ) لە رۆژی ١٠ی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧ دا لەڕێورەسمێکدا بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سویدی و کوردەکان کرایەوە .

لە دووساڵی سەرەتایدا لە لایەن (کۆمەڵەی دۆستانی کتێبخانە) وە سەرپەرشتی لایەنی دارایی کتێبخانەکە کراو ساڵی ١٩٩٩ کتێبخانەکە وەك دامەزراوەیەك لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاری ستۆکهۆڵمدا تۆمار کراو بە (وەقفی کتێبخانەی کوردی) ناونراو یەکەمین کۆمیتەی بە ڕێوەبردنی بە سەرۆکایەتی (کەللی کلیمینت) و بە بەڕێوەبردنی (نەدیم داگدەڤیرەن) دانرا ، سەرۆکی کۆمیتەکە لە کۆمەڵی دۆستانی کتێبخانەو جێگرەکەی لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان و دوو ئەندامیشی نوێنەرانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی سویدو کتێبخانەی مەلەکی بوون.



ستۆکهۆڵم




دوای کۆچی دوایی (داگدەڤیرەن) لە ٢/٣/٢٠٠٧ دا (نەوزاد هەوری) بە بەڕێوەبەری دامەزراو بە پێی دەستوری وەقفەکە بووە سکرتێری کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کتێبخانەکە .

لە سەرەتای دامەزراندنی کتێبخانەکەدا ،گروپی ڕاوێژکاران هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لە :

جویس بلو: فەرەنسا

مارتین ڤان برونسن: هۆڵەندا

مایکل چایەت : ئەمریکا

میرەللاگەلێتتی : ئیتالیا

د. ئەمین حەسەنپوور : کەنەدا

یۆهانس مەیەر: ئەڵمانیا

د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ: کوردستان

د. عومەر شێخمووس : سوید

دواتریش هەریەك لە شکور مستەفا (کوردستان)و (شاکرێ خدۆ) بوونە ئەندامی. بەڵام بەهۆی ڕێکخستنی چالاکی گروپی راوێژەکاران ،لە ٢٠٠٧دا ئەو گروپە هەڵوەشێنرایەوەو کوردناس (ئەنسۆفی لیندبەر ) ی

خاوەنی بڕوانامەی ماجستێر لە بواری (کتێبخانەی کوردی ) دا لە ٢٠٠٨دا لە جێی ئەوان و وەك ئەندامی وەقفەکە دامەزرا.

### ئامانجەکانی کتێبخانەی کوردی

کتێبخانەی کوردی دەزگایەکی بێ لایەنە و پەیوەندیی بە هیچ گروپ و لایەنێکی سیاسی و ئایینییەوە نییە.

ئامانجی سەرەکی کتێبخانەکە کۆکردنەوەوپاراستن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و زانست و زمان و ئەدەبیاتی کوردییە، هەر چۆن بایەخی تەواو دەدات بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگاو کتێبخانەکوردستانی و جیهانییەکان،کە کاری کتێبخانەیی یان ئەرشیفی بەڕێوە دەبەن .

کتێبخانە لەرێی دیاری و بەخشینەوە،یاخود کڕینەوە هەمووبەرهەمێکی نووسراو وچاپکراوی وەك کتێب ،گۆڤار ،راپۆرت و وتار ،بەڵگەنامەو پۆستەرو ..تاد ،کۆدەکاتەوەو دەیانپارێزێ .

هەموو ئەو بەرهەمانە بە پێی (کایەکاریی) کتێبخانە خانەبەندیی وتۆمارکردنیان بۆ ئەنجام دەدرێت ،بێجگە لەوانەش CD و کاسێتی گۆرانی بە رێك وپێکی تۆمارو پارێزاون .

بەرهەمەکانی نێو کتێبخانەی کوردی ، بە بێ جیاوازی و بۆ هەموو کەسێك لە بەردەستدان، هامشۆکەر دەتوانێ هەر لە کتێبخانەکەدا سوودیان لێ ببینێ یان دوای خواستن بیانباتە دەرەوە، هەرچۆن کار بۆ ئەوە دەکرێ بەشێك لە بەرهەمەکانی ناو کتێبخانە لە رێی ئینتەرنێتەوە بخرێتە بەر چاو .

ئامانجی کتێبخانەی کوردی ئەوەیە گەنجینەی کلتوری کوردی لە فەوتان و قەدەغەکردن و سانسۆر و شاردنەوە رزگار بکات و بە شێوەیەکی ئازاد بیانخاتە بەر دەستی هەرخاوەن مەبەستێك .

بێجگە لەوانە، یەك لە ئامانجەگرنگەكانی كتێبخانە نواندنی چالاكیی هەمە جۆرە ،كتێبخانەی كوردی كۆڕو سیمینار دەبەستێ و پێشانگا و كۆڕی ناساندنی كتێب و چالاكیی منداڵان ساز دەكات. وێرای كتێبی كوردی ،كتێبخانە كاردەكات بۆ وەدەستهێنانی ئەو كتێبانەی بە زمانی تر نووسراون و باسی كوردو كوردستان دەكەن .

## كۆلەكسیۆنی كتێبەكان

كۆلەكیسۆن،یان كۆی بەرهەمە كۆكراوەكانی ناو كتێبخانە لە هەموو ئەو كتێبە كوردییانە پێكدێت كە بە دیالیكتە جیاوازە كوردییەكان نووسراون، هەروەها هەموو ئەو كتێبانەی كە سەبارەت كوردن و بە زمانەكانی: ئەڵمانی و ئازەری و عەرەبی و ئەرمەنی و دانیماركی و فارسی و فنلاندی وفەرەنسی وفلامانی وهۆڵەندی و ئینگلیزی وئیتالی وئیسلاندی وكەتەلانی ونەرویجی و پۆڵۆنی و رووسی و ئیسپانی و سویدی و توركی و یونانی نووسراون، ژمارەی كتێبەكان لە ئێستادا گەیشتووەتە (١٠) هەزار و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە زیادبووندان .



کتێبـەکان بـە پێـی هەنـدێك پـۆلێنی تایبـەت لـە کتێبخانـەدا ریزبەنـد کراون، کتێبە کوردییەکان بە پێی زارەکانی (کرمـانجی ،کرمـانجی خـواروو، زازاو گۆرانی) پۆلین کراون. هەمـوو کتێبەکان بە پێـی بابـەت و بـە گـوێرەی سیـستمی کتێبخانـەکانی سـوید SAB تۆمـارکراون ،دەتـوانرێ لـە ریـێ ماڵپەڕی کتێبخانەوە تەماشای کاتالۆگی کتێبخانەکە بکرێ کە بریتییـە لـە ناوی کتێبەکان و نووسەرانیان،کە ئەویش (www. kurdishlibrary.org )ە .

بێجگە لـە کتێـب و گۆڤارەکـان ، بەرهـەمی ئـەکادیمیی وەك نامـەکانی دکتۆراو ماستەر و توێژینەوەی زانستی کە بـە زمـانی کـوردی ئامـادەکراون .یـان بـە زمـانی تـر نووسـراون وباسـی لـە کـوردو کوردسـتان دەکـەن لـە زانکۆکانی کوردستان و جیهانەوە بۆ کتێبخانەکە نێردراون لەبەر دەستدان.

## چاپکراوی تر لە کتێبخانەکەدا

بێجگە لە کتێب، زیاد لە ٦٠٠ گۆڤـارو رۆژنامـەی کـوردی لـە بەشـی گۆڤارورۆژنامەکانی کتێبخانەی کوردیـدا هـەن ، هرچـۆن گۆڤارەکـانی نێـو ئینتـەرنێت لـە ماڵپـەڕی کتێبخانەکـەدا بـەر چـاو دەکـەون ، هـەروەها ژمارەیەکی زۆر لەوتاری کوردی، یـان ئەوانـەی لـە سـەر کـوردو کوردسـتان نووسـراون لـە کتێبخانەکـەدا وەك ئەرشـیف پـارێزراون و خوێنـەر دەتـوانی کۆپییان بکات . بەهەمان شێوە ژمارەیەکی بـاش لـە بەڵگەنامـەی پـارت و رێکخراوە کوردییەکان ، یـان ئەوانـەی پەیوەنـدییان بـە کـوردەوە هەیـە لـەم کتێبخانەیەدا پارێزراون ،لەگەڵ بەڵگەنامەی دیکە وەکـو (پۆسـتەر، کورتـە زانیاری، بانگـەواز، راگەیانـدنی رۆژنامـەوانی ،دەسـتنووس، نیگـار، نامـە، بەرنامـەکانی کۆبوونـەوەو کـۆنفرانس و ڤیـستیڤاڵ، ریکـلام و سـاڵنامە) هەرچۆن ژمارەیەکی گونجاو لە وێنەی وێنـەگرانی سـویدی کـە پەیوەسـتن بـە

کوردو کوردستانەوە لە گەڵ ژمارەیەك لە کـارت و نەخـشە و کاریکـاتۆر لـە کتێبخانەکەدا پارێزراون.





ڤیان.. هاوکارێکی خۆبەخشی کتێبخانە          نزار.. کارمەندێکی کتێبخانە

## خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی کوردی

وێرای خستنە بەردەستی هەرچییەك خوێنەر بیەوێت لە نێـو کتێبخانـەدا بیخوێنێتەوە ،یان بیابینێ، دەتوانرێ لە رێـی خواسـتنەوە چـاپکراوەکان تـا ماوەی یەك مانگ بخوازرێ بۆ دەرەوەی کتێبخانە، خاوەن مەبەسـتی دەتـوانێ ئەو ماوەیەش درێژ بکاتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك (کتێبـی یـەك نوسـخەیی، کتێبی سەرچاوەیی، فەرهەنگ، گۆڤار و، رۆژنامە، بەڵگەنامـە و وێنـە) بـە خواسـتن نـادرێن .ئەمانـە بێجگـە لـە خزمـەتگوزاری ئینتـەرنێت کـە لـە کتێبخانەی کوردیدا هەیە و دەتوانرێ بـە کۆمپیوتـەری کتێبخانـە، یـان بـە کۆمپیوتەری شەخسی هامشۆکەر خۆی بە ئینتەرنێتەوە گرێبدات. هاوکـات خزمەتگوزارییەکانی فـاکس و کـۆپیکردن و سـکانکردن لـە کتێبخانەکـەدا دابین کراون .

هەروەها بە پێی وادەی پێش وەخت، دەتوانرێ سەردانی کتێبخانە بۆ باخچەکانی منداڵان و قوتابخانەکان وتیم وگروپ و کۆمەڵەو وەفدە میوانەکان رێکبخرێت .

جێی سەرنجە دەوامی فەرمی کتێبخانە بەمجۆرەیە :-

- سێ شەممەو هەینی : لە سەعات ١٠ ی پێش نیوەرۆ تاسەعات ٥ ی ئێوارە

- شەممە : لە سەعات ١٢ ی نیوەرۆ تا ٤ ی عەسر بەڵام لە مانگی تەمووزی هەموو ساڵێکدا کتێبخانە داخراوە .




کتێبێکی مێژوویی لە کتێبخانەکەدا

## یاداشتنامەیەکی هاوکاریکردن لە نێوان هەردوو کتێبخانەی گشتی سلێمانی و کوردی ستۆ کهۆڵمدا



یاسین قادر بەرزنجیو نەوزاد هروری

دوای سەردانەکەمان لە رۆژی ٣/٢٤ دا بۆ کتێبخانەی کوردی و دیداری هەریەك لە بەڕێزان (نەوزاد هروری و بەڕێوەبەری کتێبخانەو خاتوو میهمیت تەیڤون- پەڕتووکوان و نزار ئیبراهیم –یاریدەدەری پەڕتووکوان ) و بەسەر کردنەوەی هەموو بەشەکان و چالاکییەکانی کتێبخانەکە ، بە مەبەستی خزمەتکردن بە پەیامی کتێبخانەیی هەردوولاو برەودان بە کتێبخانە کوردییە ئاوەدانەکان ، یاداشتنامەیەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەری کتێبخانەی کوردی ئیمزا کرد کە لە ئایندەی نزیکدا کار بکرێت بۆ ئاڵوگۆری چاپکراوی بە نرخ لە نێوان هەردوولادا ، لایەنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کار بکات بۆ دابینکردنی چاپکراوی کوردیی نوێی دامودەزگاکانی چاپەمەنی لە کوردستاندا وهاوکات کتێبخانەی کوردیش کاربکات بۆ بە جێهێنانی گەشتی ژمارەیەك لە کارمەندانی کتێبخانەی سلێمانی بۆ کتێبخانەکانی وڵاتی سوید .

# کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان
# لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

وەزارەتی مەعاریفی عیراقی، لەسەرەتای سالآنی چلی سەدەی رابردوودا، بایەخی داوەتە کردنەوەی کتێبخانەی گشتی لەشارەکانی کوردستاندا.

لەسالّی ١٩٤٣ بۆیەکەمجار لە (هەولێر) کتێبخانەی گشتی کراوەتەوە، خوالێخۆشبوو سەلیم موختار یەکەمین ئەمینداری بووەو لەماوەی دوورودرێژی خزمەتییدا توانیویەتی رۆلێکی گرنگ ببینێت لە بلآوکردنەوەی رۆشنبیری‌و پەروەردەی کوڕوکالّی کورددا.



هەروەها رۆژی ١٣/١٠/١٩٤٤، دوای پێشنیازو کۆششی رۆژنامەنووس‌و شاعیری مەزن (پیرەمێرد) لەشاری سلێمانی بەردی بناغەی یەکەمین کتێبخانەی گشتی دانراوەو دوای تەواوبوونی لەئەدیبانی کورد مامۆستایان أ.ب هەوری‌و موحەرەم محەمەد ئەمین لەئەمیندارە دێرینەکانی بوون.

هەرچۆن سالّی ١٩٦٤ دەرگای یەکەمین کتێبخانەی گشتی لەشاری دهۆك کراوەتەوەو بووەتە مەلّبەندێك بۆ روناکبیرو قوتابیانی دەلالی ناوچەکە.

کتێبخانە گشتییەکان لەحەفتاکان‌و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا خراونەتە سەر وەزارەتەکانی ناوخۆو حوکمی خۆجێیەتی، بەلآم دوای راپەڕین‌و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەولّ‌و کۆششی دلّسۆزان کتێبخانە گشتییەکان خرانە سەر وەزارەتی رۆشنبیری‌و بەدامەزراندنی (بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان) یش زیاتر

بایـەخ بـەکاراکردنی رۆڵـی کتێبخانـە دراوەو چـەندین کتێبخانـەی نـوێیش لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا کراونەتەوە.

* لـە٢٢ی نیـسانی ١٩٩٨و لـەیادی سـەد سـاڵەی دەرچـوونی یەکـەمین رۆژنامـەی کـوردی (کوردسـتان)دا لەلایـەن خـانم سـینەم بـەدرخان بـەردی بناغەی (کتێبخانەی بەدرخانیان) لە شاری دهـۆك دانـراو دوای تـەواوبوونی لە ٩/١١/١٩٩٩دا لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بـارزانی سـەرۆکی حکومـەتی هــەرێم کرایــەوەو لــەو رۆژەوە تادەگــات بــەمڕۆ کتێبخانەکــە بەبەشــە جیاجیاکانییەوە لەخزمەتی کچانو کوڕانی هامشۆکەریدایە.

*بەسەرپەرشـتی راسـتەوخۆی بـەڕێز د.بەرهـەم ئەحمـەد سـاڵح سـەرۆکی حکومـــەتی هـــەرێم لەســـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤دا پـــرۆژەی فراوانکـــردنو نۆژەنکردنــەوەی کتێبخانــەی گـشتیی سـلێمانی ئەنجامــدراوەو هاوکـات بەئامێرو کەلوپەلو کەرەستەی پێویست پۆشتە کراوەتـەوەو پـڕ لەسەرچـاوەی سوودبەخشیش کراوە.

*هەروەها لەسەر رووبەری ٣٧٥٠٠مەتر دووجاو لەنێو باخـچەی بەدیمـەنی سـامی عەبـدولڕەحمان لەهـەولێری پایتـەخت، لەلایـەن تیپـی زەیتـوونی سـەربەکۆریای باشـوور کتێبخانەیـەکی گـەورەو مـۆدێرن دروسـتکراو رۆژی ٢٢/١٠/٢٠٠٨کرایــەوە، لەکتێبخانەکــەدا کــەهۆڵو بەشــەجیاجیاکانی بـەناوی ئـەدیبو رونـاکبیرانی شـارەکەوە نـاونراوە، ئەرشـیفی دەوڵەمەنـدی چــاپکراوەکانی ئــەو کتێبخانــە دێرینــە پــارێزراوە لەگــەڵ کتێبخانــە گشتییەکانی دیکەی شارەکانی کوردستاندا، ئەم کتێبخانەیە کاری بـەردەوام دەکات بۆ فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکانی..

## کتێبخانەی شارۆچکەکان

***بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی هەولێر:**



لەشاروشارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایەدا ژمارەیەك کتێبخانەی گشتیی هەیە کە بریتیین لە:

١- کتێبخانەی گشتیی عەنکاوە

٢- کتێبخانەی گشتیی خەبات

٣- کتێبخانەی گشتیی دیبەگە

٤- کتێبخانەی گشتیی مەسیف سەلاحەدین

٥- کتێبخانەی گشتیی شەقڵاوە

٦- کتێبخانەی گشتیی ڕەواندز

٧- کتێبخانەی گشتیی بلێ

٨- کتێبخانەی گشتیی هەریر

٩- کتێبخانەی گشتیی هیران

١٠- كتێبخانەی گشتیی مەخمور

١١- كتێبخانەی گشتیی قوشتەپە

***لقەكانی بەڕێوەبەرێتیی كتێبخانەی گشتیی سلێمانیش:**



١- كتێبخانەی گشتیی هەڵەبجەی شەهید

٢- كتێبخانەی گشتیی دوكان

٣- كتێبخانەی گشتیی سەیدسادق

٤- كتێبخانەی گشتیی تەوێڵە

٥- كتێبخانەی گشتیی پێنجوێن

٦- كتێبخانەی گشتیی شارەزوور

٧- كتێبخانەی گشتیی چوارتا

٨- كتێبخانەی گشتیی ماوەت

٩- كتێبخانەی گشتیی بەرزنجە

١٠- كتێبخانەی گشتیی قەرەداغ

١١ـ كتێبخانەی گشتیی پیرەمەگرون

١٢ـ كتێبخانەی گشتیی بەكرەجۆ

١٣ـ كتێبخانەی گشتیی بازیان

١٤ـ كتێبخانەی گشتیی سەرگەڵو

١٥ـ كتێبخانەی گشتیی عەربەت

١٦ـ كتێبخانەی گشتیی خورماڵ

١٧ـ كتێبخانەی گشتیی خدران

١٨ـ كتێبخانەی گشتیی بیارە

***كتێبخانەی گشتییەكانی سەر بەبەڕێوەبەرێتیی كتێبخانەی گشتیی لەدهۆك (كتێبخانەی بەدرخانیان) بریتیین لە هەرسێ كتێبخانەی:**




١ـ كتێبخانەی گشتیی ئاكرێ

٢ـ كتێبخانەی گشتیی ئامێدی

٣ـ كتێبخانەی گشتیی زاخۆ.

دوای هەرسی پارێزگا گەورە باسکراوەکە، لەچەند قەزایەکیشدا بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتی کراونەتەوەو ئەوانیش خاوەنی چەندین کتێبخانەن لەشاروشارۆچکەکانیاندا، بەم شێوەیە:

*** بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی کۆیە:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی تەق تەق

٢ـ کتێبخانەی گشتیی بالیسان

٣ـ کتێبخانەی گشتیی سکتان

*** بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی رانیە:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی حاجیاوا

٢ـ کتێبخانەی گشتیی بنار

٣ـ کتێبخانەی گشتیی چوارقوڕنە

٤ـ کتێبخانەی گشتیی قەلادزێ

٥ـ کتێبخانەی گشتیی سەنگەسەر

٦ـ کتێبخانەی گشتیی سورەدێ

*** بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتیی چەمچەماڵ:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی قەرەهەنجیر

٢ـ کتێبخانەی گشتیی سەنگاو

٣ـ کتێبخانەی گشتیی دوبز

٤ـ کتێبخانەی گشتیی شۆڕش

*** بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانەی گشتیی گەرمیان:**

١ـ کتێبخانەی گشتیی خانەقین

٢ـ کتێبخانەی گشتیی کەلار

٣ـ کتێبخانەی گشتیی کفری

٤ـ کتێبخانەی گشتیی رزگاری

٥ـ کتێبخانەی گشتیی سەرقەلا

٦- كتێبخانەی گشتیی پێباز
٧- كتێبخانەی گشتیی مەیدان

## ئەوكتێبخانانەی تر كە هاوكاری دەكرێن

هەڵبەت مانگانە لەبودجەی كتێبخانە گشتییەكانی هەرێم چاپەمەنی نویٚ بۆ سەرجەم كتێبخانە گشتییەكان دابین دەكرێت، لەگەڵ ئەوانیشدا، چەند كتێبخانەیەكی دیكەی بەردەوام كۆمەكیان دەكرێتو بەچاپكراوی نوێی كوردی دەوڵەمەند دەكرێن، ئەوانیش بریتیین لە هەریەك:

* **كتێبخانەی گشتیی كەركوك و لقەكانی:**

١- كتێبخانەی گشتیی داقووق
٢- كتێبخانەی گشتیی عەلی سەرا
٣- كتێبخانەی گشتیی دوزخورماتوو
٤- كتێبخانەی گشتیی پردێ

* لەگەڵ كتێبخانەی گشتیی شەرەفخانی بەدلیسی لەهەولێر.

## بەرەو گەشەكردنی زیاتری كتێبخانەكان

لەئێستادا وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان، وێڕای پلاندانان بۆ پڕ كەرەستەكردنەوەی سەرجەم كتێبخانەكانو پڕ سەرچاوەكردنیان، بەبابەتەكانی زانیاریی هەمەجۆر، بەراوێژو هاوكاریی بەڕێوەبەرێتیی كتێبخانە گشتییەكانی پارێزگاكان، لەبەرنامەی دووكاری یەكجار پێویستدان كەدەبنە مایەی پێشخستنی زیاتری كتێبخانەكان، ئەوانیش:

أ- دامەزراندنی دەرچووانی بەشی زانیارییەكانو كتێبخانە لەهەردوو پەیمانگای تەكنیكی هەولێرو سلێمانی.

ب - كردنەوەی خولی تایبەت بەزانستو بابەتەكانی كتێبخانە لەلایەن پسپۆرانو شارەزایانەوە.

# چاپکراوەکانی نووسەر

١- شۆڕشی مردووەکان، شانۆنامەی وەرگێڕراو:
چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠.
چاپی دووەم بەناوی (مردووەکان بنێژن)، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢- پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوکاریی چوار نووسەر، بەغدا، ١٩٨٠.
٣- کۆچ بۆ دارستان، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:
چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٨.
چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٤- قەفەزی زێڕین، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:
چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٤.
چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بەهاوکاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٨٨.
٦- کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.
٧- دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.
٨- مەرگی وەنەوشە، چیرۆکە هەواڵ:
چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠
چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢
چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٠
٩- لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٠- کە ئاگر دەریای خامۆشکرد، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، ٢٠٠١.

١١- چەند بابەتێکی شانۆیی، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٢- ئەکتەرە کوردەکان، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٣- دوای بیست ساڵ، چوار شانۆنامەی ئامادەکراو وەرگێڕراو، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٤- بیبلیۆگرافیای ٢٤ ژمارەی گۆڤاری سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٥- چاوەکانی تابان، چیرۆکی رۆژنامەنووسیی:
چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٦- چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٧- شانۆی کوردی، ئەرشیف و تێکست.. نمایش و بینەر، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٨- چەند باسێکی شانۆیی، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٩- فەرهەنگی شانۆ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٠- لەئێوارەیەکدا، پێنج شانۆنامەی پەك پەردەیی وەرگێڕراو، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢١- بەرەو ئەستێرەیەکی تر، شانۆنامەی بەکوردی کراو، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٢- هونەری دراما، سلێمانی ٢٠٠٩.
٢٣- ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢٤- گەورەبوونی رۆح، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢٥- ئیتیکی کاری راگەیاندن و حەتمیەتی تەکنولوجیا، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٠.

**سەرنج:**
ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدان، پێشتر لەچەند ژمارەیەکی گۆڤاری (دژنبشت) و بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)دا کەوتوونە بەرچاو.

# ياسين قادر بەرزنجی



* ساڵی ١٩٥٦ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە.

* لەساڵی (١٩٧٢)ەوە وەکو ئەکتەرو نووسەر بەشداریی بزووتنەوەی شانۆی کوردی کردووە.

* لەساڵی (١٩٧٤)ەوە بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە.

* ساڵی ١٩٧٧ قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە.

* ساڵی ١٩٨٠ لەکتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی دامەزراوە.

* ساڵی ١٩٨٢ گوێزراوەتەوە بۆ کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو تا ئێستا بەردەوامە لە خزمەتی.

* ساڵی ٢٠٠٨ بەشی ڕاگەیاندنی لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە.

* سەرنووسەری بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)ی کتێبخانەی گشتیی سلێمانییە.

* ڕاوێژکاری گۆڤاری (شانۆ)ی تیپی شانۆی سالارە.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هەندێك زانیاریی گرنگ سەبارەت بەكارهێنانی كتێبخانە | ٧ |
| كتێبخانە نوێیەكان | ١٧ |
| بەبازاڕكردنی خزمەتگوزاریی كتێبخانە گشتییەكان | ٢٥ |
| دەروازەیەك بۆ زانستی كتێبخانەكان | ٤٧ |
| كتێبخانەی ئەلیكترۆنی | ٦١ |
| ئاوڕدانەوەیەك لە پڕۆسەی خوێندنەوە و ئامانجەكانی | ٦٥ |
| پەیام و ئامانجی كتێبخانە گشتییەكان | ٨١ |
| بیبلیۆگرافیا | ٩٥ |
| گۆركی.. واقیع و خواستی مرۆیی | ١١٥ |
| ململانێی نێوان كاغەزین و ئەلیكترۆنی | ١٢٣ |
| كتێبخانەی كوردی لە ستۆكهۆڵم | ١٣٣ |
| كتێبخانە گشتییەكانی كوردستان لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا | ١٤٣ |
| چاپكراوەكانی نووسەر | ١٥١ |